# پرشەدارێکی زمانەوانی (١)

## (ڕێنوس)

# پرشەدارێکی زمانەوانی (١)

**Piršadārēkī Zimānawānī（١）**

سابیر ژاکاو

| | | |
|---|---|---|
| **شماره کتابشناسی ملی** | : | ۴۳۹۸۰۴۶ |
| **عنوان و نام پدیدآور** | : | پرشەدارێکی زمانەوانی۲<br>سابیر ژاکاو |
| **مشخصات نشر** | : | بوکان : زانکو، ۱۳۹۶. |
| **یادداشت** | : | کوردی. |
| **موضوع** | : | کوردی - دستور زبان تطبیقی – آرامی |
| **موضوع** | : | Kurdish language -- Grammar, comparative – Arami |
| **رده بندی دیویی** | : | ۹ک فا ٤ |
| **رده بندی کنگره** | : | PIR۳۲۵۶ /آ۲۲ح۵ ۱۳۹۵ |
| **سرشناسه** | : | تیموربیگی، سابیر، ۱۳۷۱ - |
| **وضعیت فهرست نویسی** | : | فیپا |

انتشارات زانکۆ
۰۹۱۴۳۸۲۲۱۳۹

## پرشەدارێکی زمانەوانی (۱)

| | | |
|---|---|---|
| **نوسەر** | : | سابیر ژاکاو |
| **پەڕبەندی** | : | محەمەدئەمین شاسەنەم |
| **ڕوبەرگ** | : | ژینا حەسەنزادە |
| **چاپ** | : | یەکەم، ۱۳۹۹ |
| **بڵاوکەرەوە** | : | زانکۆ، بوکان ۱۳۹۹ |
| **هەژمار** | : | ۱۰۰۰ دانە |
| **نرخ** | : | ۳۰۰۰۰ تمەن |
| | | |

**سرنج**: بۆ دابینکردنی ئەم پەرتوکە وهەروەها گۆڤارو پەرتوکەکانی دیکەمان:
**kurdibook.ir - ۰۹۱٤۱۸۰٥٤۹٥**

تەواوی مافی بڵاوکردنەوە و چاپی ئەم کتێبە، بۆ نوسەر پارێزراوە

## نێوەڕۆک:

چەند وتە لەبوارەی ئەم پەرتوکە ........................................................ 11
قسەیەک لەگەڵ خوێنەر ........................................................ 15
ـ مێژوی کورد و زوانەکەی ........................................................ 21
ـ دیالێکتەکانی زوانی کوردی لەڕوی جوغرافیەوە ........................................................ 27
ڕێنوس ........................................................ 33
**وانەی (١) ........................................................ 35**
دەستپێکی سەرەتایی، ناساندنی پیت (حرف)،(letter) ........................................................ 35
ـ بەراوەردێکی زوانی کوردی لەگەڵ زوانەدراوسێ و چالاکانی دەوروبەری. ........................................................ 35
ـ ئەلفبێ عەرەبی ........................................................ 35
ـ ئەلفبێ فارسی: ........................................................ 36
ـ ئەلفبێ ئینگلیزی: ........................................................ 36
ـ ئەلفبێ کوردی: ........................................................ 36
ـ ئەلفبێ هەورامی: ........................................................ 37
ـ ئەلفبێ کەڵهوڕی، لەکی، لوڕی: ........................................................ 38
ـ ئەلفبێ کورمانجی: ........................................................ 39
ـ ئەلفبێ سۆرانی: ........................................................ 40
ـ ئەلفبێ زوانی کوردی: ........................................................ 40
ـ جیاوازی زوانی کوردی لەگەڵ عەرەبی و فارسی: ........................................................ 40
دەنگەبزوێنەکان لەنێو زوانی کوردی: ........................................................ 41
٢- پیتەنەبزوێنەکان (همخوانها) ٣٢ پیتن: ........................................................ 41
ئەلفبێ کوردی و ئەلفبێ جیهانی: ........................................................ 42
ـ تایبەتمەندی دەنگەبزوێنەکان لە زوانی کوردی لەڕوی دەنگناسیەوە: ........................................................ 45
ـ تایبەتمەندی دەنگەنەبزوێنەکان لەڕوی دەنگناسیەوە: ........................................................ 46
شێوەی جیاکردنەوەی پیتەکانی زوانی کوردی لەڕوی نیگاریەوە: ........................................................ 49
ـ پیتەخاڵدارەکان: ........................................................ 50

ـ دەنگ و فۆنیمی ڕێنوسی ڕاستچین بەپێی دەربڕین و درکاندن، بە ٥ جۆر دابەش دەکرێن: ........ 50
ـ دەنگ ((sound(آوا): ........ 51
ـ فۆن (phon): ........ 51
ـ وشه (Word)،(كلمة): ........ 52
ـ تەکواژ، مۆرفیم (morphem): ........ 52
ـ دەستەوشە یان گرێ، فریز (phrase): ........ 52
ـ ڕستە (sentence)،(جملة): ........ 52
ـ بڕگە، کەرتە (Syllable)،(هجا): ........ 52
**وانەی (٢) ........ 53**
پیتی ( ئـ، ا )، (Ee, Aa) ........ 53
ڕاهێنان ........ 59
**وانەی (٣) ........ 61**
پیتی (ب)، (Bb) ........ 61
ـ پیتی (پ)، (Pp) ........ 63
ـ پیتی (ت)، (Tt) ........ 65
ڕاهێنان ........ 68
**وانەی (٤) ........ 69**
ـ پیتی (خ)، (Xx) ........ 69
ـ پیتی (ج)، (Cc) ........ 71
ـ پیتی (چ)،(Çç) ........ 72
ـ پیتی (ح)،(Ĥĥ) ........ 74
ڕاهێنان ........ 77
**وانەی (٥) ........ 79**
ـ پیتی کورتەبزوێنی و ڤاوڵ (و)، (Uu). ........ 83
ڕاهێنان ........ 92
**وانەی (٦) ........ 93**
ـ پیتی (د)، (Dd) ........ 93
ـ پیتی نەلکاوی (ز)،(Zz) ........ 95
ـ پیتی نەلکاوی (ژ)،(Jj) ........ 97

- پیتی لکاوی (س)،(Ss) ........................................ 99
- پیتی لکاوی (ش)،(Şş) ........................................ 101
ڕاهێنان ........................................ 103
**وانەی (٧) ........................................ 105**
- پیتی(ر)،(Rr) ........................................ 105
- پیتی (ڕ)، (Ŕŕ) ........................................ 105
- پیتی (ر)،(Rr). ........................................ 108
ڕاهێنان ........................................ 109
**وانەی (٨) ........................................ 111**
پیتی (ع)، (') ........................................ 111
- پیتی (غ)، (X'x') ........................................ 114
- پیتی (ف)،(Ff) ........................................ 116
- پیتی (ڤ)،(Vv) ........................................ 117
- پیتی (ق)، (Qq) ........................................ 119
ڕاهێنان ........................................ 121
**وانەی (٩) ........................................ 123**
- پیتی (ە، ـە)،(Ee) ........................................ 123
- (ێ)،(Êê) ........................................ 127
ڕاهێنان ........................................ 130
**وانەی (١٠) ........................................ 131**
- پیتی (ک)،(Kk) ........................................ 131
- (گ)،(Gg) ........................................ 133
ڕاهێنان ........................................ 136
**وانەی (١١) ........................................ 137**
پیتی (ڵ)،(Ĺĺ) ........................................ 137
- پیتی (ل)،(Ll) ........................................ 140
- پیتی لکاوی (م)،(Mm) ........................................ 142
- پیتی (ن)،(Nn) ........................................ 144
ڕاهێنان ........................................ 146
**وانەی (١٢) ........................................ 147**

- پیتی (ی)،(Îî) ........................................ 147
- پیتی (ی)،(Yy) ........................................ 150
- پیتی (هـ)،(Hh) ........................................ 152
ڕاهێنان ........................................ 154
**وانەی(١٣) ........................................ 155**
بزرۆکە (i) ........................................ 155
ڕاهێنان ........................................ 159
**وانەی (١٤) ........................................ 161**
بڕگەبەندی ........................................ 161
بڕگە، کەرتە (Syllable)،(هجا) ........................................ 161
جۆرەکانی بڕگە: ........................................ 161
- چوارچێوەکانی بڕگەبەندی زوانی کوردی: ........................................ 162
- ڕێسای بڕگەبەندی ........................................ 164
ڕاهێنان ........................................ 165
**وانەی (١٥) ........................................ 167**
گیرە، دولاییی ........................................ 167
**وانەی (١٦) ........................................ 169**
خاڵبەندی (Punctuation) ........................................ 169
بەشەکانی خاڵبەندی: ........................................ 169
- خاڵ (.) ........................................ 169
- جوتخاڵ، دوخاڵ. (:) ........................................ 170
- بۆر، کاما، کۆما، فاریزە (،) (ویرگول). ........................................ 170
- کۆمای خاڵدار، خاڵبۆر، کامای خاڵدار(؛) ........................................ 171
- جوتکەوان، دو کەوانەی گەورە () (پرانتز) ........................................ 172
- جوتکەوانەی بچوک («»)، (گیومە). ........................................ 173
- نیشانەی پرسیار (؟) ........................................ 174
- سەرسووڕمان (!) ........................................ 174
- *تەقەڵ، خەتی (ـ) ........................................ 174
- سێ خاڵ (...) ........................................ 175

O هێڵی لار (/)، (ممیز). ........................................................................ 175
O ئەستێرە (⋆) ................................................................................ 176
**سەرچاوەی هەردو پەرتوکەکە: .................................................................. 179**
ـ بەشی کوردی. ................................................................................. 179
ـ بەشی فارسی. ................................................................................. 181

★سپاس بۆ دڵسۆزترین کەسایەتی ژیانم، هاوژین و هەڤاڵی خۆشەویستیم، کە ساتبەسات و چرکەبەچرکە لە نوسینی ئەم پەرتوکە، بەردەوام لەگەڵم ماندویی و شەونەخونی دەکێشا و هاوڕێ و هەڤاڵی ئەم کاروانەم بوە★

**چەند وتە لەبوارەی ئەم پەرتوکە**

بەناوی زانست و بەناوی گیانداران.

لەپاش وانەکوتنەوە و کار و چالاکی زوانی، بەهۆی هاستی سۆسۆلۆجیکی کورد و هێزی زاڵی پاتۆلۆجیایی و پسکۆلۆجیکی و دەرونی تاکی کورد و کۆیلەکراو بەبەڵگە و سیستماتیکی سیستمێکی بروکراسیەت و بەڵگەپەرەستی و شوێنکەوتن و ڕێچکەپەرەستی دەرچووانی کارگەی کۆیلەسازی، زۆرم هەست بەبێسەروبەری و کەسبەکەسی زوانێکی پاراو و بەسامانی کوردیک دەکرد، کۆمەڵێک بێڕێزی و سوکایەتیم لەسەر ئەم زوانە و لەڕێگەی خزمەتی پێکراوە، بەڵام هەر نەکشامەوە، چون من گیاندارانم، تەتەڵەی هەزواننساڵەی سەربڕین و ڕاوناندن و ئاوارەبون، چون هەموکات کوتومە: زانستی زۆر، دژایەتی زۆر...

وەکو ڕۆڵەیەکی زانست، تەنیا کارێک کە لە دەستم دەهات، پڕکردنەوەی هەندێک کەلێنوقوژبنی زوانەکەم بو، کە دڵنیام باری زانستی لەڕادەبەدەر مەزن و هیچ مەزنیەک لە زانست، گەورەتر نیە. ئەمەیە کە من تەنیا کاری مەیدانی و زانستی خۆم، لەڕێگەی لۆجیکی زوان لە بەشی دیالێکتی ناوەندی و باکور ئەم دارەزوانیە بەجێهێناوە، هەڵبەت هەندێکجار باری ڕێزمانی و ئەلفبێ زوانەکانی دیکەی ئەم دارەزوانیەم بەکارهێناوە، کەچی تەنیا بۆ ناسینێکی سەرەتایی بوە. دڵنیام زۆرزۆر زانا و شارەزای دیکە هەن، کە زۆر لۆجیکانە، کاری زانستیانەی بۆ دەکەن، بەڵام من وەکو تاکێکی دەستەنیا و بێکەس لەم کاروانە، شانم وەبەر کۆڵەکە و بەرکۆڵی ئەم هەڵمەت وەناوە و بێهیچ ناوەند و دەسترۆیشتن و هیچ شوێنێک، تەنیا بەم چوارچێوە پێشکەوتویەی دەستم، ئەم پەرتوکەم نوسیوە. دیارە مەبەست لەم پەرتوکە ڕونکردنەوە و هەڵەگرتن نیە (چون لە

زانستی زمانناسی، هیچ بابەتێکمان بەناو هەڵە نیە)، نەمویستوە لەم پەرتوکە هیچ بابەتێک هەڵە بناسێنم، تەنیا بار و هاستی زانستیم خستوتەڕو و ئەمەی دیکە، لە هەستۆی فەرزانانی ئەم بەشەن.
ئەم پەرتوکە لە دو بەرگی ڕێنوس و ڕێزمانی پێکهاتوە، بەرگی یەکەم ڕێنوس و ئەلفبێە و بەرگی دوەم، کەلێنێک لە ڕێزمانە کە بەتەنیای گشتی ڕێزمانی نەگرتوتەوە و تەنیا لە بەشێکی وشەناسی کۆڵیوەتەوە. ڕەنگە هەڵەی نوسین ـ تایپی وەبەرچاو بکەوێت کە ئاساییە!

ئەم کتێبە وەکی لە ناوەکەیڕا دیارە، کتێبەکی زمانناسیە، کاتێک باس لەمە دەکرێت: ڕێنوس و ڕێزمانی کوردی، مەبەست لە زوان و دیالێکتێک نیە کە تەنیا بۆ ئەم بەشەوە بێت، لە زۆرینەی کتێبەڕێزمانی و ڕێنوسەکان، ئەمە دێتەبەرچاو کە (ڕێزمانی کوردی، زمانەوانی کوردی، ڕێنوسی کوردی!) کەچی گشتیان سەر بەدیالێکت و زوانێکی تایبەت و بەزۆر سەر بە دیالێکتەکان ناوەندی و بەشی سلێمانی و موکرین، نەک کوردیک! ئێمە کاتێک باس لە زوانی کوردیک دەکەین، باس لە پانتایی و بەربڵاوی زوانێک دەکەین کە بەبەربڵاوی دیالێکت و زوانانێکی زۆر بڵاو بوتەوە و منیش لەم کتێبە، هەم فۆنەکانی زوانی کوردیم بەگشت زوانەکان و ئەلفبێ زوانەکان خستوتە بەرچاو و هەندێکیش لە هامرازەڕێزمانیانی گشت زوانەکانم هێناوەتە بەرباس، بەگشتی ئەم پەرتوکە لەسەر دیالێکیتی باکور و ناوەندی نوسراوە و لەوانیش بەشی یەکەم بۆ کورمانجی و کورمانجی نێوەڕاستە و بەشی دوەم هەر بۆ کورمانجی نێوەڕاستە، بەڕەچاوگرتنی زوانەکانی دیکە.
لە پایزی ساڵی ٢٧١٨ لەسەر بابەتی ڕێنوسی ئارامی و لاتین، لە فەیسبوک باسێکمان هەبو، خاتونێک لە چەمکی ڕاستچین و چەپچین کەڵکی وەردەگرت و پرسیاری کرد کە ڕێنوسی ئارامی و لاتینی کوردی چۆناوچۆن هاتون و دواتر لە ڕونکردنەوەکەی خۆی لە چەمکی (ڕاستچین) و (چەپچین) کەڵکی وەرگرت و هەرچەند هیچ ڕونکردنەوەی ئەوتۆی و پتری لەسەر ئەم بابەتە نەدا و ئەمەی ڕاستی بێت گرنگی منی بۆلای خۆی ڕاکێشا و منیش ماوەیەکی زۆر بەدوای دو چەمکی تایبەت لەبری دو چەمکەی "ئارامی" و "لاتینەوە" بوم، دواتر دەرکەوت کە ئەم چەمکە لەلایان کاک (بێهروز چەمەنارا)، پێشنیارکراوە، منیش هەر لێرەوە دەستخۆشیان لێدەکەم.
لەم پەرتوکە بۆ ڕێنوسی کوردی بەشی نێوەڕاست و باشور و باکور بەجودا لە هاستی کورمانجی یا هەمان (ئارامی) و (لاتین) منیش پێمجوانە لە چەمکی ڕاستچین و چەپچین کەڵک وەربگرین، هەروەتر لە بەشی پێشەکی هەر چوار زوانەسەرەکیەکەی زوانی کوردیک، بەکەڵکوەرگرتن لە ئەلفبێەکەی خستومەتەڕو و دواتر بەشێوەی گشتی کارم لەسەر زوانی کوردیک بەشی باکور و ناوەندی ئەم زوانە کردوە. تیشکخستنە سەر ئەلفبێ زوانەکانی

کوردیک، تەنیا ناسینێکی سەرەتایی ئەم زوانانە بوە. لەم پەرتوکە تەنیا زوانی باکور و ناوەندی کە بەشی کورمانجی و سلێمانی و جافی و ئەردەلانی و گرمیانی و موکری و باڵەکایەتی...، بوە، خستوتەڕو. هەرچەند زوانەکانی دیکەم بێبەری نەکردون، کەچی مەبەستی سەرەکی ئەم کتێبە دەوڵەمەندی زوانی کوردیکە و فێرکاری زوان و بنزوانی ئەم زوانەیە. لە بەشی فێرکاری زوانی باکور و ناوەندی، تەنیا لە فۆنەتیکی ڕێنوسی چەپچین کە بەزۆر کورمانجان پەی دەنوسن، بۆیە لە بەشی فێرکاری کورمانجی پشتم بەفۆنەتیکی موکریان و سلێمانی و بەگشتی بازنەی سازکراوی "سۆرانی"، بەڕێنوسی چەپچین بەستوە. هەروەتر گشت زوانەکانی دیکە، مەگەر لە چەند واجی تایبەت بەزوانەکەی خۆیان. ئەگینا گشت واج و فۆنەکان هاوبەشن و بۆیە نەمویستوە زۆر شلۆغ و شپڕێو بێت و لە دەرفەتی خۆی، ئاماژەم بەجیاوازی فۆنەکان کردوە.

_ لەبری پیتی (ع) لە ئاپستڕۆف (') و بۆ پیتی (غ) بەشێوەی ئاپستڕۆف لەسەر پیتی ('X'x) بۆ بەشی چەپچین کە بۆی دانەندرابو، زۆرمکردوە. دیسانیش دەڵێمەوە، ئامانجی من پیت داڕشتن نیە، بەڵام ئەم پیتانە هاستی فۆنەتیکی و فۆنۆلۆجیان هەیە و دەبێت پیتی تایبەتی خۆیان هەبێت. من بۆ بەشی زوانەکانی دیکە و هەمبەری پیتی چەپچینی کوردیان، بەهۆی نەبونی پیتی تایبەت لەنێو تەختەکلیلەکەم و دەستنیشانەکردنی پیتێکی ستاندارد بۆ ئەم فۆنانە، تەنیا بەشێوەی کاتی پیتم بۆ داناون!

_ لەنێو زوانانی جیهان، چەند جۆر لە نوسین وەکو پەیڕەوبەندی نوسین جودا دەکرێتەوە، کە بریتین لە نوسینی وێنەیی-پیکتۆگرافی (Pictography) و نوسینی بڕگەیی (Syllabic system) و نوسینی ئەلفبێیی (Alphabetic system) هەیە کە بەزۆر سیستمی نوسینی و ڕێنوسی زوانی کوردیک لە جۆری سێیەمە، واتا جۆری نوسینی ئەلفبێیە، بۆیە منیش ئەلفبێ زوانەکەم بۆ گرنگ بوە، نەک زوانێکی جێۆپۆلیتیکی!

هەروەتر، وەکی باسمکرد، بەهۆی کۆیلەکردنی تاکی جیهانی، کۆیلەکراوی بەڵگە و ڕێفرێنس، تەنیا گەمژەیەک و کۆیلەیەک کە کتێبێکی نوسیبێت، هیتر گرنگ نیە ئەم کتێبە زانستیە یا نە، تەواوە. تۆ وەکو ڕێفرێنس بەکاری بهێنە، بەسیانە! (بێڕێزی بە نوسەران و ئوستادانی ئەم بەشە نەبێت کە لە بەشی سەرچاوە وەکو ناو و سەرچاوە بەکارم هێناون).

_ بەشی سەرچاوە و ڕێفرێنسەکانی ئەم پەرتوکە، کە بەزۆر کاری مەیدانی و ئامێتەی فەلسەفەیی لەلایان خۆمەوە بوە، بەڵام وەکو سەرچاوە، هەندێک سەرچاوەی زانستی زوانیم بەکارهێناوە کە سەرچاوەی هەردو بەرگەکەم لە هەردو بەرگە وەکو یەک نوسیوە، واتە هەم بەرگی یەک و هەردو یەک کتێب و یەک مەبەستن، بەڵام لە دو بەرگەوە نوسراوە.

ـ لە چاپی سێیەمی کتێبەکە، بەهۆی چالاکی و کارایی زۆرترم لەسەر زوانەئاریەکان و PII، هەندێک بابەتم زۆر و هەندێک بابەتم لەچاو بەرگی یەکەم و دوەم، فرێ داوە.
ـ پرشەدارێکی زمانەوانی پێشکەش بەگیانی بێگەرد و مەزنی گشت گیاندارانە کە بەبێتاوان و بێهیچ هۆکارێک بەناو سەرەوەی گشت گیاندارانی؛ مرۆڤ، سەدان ساڵە و هەزاران ساڵە، سەربڕاون و کۆمەڵکوژی، زگ و جوانکاری و حۆریپەرەستی کراون.

سابیر ژاکاو

ڕەشەمەی ٢٧١٨.

**قسەیەک لەگەڵ خوێنەر**

هەر گەل و نەتەوەیەک لەسەر بنەما و بنجینەی خۆی، بەردەوام و ڕاوەستاوە. ئەم ڕاوەستان و ڕێژەیەش، پڕاوپڕ لە مێژوی ئەم گەلەوە هەرمان، هاوشێوەی لۆگۆ و ناسنامەیەک بۆ تاکەکانی پێکهێنەری ئەم گەلە، وەکو بنجینە و ڕەچەڵەکی هەر دارێک لەڕوی جینۆمیک و خرۆکەیەوە و ئەمەش هیچکات نکۆڵی لێناکرێت. مرۆڤ لە مێژینە و دیرۆکەوە، هەردەم یەکتری دڕیوە و تاڵانکردوە و شوێنەوار و ئاسەواری یەکتری تێکداوە. بەم هۆیەوە زۆرێک لە گەلی ئەم جیهانە، سەداسەد ناتوانن بەشێوەی داواکردن و باسکردن داکۆکی لە ماف و کیانی خۆیان بکەن. مێژو بەتوندی وەکو کێوێکی پتەو لە جەرگ و هەناوی داروبەردی هەر ناوچەیەک، بەشێوەی جێنێتیک و DNA دەمێنێتەوە، بۆیە بەڕەواڵەت دەکرێت گەلێک بسڕینەوە، بەڵام بەنێوەڕۆک و ناو و مێژو، هیچکات.

زوان وەکو تەزو و گرێدانێکی کۆمەڵگەیی لە گشت جیهان، هەرمان بوتە هۆی گەشەستاندنی پێوەندی و پەیوەندیەکانی نێوان مرۆڤان، بەتێکڕایی مێژویەکی دیمۆگرافی و جوگرافیایی، هەیکەل و مەرزی هەر گەلێک، بیر و هزری تاکەکانی ئەم گەلەیە. مەرزەکان تێلدڕویەکی خەیاڵاوی و سازکراوی مێشک و هزری مرۆڤانن. باڵندەکان هیچ مەرزێک ناناسن بۆ نەپەڕینەوە. ئەمە مرۆڤە کە هەمو پاوانێک بۆ دڕین و لەنێوبردنی یەکتر دادەمەزرێنێت، نەک لەنێوبردنێکی ڕەواڵەت و فیزیکی، بەڵکو بەشێوەی لەنێوبردنی تیۆریکی و دەرونی و نێوەڕۆکی پڕاوپڕی ئەم کەس و گەلە، مێژوش لەم ڕەوتە بێبەری و بێبەش نەبوە.

مرۆڤ وەکو هاستێکی گەشەستاندوی مێشک، خۆی بەوێنەی خاوەنزمان و زوان سەرتر لە گیاندارانی دیکەوە دادەنێت و دەبینێت، کەچی زمانەکەی هەیە، هەمو گیاندارێک زمانی هەیە وەکو ئەندامێکی ئاناتۆمی! بەڵام زوان لە ڕوانگەی مرۆڤ، تەنیا بەمرۆڤ گرێدراوە! واتا مرۆڤ بەهۆی مکانیزمی ناسروشتی پێکهاتەکانی فۆنسازی، دەنگسازی خۆی لە گیانداران جودا دەکاتەوە! مرۆڤ بەکەڵکوەرگرتن لە: (ژێیەکان، سیەکان، ددانەکان، لێوەکان، ڕەقەمەڵاشو، پوک، زمانبچکۆڵە، نەرمەمەڵاشو، نوکی زمان، نێوەڕاستی زمان، پشتەوەی زمان، گەرو، ئەوک، قوڕگ، لەهات، بۆشایی لوت)، توانایی سازکردنی دەنگانێکی هەیە کە بەفۆن و واج ناسراون. واتە هەمو دەنگێک وەبەر پرشەداری فۆن ناکەون، چون کۆمەڵەدەنگێک هەنە کە سروشتی و ناسروشتی ساز دەکرێن، بەڵام تەنیا فۆن و واجە کە مرۆڤ سازی دەکات و لەڕێگەی ئەم فۆنانە زوانەکەی

خۆی دادەمەزرێنێت. گیاندارانی دیکە بەزوانی خۆیان خۆیان دەدوێن، بێگومان داتا و فرێکانس و پێکهاتەدەنگیەکانی ئەوان بەشێوەی جوداجودا، ئەرکی گەیاندنی مەبەستی یەکتر دەگەیەنن، هاوشێوەی فۆنسازی مرۆڤ.

مرۆڤ هەردەم لە شێوەزوانێک کەڵکی وەرگرتوە. مرۆڤی کۆن، بەشێوەی هەڵکەندن و هێمای سەر دیوار و ئەشکەوت و بەردان، لەگەڵ بەرەی دوای خۆی قسەی کردوە. هیرۆگلیفی ۳۵۰۰ ساڵ پ.ز لەڕێگەی سومێری و مسیری و عیلامیەن، کەڵکی لێوەرگیراوە کە بەشێوەی هەڵکەندنی نیگار و وێنەی گیاندار و کەرەستە و پێکهاتەسروشتیانی دەوروبەری خۆی، زوانێکی بۆ بەجێهێشتون. واتە زوانی نیگاری و هێمایی. ئەمەی کە هێستاش مرۆڤی پێشکەوتو و مۆدێرن، بەناو ئینفۆگرافیک یا وێنەی ئاگاداری و ئاگادارکردنەوە و گەیاندنی مەبەست، لەڕێگەی وێنەیەک لە ڕێگەوبان و شار و وڵات و تۆڕەکۆمەڵایەتی و ئینتەرنێت و زانستگەکان...، بەکاریان دەهێنێت؛ گەشەکردراوی ۵۲۰۰ ساڵ لەمەپێشی ئەم گەلانەیە کە وا خەریکە مرۆڤی مۆدێرن ڕێک بۆ گەیاندنی مەبەستێکی پراگمەتیکی و سیمەنتیکیەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەم جۆرەزوانە.

هەروەتر سومێریەن یەکەم پێشەنگ بون کە لەڕێگەی قورشم و هێماسازی قوڕ، بۆ فۆنیان ئەلفبێ و پیتیان ساز کرد و عیلامیەنیش وەکو نەتەوەیەکی گرنگ و هەنگاوێکی پتەو، پیتەکانی لەیەک جودا کردەوە و پیتی بۆ سازکردن و بەرەبەرە وەکو خەتی بیزماری، توانیان خزمەتێکی هەرمان بەگەشەی زوانی پەیوەندی مرۆڤایەتی بدەن و بکەن.

مرۆڤ چەندجۆرە زوان بەکار دەهێنێت، وەکو: (زوانی جەستەیی، زوانی وێنەیی، زوانی کرداری، زوانی خوێندنەوەیی، زوانی سروشتی، زوانی ناسروشتی)، بەبەکارهێنانی ئەم کەرەستەیە، توانیوێتی مەرزانی بەستراوەیی خۆی بڕوخێنێت و دەرگەکانی پەیوەندی جیهانی تەسک بکاتەوە و بیکاتەوە. بەم ڕەوتە توانیوێتی گەشەیەکی تەکنۆلۆجیایی هەبێت و لەڕێگەی توێژینەوە و داهێنانی خۆی، مەرزەکانی بەرد و ساروجی و تێلدڕوی خۆی بقرتێنێت و بڕوخێنێت. زوان ئەم ئەرکەی گرتوتە ئەستۆ. مرۆڤ لەپاش لەدایکبونی، توانایی بیستن و فامکردنی دەبێت و هەروەتر توانایی زوانکردنەوەی هەیە و دەتوانێت دەنگسازی سەرەتایی ساز بکات. تاکو هێستاش هیچ بەڵگەیەکی زانستی نەیسەلماندوە، منداڵ جگە لە زوانی سەرەکی خۆی، هەمان زوانی دایک، فێری هیچ زوانێکی دیکە نەبێت یان ئەمەی کە زوانی سەرەکی خۆی خێراتر و باشتر فێر دەبێت و بەڵکو بەپێچەوانەوە، توانایی فێربونی چەند زوانی چالاکی دیکەشی هەیە. کەواتە ئەمە هێڵێکی خەیاڵاوی و تێلدڕویانەیە لە مێشکی مرۆڤ، قەتارەی بەستوە و مرۆڤانی کۆیلەی زنجیرەکانزایەک کردوە و یەکتر دەدڕن بەناوی پاراستنی زوان و گەل ـ

نەتەوە و مێژو و چاند، کەچی گۆڕینی شوێنی دایک و باوکی ئەم مرۆڤە، گۆڕینی جوگرافیا و زوان و گەل و چاند و ڕێبازگەئاینەکەیەتی. هەربۆیە ئێمە وەکو بابەتێکی پڕەنسیب و دوزەنێکی زانستی و لۆجیکی هەڵسوکەوت لەگەڵ زوان، ئەم کەرەستە هالۆز و فەلسەفی ە ئەم سیستمە قوڵ و بڵاو و پەیوەندیەجیهانیە دەکەین.

هەر کەس کە هەرچەندە زوانێک بزانێت و شارەزایی هەبێت، ئەمە جگە لە خۆی سەرەکی، چەند کەسی ناسەرەکیشە، واتە ٨ زوان بزانێت، بەڕەواڵەت یەک کەسە، بەڵام لەڕاستی ٨ کەسە. چون دەتوانێت لە ٨ وڵات بێکێشە و گرفت بمێنێتەوە و پەیوەندی کۆمەڵایەتی هەبێت. بەڵام کۆڵەکە و هەستونی ئەم زوانانە، زوانی یەکەمێتی ـ زوان سەرەکی و یەکەمە، زوانێک کە لەگەڵ دایک و باوکی پەیدواوە و گەورە بوە. مرۆڤ بۆ پتە و پاراوکردنی زنجیرەخشتەی زوانەکەی، دەبێت پایە و بنجینەی دیوارەکەی بەهێز و پتەو بکات، ئەم پتەوکردنەش بێگومان زوانەکەیەتی. چون هەرچەند زوانێک بزانێت، دەبێت لە دواڕۆژ و لە کۆتایی، زوانی سەرەکیەکەی خۆی فێر بێت، چون ئەم زوانانەی ئەو دەیانزانێت، (دایک و باوک، خزم و کەسەکەی نایزانن)، چون تەواو ئەرکی زوان، سازکردنی پردێکی پەیوەندیە، پردی پەیوەندیش لەگەڵ دایک و باوک، زوانی یەکەم و سەرەکیە.

زوانی یەکەم-سەرەکی، وەکو زۆرینەی زوانانی دنیا، ڕێسا و شێوەی تایبەتی خۆی هەیە؛ (زمانەوانی، زمانەوانی مێژویی، زمانەوانی تیۆریکی، فۆنەتیک، فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی، سینتەکس، پڕاگمەتیک، ئۆرتۆگرافی، گرامر).

ئەمەی ئاشکرایە، ڕێنوس بابەت و تەوەرێکی گرێبەستیە و هەردەم خەریکی گۆڕانکاری و لە گۆڕانە و باباەتێکی قەراردادیە. بەڵام ئەمەش دەبێت بزانین و نابێت لەبیری بکەین، کە ئەم گۆڕانکاریە، پڕاوپڕ و سەداسەد نیە کە لەسەر بنەما و بنەڕەتی زوانی نوسینی هەر گەل و نەتەوەیەک کاریگەری سەداسەدی هەبێت، تاکو تاروپۆ و کاکڵ و نێوەڕۆکی هەرهەموی بقرتێنێت و ویشکی بکات و بیفەوتێنێت. ڕەنگە بەچەندساڵ جارێک، گۆڕانکاری بێتە سەر ئۆرتۆگرافی یان ڕێنوسی هەر زوانێک، لەسەر هاستێکی بنەڕەتی و سەرەتایی ئەم زوانە، واتە ڕێنوس سەلمێنەری زانستی نوسین و قەتارەبەستنی فۆنەکانی ئەم زوانە بەشێوەی نوسینی پیتەکانی ئەم زوانەیە بەفۆرم و شێوە و مێتۆدێکی گرێبەستی لەنێوان، بێژەر و سازێنەرانی ئەم زوانە بەشێوەیەکی نوسینە کە دەیسەلمێنێت هەر کەس خواست و داواکاری و کوتار و مەبەست و هەستی خۆی، بەم زوانە، بۆ هاوزوانان و خوێندەوارانی ئەم ڕێنوسە بنوسێت و بگەیەنێت.

زوانی کوردیک خاوەن ڕێزمان و ڕێسای نوسینی تایبەتی بەخۆیەتی کە هەردەم لە سەردەم و

دەورەکانی مێژو ڕوبەڕوی گۆڕانکاری و ئاسمیلاسیۆن زوانی، تێکدان، هێرش و پەلامار بوە، بەڵام نەک سەداسەد و پڕاوپڕ، بەڵکو هاوشێوەی زۆرینەی زوانانی جیهان، توشی گۆڕان و لێکچوون بوە.

زوانی کوردیک لە گۆڕان و جێگۆڕکیدایە، چ بمانهەوێت و چ نەمانهەوێت، ئەمە ڕاستیە و دەبێت لەگەڵ زوانەکانی دیکەی جیهان کە لە باری زانستی و لۆجیکیەوە قسەیان بۆ کوتن هەیە و پڕن، هاوتەریبی بکەین و بیهێنینە سەر ڕێسا و ڕێچکەی سەرەکی خۆی و زانستێکی جیهانی.

بەداخەوە ئەمڕۆ، زوانی کوردیک بەزۆر بوە حەز و هیشتیا و پتر بوە کاتڕابواردن و بیزینێسمەندی و کاریزماسازی، بەهۆی زۆر بابەت و پێواژۆی تایبەت، پێوەر و ڕێسایەکی گشتی و یەکدەست و پاراوی نیە و بەم هۆیە، زوانی کوردیک بێخاوەن و بێکەس ماوەتەوە و تەواو بوە کەسبەکەس و حەز و ڕای تاکی، بەشێوەیەک کە لە پێنج پەرتوکی وێژەیی کوردیک، پێنج جۆرە ڕێنوس و ڕێزمانی جیاواز دەبیندرێت! کەواتە دەبێت بەشێوەیەکی زانستی و لۆجیکی کاری بۆ بکردرێت بۆ ئەم مەبەستەش، لەم پەرتوکە، تا ئەم شوێنە توانیومە و تێکۆشاوم پەرتوکێکی زانستی و لۆجیکیم لەسەر هاستی زمانەوانی و لۆجیکی زوان و خزمەتێک بەم بێسەروبەری و بێخاوەنی و گرنگتر، کەسبەکەسیەی زوانەکەمان کردبێت و ئەم کەسانەی کە کاری زوان و زمانەوانی، ئەدەبی، هونەری و ئەم کەسانەی کاری خزمەت بەزوانی کوردی دەکەن، شاعیران و نوسەرانی کورد، تەواو و ڕێک لە ڕێنوسێکی ڕێکوپێک کەڵک وەربگرین، هەرچەند پەیویست بەشوێنێکی ئەکەدیمیکی و مەکۆیەکی شارەزایانە دەکات، تاکو بڕیارێکی گشتی و یەکدەست بدرێت، بەم هیوایەم!

لەم پەرتوکە بەکەڵکوەرگرتن لە پێوەر و ڕێساکانی زمانناسی و هاستی فۆنۆلۆجی و فۆنەتیکی و مۆرفۆلۆجی و لێکسیکی زوانی کوردیک و هەروەتر ناوچەیی کوردستان لە بەشی ڕێنوسی کوردیک، کەڵکم لە ڕێسای فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی کوردیک وەرگرتوە، چون زوانی کوردیک، زوانێکی فۆنەتـیکی و سروشتیە و خاوەن چەند بازنەی زوانی سەرەکی و ژینگەیی و چالاک و بەهێزی فۆنەتیکی و ڕێزمانین، کە پەیویستە کاری مەیدانی و لۆجیکیان بۆ بکردرێت.

زوان تەزویەکی نەپساوە لەنێوان بیرکردنەوە و کردەوەیە، پردێکە بۆ پەڕینەوە و پەیوەندی ئاشتیخواز و گیاندارانە لەنێوان گشت گیانداران.

ـ وەکی دەزانین ڕێنوسی کوردیک، خاوەن دوجۆرە ڕێنوسە؛ کە یەکیان بەشێوەی فۆنتی لاتین کە لە چەپەوە دەنوسرێت و ئەوی دیکەشیان بەشێوەی فۆنتی ڕاستچینە، هاوشێوەی پیتانی ئەم پەرتوکە کە بە"ئارامی" ناسراون.

هەبونی دوشێوە ڕێنوس بۆ یەک زوان هیچ خزمەتێک بەگەشەی ئەم زوانە ناکات و بگرە وەدواشی دەخات، کە ئەمە باسێکی لۆجیکی زوانە و دەبێت بڕیارێکی گشتی کۆ بکرێتەوە کە کام ئەلفبێ توانایی ئەمەی هەیە کە کورد بیکاتە ڕێنوسێکی پێوەر. کەچی هیتر کورد بەم دو ڕێنوسە ڕاهاتوە و ناتوانین دەیان میلۆن کورد کە بەم دو ڕێنوسە کۆمەڵێک سەرچاوە و پەرتوکیان تۆمار و بڵاوکردوتەوە ڕەد و ژێرپێی بخەین. هەربۆیە دەبێت بەشێوەی تایبەت و پارێزراوانە هەردو ڕێنوسەکە بەکار بهێنین، تاکو کاتی تایبەت کە بڕیارێکی گشتی و ئەکەدیمیکی و پسپۆڕانی زمانناسی بۆ دەردەکرێت. بەشێوازی زانستی و ئەکەدێمیکی بەکار بهێنین و بیانپارێزین.

زوانی کوردیک وەکو مێژوی خۆی لێڵی تێدایە و لە تاروپۆ و تەپوتۆزی مێژو، وەکو زۆرینەی زوانانی دیکە، بزر و ونە. لانیکەم بەشێوەی زانستی و لۆجیکی، چ سەرچاوە و بەڵگەیەک لەسەر مێژوی ڕێکوپێکی زوانی کوردی نیە، وەکی کوتم: مێژوی زوانی کوردیک، نەک گەل و و نیشتیمان و ڕەگەزی ئەتنی کورد!

لە پۆلبەندی ڕیزەزوانانی جیهانی و باری زانستی خۆی، زوانی کوردیک بە زوانەئێرانیەن-ئاریەن ناسراوە، کە بەهۆی هەستی ناسیۆنالیزتی و دەمارگرژی زۆر کەس، ناوهێنانی ئێران لەپاڵ زوانی کوردیک، دەکەوێتە بەرهەستی مەرزی جوگرافیایی و و جێئۆپۆلیتیکی و سیاسی لەگەڵ دەسهەڵاتداری وڵاتی ئێران و زوانەفارسیان و ترس لە بەفارسیدانانی زوانی کوردیک، ئەمە دژی ئەم ڕاستیە دەبنەوە. بەڵام زوانی کوردیک لە خێزانەزوانیەکانی هیندوئەورووپیک و لەوانیش، لکەزوانی ئێرانیانە، ئەمەش لەڕوی لۆجیکی زمانەوانیە، نە ڕەگەزی!

زوانانی جیهان بەسەر کۆمەڵەزوانێک دابەشبونە، کە پتر لە ٧ هەزوان زوان لەم جیهانە دەگرنەبەر.

سەرلقی ئەم زوانانە و داری هەرەزۆریان زوانەهیندوئەورووپیەنە، ژێرلقی ئەم دارەش بریتیە لە خێزانەزوانانی:

١: زوانەهیندوئەورووپیەن ٢: زوانەئوراڵ ـ ئاڵتیەن ٣: زوانەئافرۆئاسیەن

٤: زوانەئستنۆییەن ٥: زوانەسینۆییەن ـ تەبەتی :٦ زوانەدرۆیدەکەن

٧: زوانەتاییەن ـ کۆرەیی ـ کادایی ٨: زوانەنیجیریەن ـ کۆنگۆیەن

٩: زوانەسدیمیەن ١٠: زوانەتوپیەن ١١: زوانەسامیەن

١٢: زوانەماڵاواییەن

لەم ڕیزبەندیە، زوانی کوردیک دێتە ژێرلقی داری زوانەهیندوئەورووپیەن، زوانی

هیندوئەوروپیش دەبێتە چەند داری زوانی، وەکو:

| | | |
|---|---|---|
| ١: زوانەجەرمەنیەن | ٢: زوانەئیتالیەن | ٣: زوانەسێلتیەن |
| ٤: زوانەسلاوییەن | ٥: زوانەئەرمەنیەن | ٦: زوانەباڵتیەن |
| ٧: زوانەگرێک | ٨: زوانەئاڵبانیەن | ٩: زوانەهیندوئاریەن |

زوانی کوردیک لەم ڕیزبەندیەوە، دەکەوێتە بەشی زوانەهیندوئاریەن، زوانی هیندوئاریەنیش دەبێتە دو لکەزوان:

١: زوانەئێرانیەن ٢: زوانەهیندیەن

زوانەئێرانیەن، دەبنە دودەستە زوانەڕۆژاوایی و ڕۆژهەڵاتیەن. ئەوانیش دەبنە چەند بەش؛ زوانەکانی باکوری خۆراوا کە دەبێتە، زوانی کوردیک و زوانی کوردیکش بەسەر چەند زوان و زوانی وەکو: (کورمانج، هەورام، کەڵهوڕ، لەک، لوڕی) دابەش دەبێت و زوانەئێرانیەنیش بەلوچ، ئازەری کۆن، تات، تالێش...تاد.

زوانانی باکوری ڕۆژاوای ناوەندی، وەکو: (خانسار، نایین، خورزوق، دەری، خەزەریەن، گیلەک، مازەن، تەبەری...تاد.)

زوانانی باشوری ڕۆژاوایی، وەکو: (فارس، لوڕ، لارستان).

زوانەنوێیەکانی ڕۆژهەڵات، وەکو: (پەشتو، واخ، ئۆرمور، پەڕاچ، یەغنۆی، ئۆسێت، یدغە، ڕۆشەن...تاد).

**.مێژوی کورد وزوانەکەی**

چاوپێخشاندنێکی کورت لەسەر مێژوی کورد و مێژوی زوانەکەی. زوانی کوردیک، مێژویەکی کۆن و پاراوی هەیە و نابێت لەبیرمان بچێت کە نابێت هەستیار و بیرناسک و فناتیکانە بڕوانینە ئەم بابەتە و دەبێت چاویلکەی هەست و دەمارگیری ناسیۆنالیزتی ڕادیکاڵانە دەربێنین و ئەمەش بڵێم کە مێژوی زوانی کوردیک بەشێوەیەکی پڕاوپڕ ئاشکرا و ڕون نیە و لێڵی تێدایە کە ڕێک بڵەین ئەمە مێژوی زوانەکەیەتی و ئەم مێژویە تایبەتەی هەیە. چون بەزۆر لەژێر کاریگەری گەلانی دیکە و هەروەتر لەژێر چەوساوە و تالانکردنەوە بوە و زۆر دزی لێکراوە و شاردراوەتەوە. خاپورکراوە و خستراوەتە ژێربەنداوەکان و یا لە مۆزەخانان فرۆشتراوە، ئەمەی هەشبێت بەناوی گەلانی دیکەوە تۆمارکراون.

مێژو دەگەڕێتەوە سەر دو بەش، بەشێک پێش نوسین و بەشێکیش دوای نوسین. ئەمەی ئاشکرایە پێش نوسین، شتێکی ئەوتۆمان لەبوارەی نوسینەوە لەبەر دەستەوە نیە، چون ئەمە سومێریەن کە گەل و زوانێکی کۆنی جیهان و ئەم ناوچەیەن، دۆزیویانەتەوە و دیار نیە کە پێش ئەوان چ زوانێک هەبوە یا چ شتێک ڕویداوە. ئەمەی هەشبێت، بابەتانێکی جێنێتیکین و مێژوین، نەک زوانی و تەنانەت لەپاش خۆشیانەوە وەکو بەشەگری زوانی، وەجاغکوێرببونە. هەندێک کەس زوانی کوردیکش وەکو زۆر کەسی (ئازەری، تورک، پەشتویی، دەری، فارسی، هیندی، عەرەبی...) دەگەڕێنەوە سەر زوانی سومێری و ئەوێستا، هەرچەند وێکچوونی ئەم دو زوانە هەیە، بەڵام لەڕوی زماننا سیەوە، سەلمێنەری ئەمە نیە کە زوانی کوردیک، نەوەی سومێریەن و ئەوێستا بێت. وەکو بەشەگر، هیچ زوانێک بەشەگری سومێریەن نیە و تەنانەت لەنێوان هیچ بنچینەخێزان و لقێکیش دانەندراوە، بۆیە سەرەڕای وەیەکچوون و هاوچەشنیان لە چەند وشە لەڕوی فۆرمناسیەوە، بەڵام هێستاش ڕون و ئاشکرا نیە کە سومێری و ئەوێستا و کوردیک، یەکزوانن!

زوانی سومێری و کوردیک بەتایبەت لە ناوچەی کوردستان و ئەم بەشەی ناسراو بەنێوان دوئاوان-مێزۆپێتامیا کە وشەیەکی یۆنانیە و لە زوانی عەرەبیک بە (بين‌النهرين) ناسراوە کە کورد وەکو نیشینی دێر و کۆنی ئەم ناوچەیە، هەبوونی هەبوە و وشانێکی تایبەت هەنە کە نزدیکایەتی تایبەتی ئەم دو زوانە دەگەیەنن. بۆ وێنە (وشەی (ئور) بەواتای (شار)، کە ناسراوترینیان خودی شاری (ئورۆک) لە نزدیک ڕوباری "فیرات" لە "عێراق" دۆزراوەتەوە. ئەم شارە یەکەم شارە کە لە مێژو سازکراوە و پەیتەختی سومێریەنیش بوە. وشەی (ئور) لە ناوچەکانی کوردستان هێستاش

یا وەکو خۆیان ماونەتەوە یا بەشێوەیەکی کەم گۆڕاون. بۆ وێنە وشەی (هەولێر)، کە ناوی سەردەمی سومێریەکەی (ئوربیل، ئەربیل، هەربیل، هەولێر) بوە، وشەیەکی لێکدراو لە (ئور) و (ئیل) بەواتای شاری خودا، وشەی (ئیل) وەکو ڕەگی وشەی (ئەڵڵا) خودای ئیسلام ڕاستاوڕاست لە وشەی (ئەن لیل)ی خودای سومێریەنەوە وەرگیراوە. ناوی ئەم خودایە وەکو پاراستنێکی گرنگ لەسەر ناوچەکە ماوەتەوە و ناسراوترینیان ناوی (ئیسرائیل)ـە، بەواتای بەندەی ئیل یان هەمان خودا و ناوی چەند شار و ناوچەی دیکە، وەکو: ئورمیە، ئورفا، ئورشەلیم، ئورشەم...تاد

هەندێک ئاسەواری سەردەمی سومێریەن لە ناوچەکانی کوردستان دۆزراونەتەوە، بەتایبەت لە ناوچەی ئیلام، بەدۆزینەوەی پارچەتابلۆیەکی نوسراوەی بەردی سەردەمی سومێری، کە نزدیک بە ٥٥٠٠ ساڵ لەمەپێش دەگەڕێتەوە و نزدیک ٦ هەزار ساڵ لەمەپێش عیلامیەن لەم ناوچەیە، دەورێکی بەرچاویان هەبوە.

بەپشتبەستن بەلێڵی و تەمومژایی مێژو، ئەم نەختەخزمەتە و بەڵگەجیهانیەی کە لەبەردەستە، مێژوی زوانی کوردیک، دەگەڕێتەوە سەردەم و نزدیکایەتی لەگەڵ ئەوێستا و پارت و پەهلەویک و هیتیەن.

دۆزینەوەی مێژویەکی ڕون و تایبەتی زوانی کوردیک، پەیویستی بەلێکۆڵینەوەی ئەکەدیمیکی و لۆجیکی و مەیدانی و جوگرافیاییە، کەچی بەهۆی دڕاندن و تاڵانکردن و نوسینەوەی مێژویەکەی، بەڵگە زۆر کەمە بۆ سەلماندنی ڕاستیەکان؛ ئەویش هێستا لەم سەردەمەیە کە زۆرترین خیانەت و دزی لە هەمبەر مێژو و زوانی کوردیک کراوە، هەربۆیە ئاماژەیەکی کورت بەمێژوی زوانی کوردیک دەکەم:

ـ تا هێستا بەشێوەی لۆجیکی مێژوی زوانی کوردیک بۆ نزدیک ١٤٠٠ساڵ پ.ز دەگەڕێتەوە کە مێژوی دەستهەڵاتداری هیتیەن بوە و تا ئەمڕۆ هیچ بەڵگەیەک نەیتوانیوە ئەمە ڕەد بکاتەوە.

ـ مینۆرۆسکی و ئۆشا مێژوی کورد و زوانەکەی دەگەڕێنەوە بۆ٥ هەزار ساڵ پێش هێستا.

لێکۆڵینەوەکان دەریانخستوە، کورد لە سەردەمی بەردی نوێ بوونی هەبوە. ئاسەواری ئەم مێژویە لە ناوچەی چەمچەماڵی باشوری جوگرافیای کوردستان لە ساڵی ١٩٤٩ لە ناوچەیەک ناسراو بە (بەردەبەڵەک) دۆزراوەتەوە.

لە ساڵی ١٩٥١ لە لێکۆڵینەوەیەکی دیکە لەم ناوچەیە، بەردێک بەهێمای دڵ دۆزراوەتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ کەرەستەی دەستی ئاشولیەن و مۆستریەن، مێژوی ئەوان دەگەڕێتەوە سەردەمی بەردی کۆن و دەسپێکی بەردی نێوەڕاست.

سەردەمی بەردی نێوەڕاست، لە ساڵی ١٩٥١ ئاسەواری ئەم شارستانیەتە لە ئەشکەوتی (شانەدەر) لە ناوچەی (برادۆست) نزدیک ڕوباری زابی (زێی) گەورە، لە مەودای کەم نزدیک بە ڕواندۆز، دۆزراوەتەوە.

ئەم ئەشکەوتە چوار نهۆمی هەبوە و لە نهۆمی یەکەم ئاسەوارێکی زۆر دۆزراونەتەوە.

نهۆمی دوەم، لەم بەشە کەرەستەی سازکراوی بەرد، وەک چەقۆ، تەور، گورز دۆزراونەتەوە.

ئەم ئاسەوارە لە ئەشکەوتی (شانەدەر) لە ڕواندۆز و ئەشکەوتی (زەرزی) لە ناوچەی (سلێمانی) و ئەشکەوتی (هەزارمێرد) لە باشوری سلێمانی و ئاسەواری هاوشێوەی ئەمانەش لە ئەشکەوتی باڵی کوڕە لە خۆرهەڵاتی سلێمانی و (باداک) لە باشوری خۆراوای (ڕواندۆز) لەلایان پرۆفیسۆر (بڕاید وود) لە ساڵانی ١٩٤٥ تا ١٩٥٥ دۆزراونەتەوە و هاوشێوەی ئەم ئاسەوارە لە ئەشکەوتی (بێستون) و ئەشکەوتی (کوڕین) لە ڕۆژهەڵات و باکوری کوردستانیش دۆزراونەتەوە.

نهۆمی سێیەم: لەم بەشەی ئەشکەوتی شانەدەر، ئاسەواری بەردی چەخماقی دۆزراونەتەوە کە مێژویەکەی دەگەڕێتەوە ٣٠٠٠٠ ساڵ پێش و بە گەشەی برادۆست ناسراوە.

نهۆمی چوارەم: لەم بەشە هەندێک ئاگردان و خۆڵەمێشی هێسکی مرۆڤ دۆزراونەتەوە کە هێمای دۆزینەوەی ئاگر لەلایان مرۆڤ بوە.

کەرەستەی وەکو: تەور، ڕەندە و هامێری کونکردنی لە بەرد و هێسکی مرۆڤی (نئاندەرتاڵ) دۆزراونەتەوە، مێژوی ئەم بەشە بۆ ٧٠٠٠٠ ساڵ دەگەڕێتەوە.

لەم چەشنە ئاسەوارە لە کوردستان زۆر دۆزراونەتەوە کە مرۆڤ نێچیری پێکردوە و کشتوکاڵی دۆزیوەتەوە، تەوری دەستی لەم سەردەمەی شتێکی ئاسایی بوە.

لە کوردستان چوار شوێنی گرینگ دۆزراونەتەوە کە ڕەنگە باسی مێژوی کورد بەڕونی بکەن.

یەکەم: ئەشکەوتی شانەدەرە.

دوەم: (کەریمشار) ئەم شوێنە لە ٩ کیلومیتری ڕۆژهەڵاتی چەمچەماڵ دۆزراوەتەوە کە باسی سەردەمی کۆچی مرۆڤ پاش تێپەڕبونی ژیانی بەردی دەکات.

سێیەم: (مۆڵفات) لەنێوان کەرکوک و هەولێر، کە کەرەستەی دۆزراوەی ئەم شوێنە، باسی دەستپێکی سەردەمی کشتوکاڵی دەکات.

چوارەم: (چەرمۆ) لەم شوێنە دوازدە نهۆمی شارستانی دۆزراونەتەوە کە بۆ سەردەمی نیۆلۆتیک دەگەڕێتەوە. قاپی گڵی، پەیکەرەی گیانداران لە گڵ سازکراوە و هێسکیماڵات، کێشانەوەی وێنەی خۆیان لەسەر دار و دیوار، هەروەتر پەیکەرەی گڵی دایکێک دۆزراوەتەوە کە هێمای

خودی دایک یا ئافراندن بوە. پرۆفیسۆر براید وود دەڵێت: مێژویەکەی دەگەڕێتەوە ٨٥٠٠ ساڵ لەمەپێش.

هەروەتر ناوچەی (چەرمۆ) لە چەمچەماڵ گەورەترین و کۆنترین زەوی کشتوکاڵی جیهان کە مێژویەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٨٠٠٠ ساڵ لەمەپێش دۆزراوەتەوە.

وەکو ناوی کورد تاکو هێستا سەرچاوەیەکی زۆر کەم دەست دەکەون کە باسی ناوی کورد وشەی کورد کرابێت. ئەم ناوەی کە بۆ گەلێک بەکار دێت هاوشێوەی زۆرینەی گەلانی جیهان، ناوەکە لە خودی ئەم گەلەوە وەرگیراوە. واتا ئاخێوەرانی ئەم زوانە دامەزرێنەری ناوەکەیانن. بەڵام خۆی ناوی "کورد" واتایەکی تایبەتی نیە، هەربۆیە پەیویستە کە بزانین وشەی کورد چۆناوچۆن هەڵبژاردراوە و لەکوێڕا هاتوە. ناوی "کورد" وەکو بەشێوەیەک بۆ گەلانێکی کۆچەر و ئاژەڵدار بەکارهاتوە کە نیشتەجێی ناوچەگەلێکی جوداجودای ئەم دەڤەرانە بونە. لە ناوچەکانی هەولێر و باشوری ڕۆژهەڵات بە جوتیار و نیشتەجێیەکانی ئەم دەڤەرە، (کورمانج) و (گۆران) کوتراوە. هەرکام لەم هۆز و خێڵانەی کە کورد پێکدێنن، وەکو ناو خۆیان جودا دەژمێرن لەژێر دارێک بەناوی کورد، سۆرانان کە نیشتەجێی ناوچەی سۆرانان، خۆیان بە سۆرانی، کورمانجان خۆیان بە کورمانج، هەورامیان خۆیان بە هەورامی، لەکیان خۆیان بە لەکی، کەڵهوڕیان خۆیان بە کەڵهوڕی، لوڕیان خۆیان بە لوڕی دادەنێن، لەم بەینەش، هۆزانی بچوکتریش خۆیان بەناو هۆزانیان پێناسە دەکەن، وەکو: (شکاک، زازاکی، بادینی، زاخۆیی، کۆیی، موکری، جافی، ئەردەڵانی، مەنگوڕ، مامەسنی، سوێسنەیی، بتوێنی، پێنجوێنی، گۆرانی، شاماتی، مەحاڵ، گەورک...تاد)، کەچی لەلای گەلانی نامۆ خۆیان هەر بە "کورد" دەناسێنن.

کورد دانیشتویەکی دێرین و کۆنی ئەم ناوچەیە کە هێستا بە کوردستان ناسراوە. بەهۆی ناوچەی کوێستانی و زۆزانی نیشتەجێی ئەم گەلە، زۆر بەکەمی توشی دیاردەی ئاسیمیلاسیۆنی زوانی بوە، هەڵبەت بەشێوەی مێژو و ئەکەدێمیکی، نەک ئاخێوەری کۆڵان و شەقامی و بازاڕی.

ناوی کورد، لە مێژوە، بەشێوەگەلی جۆراوجۆر و جیاواز بەکار هێندراوە. سومێری و ئەکدیەن چەند ناویان وەکو ناوێکی نزدیکی کورد بەکار هێناوە؛ (qarda) "قاردە" یان (qurda) "قوردا" بەواتای (ئازا و بوێر). گێزنەفۆن مێژوناسی یۆنانی ناوی "کاردۆخان" بۆ گەلانی نیشتەجێی ئەم ناوچەیە بەکار دەێنێت. مەبەسەتی کوردەواری و کوردان بوە. پەهلەویان وشەی (gort)، "گۆرت" بەواتای بوێر و چاونەترس و قارەمان بەکار دێنن. وشەی (خورت) لە کورمانجی بەواتای لاو و گەنج و کەسێکی چاونەترس، دەگەڕێتەوە سەر ئەم ناوە، واتە (خورت) لێکچوونی فۆنی (گ) لە وشەی (گورت) لە لێکچوونی فۆنی (خ) لە وشەی (خورت)ـ.

هەروەتر ناوی (کێرد) بۆ کورد بەکارهاتوە، بەواتای کاردێکی گەورە، لە کۆنەوە پیاوانی کورد وەکو هێما و سەمبولێک؛ تەنانەت تاکو چەند ماوە لەمەپێش کە بەزۆر لە ناوچەی شنۆ و مەهاباد بەشێوەی ڕاستەوخۆ دەمدیت، بەشێوەیەکی بەربڵاو لەگەڵ جلوبەرگیان، بەکاریان دەهێنا. خەنجەرێک بو کە لەنێو پشتێندیان دەنا. وشە و ناوەکە بەتێکڕایی زوانانی هیندوئەورووپیک و هیندوئاریک بەشێوەی: (کارت، کەرت، کەرەتە، کەرێتۆ، کێرێن، کارچ، کارد، کێر، کەیێردن، کەیێردون) ئەمانە لە زوانەئێرانیەن بۆ وشەی (چەقۆ، چەقو) بەکار هاتون، کە کرداری بڕین و لەتکردن دەگەیێنن.

لە زوانانی دیکەی هیندوئەورووپیکک و جەرمەنی و زوانەلاتینەکان، هەمان وشە بە جیاوازی نەختە لێکچوونێکی فۆنی بەکار هاتوە. وەکو زوانانی: ئاڵمان، دانمارک، سوید، چێک؛ بەشێوەی: (کۆرد، کۆردێ، کاردێ، کارێ) کە دەگەرێنەوە سەر وشەی "کێرد" بەکار هاتون.

لە زوانانی دیکەی هاوسێش، لەڕوی نزدیکی ناویەوە لە وشەی کورد و گەلی کورد، بەشێوەی: (کۆردوس، کۆردۆی، کرد، ئەکراد، کورت، کیورد، کوردوێ، کیوردی، کوردا، کوردە، کوردس، کورتێی، کوردۆک) دەرکەوتوە.

لە کۆنەوە، گەلانی دیکەی ناوچەکە ناوی کوردیان بەشێوەی: سومێریەن (گوتی، guti)، (جودی ،judi)، (جوتی، juti)، پارسیەن (کُرتیو، kortiv)،(سیرتی، sirti)،(کُردارها، kordarha) (زوانی فارسی توانایی بێژەکردنی فۆنی کورتەبزوێنی (و) نیە و هەربۆیە لە فۆنی (ـُ) کەڵک وەردەگرێت). یۆنانی و ڕۆمیان بە: (کاردۆسو، kardosou)، (کاردۆخوی، kardoxuy)، (کاردۆویکای، kardowikay)، (کارۆدک، kardok)، (کۆردۆکی، kordoki)، (کۆردۆخی، kordoxi)، (کاردۆی، kardoy). ئەرمەنیەن بە: (کۆردوئین، koruin)، (کاردۆوی، kardowi) ،(باکاروا، bakardua)، (کارتاویە، kartawiye)، (جوردوی، iurduy)، (جودوی، juduy). ئاشوریک و ئارامیەن بە (گۆتی، goti)، (کۆتی، koti)، (کورتی، kurti)، (کاردۆ، kardo)، (کارداکا، kardaka)، (کارتۆکان، kartokan)، (کاردواک، karduak) بەناوی کورد بەکاریان هێناوە.

"کورد" وەکو ناوی دیاریخەری شوێن، ناوی کوردەواری هەڵبژاردوە. مۆرفیم و گیریکی (وار) لە کورمانجی بەواتای: (جێگە، شوێن، ناوچە، دەڤەر) بەکار دێت. واتە ناوێک بۆ ئەم کەسانەی کە نیشتەجێی ئەم دەڤەر و ناوچەیەن، بەڵام وەکو زوان و گەل، هاوشێوەی زۆرینەی زوانەهاوسێیەکانی خۆی، گیرەکی چالاکی شوێنی (ستان) کە وشەیەکی بەربڵاوی زوانەPIE و PHI و PII وەریگرتوە و هاوشێوەی وڵات و نیشتمان، هاوشێوەی وڵاتانی هاوسێی خۆی، وەکو:

(ئەرمەنستان، هیندوستان، عەرەبستان، قەزاقستان، قرقیزستان، پاكستان، تاجیكستان، ئۆزبەكستان، ئەفغانستان) ناوی (كورد) + (ستان) كە بە (كوردستان) ناسراوە و بەكاری دەهێنن.

هەندێک کەسی بەناو زماناس و مێژوناس، لەڕوی هەستی فاشیزتی و توندخوازی و بەرژەوەندی و پاوانخوازی خۆی و بەدور لە زانستی زماناسی، بەجوداكردنەوەی زوان و پێكهاتەی كورد و شێوەیەكی سیمەنتیكی بێڕێزی، كورد وەكو كێوی و دارستانی دەناسێنن، هەرچەند لە شێوەی ئینفۆگرافیكی مێژویەوە، كورد بەهۆی ناوچەی كوێستانی خۆی، كەڵكی لە وێنەی "بزنەكێوی" وەرگرتوە، ئەمەش بوتە هۆی بەهەڵە بەكارهێنانی ئەم مەبەستە و چەشنەبێڕێزی و دور لە زانست و لۆجیكی ئاركیۆلۆجیكی و لینگۆستیكیەوە ڕوانین بۆ ئەم بەشە و هەر بەپێی ئەم هزر و ڕوانگەنازانستی و نالۆجیكانە، دیالێكت و زوانەكانی كوردیک دابەش دەكەن و جودایان دەناسێنن، كە جگە لە بابەتێكی فاشیزتی هیچ زانستێكی لەپشتەوە نیە.

**.زو انانی کوردیک لەڕوی جوگر افیەوە:**

**واتە زوانی کوردیک بەشێوەی دەستەبەندی و پۆلێنبەندی زوانی و زوانی لەسەر هاستی جوگرافیایی و مەرزی خۆی، دەبێتە ۳ دەستەی سەرەکی:**

یەکێک لەم بابەتانەی هەرە گرنگی کوردیک، بەشی زوانەکەی، بازنەی زوان و بنزوانی ئەم زوانەیە. زوانی کوردیک بەهۆی بەربڵاوی جوگرافیایی و دیالێکتی، لێڵیەکی زۆری لە بەشی زوان و بنزوان و دیالێکتی وەکو دیاردەیەکی بەرچاو و بەربڵاو لێوە دەردەکەوێت. ئەمەش بوە هۆی سەرلێشێواوی و کێشەی زۆر کەس و نوسەر. پۆلێنکردن و دابەشکردنی زوانی کوردیک، هەردەم وەبەر هەستیاری و باری فناتیکی زوانی کەوتوتەوە. هەندێک هەستیاری بەناوی شێوەی دابەشکردن و هەندێک بەناوی زوان و هەر کەسە و خێڵ و دەڤەرەی، لەڕوی هەستی فناتیکی و هەستیاری خۆیەوە، دەڕوانێتە بابەتی دیالێکتەکانی زوانی کوردیک. من گرنگترین بەش کە بۆم گرنگ بوە، باری تۆبۆگرافی و جوگرافیایی زوانی کوردیک بوە. تاکو باری ئەتنی ئەم بەشە. بۆیە شەپۆلی بەربڵاو و گۆڕەپان و مەیدانی سەرەکی زوانی کوردیک، بەشی جوگرافیایی و ئاخێوەری بەربڵاوی ئەم زوانەیە کە بەسەر سێ بازنەی خوارەوە دابەش دەکرێت:

**١: باکوری ٢: ناوەندی ٣: باشوری**

**ـ یەکەم: بازنەی کورمانجی باکور، لە هەمویان بەربڵاوتر و ژمارەی ئاخێوەرانی زۆرترە.**

**زوانەژینگەیەکانی بریتین لە:**

١ـ بایەزیدی: دەکەوێتە باکور و باکوری ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی، وان.

٢ـ هەکاری: دەکەوێتە باشور و باشوری خۆراوای دەریاچەی وان.

٣ـ بۆتانی: دەکەونە دەوروبەری دۆڵی بۆتان شاری (سیعرەت، ئەرتوش، جەزیرە و دیاربەکر).

٤ـ شەمدینانی (شەمزینانی): باشوری خۆرهەڵاتی تورکیا و خۆرهەڵاتی زێی گەورە.

٥ـ بادینی: پارێزگەی دهۆک و قەزاکانی (ئامێدی، زیبار، شێخان، ئاکرێ).

٦ـ بەشە دیالێکتی خۆراوا: خەرپوت، ئورفا، عەفرین، مەڕاش (مەرعەش).

٧ـ موکریان: شنۆ، مەراغە، شاهیندژ، میاندواو، بۆکان، سەقز، بانە، سەردەشت، مەهاباد، پیرانشار، خەلیفان، مەحمەدیار، نەغەدە، هاوشار، ئورمیە، بازنەی سۆران.

٨ـ سۆران: کە بەشەپێکهاتەی موکریان و سلێمانی و ئەردەلان و جاف و باڵەکایەتی و قەڵادزێ پێکدێنێت، واتە بەتەنیا زوانێکی سەربەخۆ نیە کە بوترێت زوانی سۆرانی.

۹ـ سلێمانی: گشت پارێزگەی سلێمانی جگە لە قەڵادزێ ـ پشدەر، بازنەی سۆران.

۱۰ـ گەرمیانی: ئەمەشیان جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ زوانی سلێمانی نیە، بەڵام شێوەزوانێکی سەربەخۆی ناوچەکانی (کەرکوک، کفری، قەرەتەپە، شوان، دوزخورماتو)یە.

۱۱ـ ئەردەڵانی: سنە، بێجار، کەنگاوەر، ڕوانسەر، باکوری ناوچەکانی جوانڕۆ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان، قەزای قەڵادزێ، پشدەر، کە بەشی جوگرافیایی سۆرانن.

**ـ بازنەی ناوەندی:**

۱ـ گۆرانی ڕەسەن: دانیشتویانی ناوچەی (کرند، زەهاوی، جوانڕۆ) و لە باشوریش هەندێک لە کاکەیان و تیرەی زەنگەنە ناوچەی داقوق قسەی پێدەکەن.

۲ـ هەورامی: دانیشتوی هەورامان دەگرێتەوە، دو بەشن:

ئاـ لهۆنی: دەکەونە خۆراوای ڕیزەکێوەکانی هەورامانی باشوری کوردستان.

ب ـ تەخت: دەکەونە ڕۆژهەڵاتی ڕێزەکێوەکانی هەورامانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

۳ـ باجەلان: ئەم شێوەزوانە پەرتوبڵاوە، هەندێک لە باکوری خۆرهەڵاتی شاری موسل (شەبەک) بەشێکیشیان لە نزدیک (خانەقین)ن.

٤ـ زازا: ئەم لقەدیالێکتە، ناوچەکەی دەکەوێتە کوردستانی باکور لە تورکیە کە دەکەوێتە ناوچەکانی نێوان (ئەرزرۆم، خەرپوش، موش) هەرهەمویان دەکەونە ناوچەی دێرسیم.

**ـ بازنەی باشور:**

بەختیاری، کەڵهوڕی، لوڕ، مامەسێنێ، سنجاوی، خزڵی، مەڵگشایی، زەنگەنە، کولیایی.

ئەمانە پارێزگەی لوڕستان و کرماشان چواردەوری تا دەگاتە مەرزی قەسری شیرین و خانەقین دەگرێتەوە.

**ـ لەڕوی دیالێکیت و زوانی ژینگەییەوە دەبێتە چوار بەشی خوارەوە کە دەکرێت، خۆی هەورامیش لە بازنەی ناوەندیەوە بێت:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| **باکوری** | **ناوەندی** | **باشوری** | **هەورامی** |

**۱ـ کورمانجی باکور، بنزوانەکانی:**

کورمانجی، بادینی، بایەزیدی، بۆتانی، هەکاری، شەمزینانی.

**ـ ڕۆژهەڵات و پارێزگەی ئورمیە:**

خەلخال، سەڵماس، خۆی، ماکۆ، سیەچەشمە، سۆمای برادۆست، چاڵدران، بازەرگان.

**ـ لە پارێزگەی خۆراوا و خوراسان لە شارەکانی:**

قوچان، شیروان، ئەسفەرایەن، بێجنورد، کلات، لاین، باجگیران، ئاشخانە، چناران، فاروج، دێرگز و درونگەر، ڕادکان و نزدیکەی ١٥ لە سەدی دانیشتویانی شاری مەشهەد، بەم زوانوە دەدوێن.

**ـ پارێزگەی مازەندەران:**

ڕاغمۆرز، دەوروبەری ساری، ناوچەی گوڵاباد، ناوچکەی گڵوگە، ناوچەی کوردکۆ، کلاردەشت، نور، عەلیاوای کتول.

**ـ پارێزگەی گیلان:**

ڕودبار، دیلمان، مەنجیل، لوشان، ڕەحمەتاباد، سیاهکێل، ماساڵ.

**ـ پارێزگەی قەزوێن:**

قاقزان، قەزوێن، ئەلەموت، میانکوە، تارێم.

**ـ باکوری کوردستان:**

نزدیک ٩٥٪ کوردەکانی باکوری کوردستان، بەزوانی کورمانجی دەئاخڤن.

هەمو پارێزگەکانی باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیە کە بریتین لە شارەکانی: (دیاربەکر، ئادیامان، مەرعەش، مەلەتیا، ئۆرفا (ڕۆحا)، قرێس (قەرس)، ئاگری، ئەرەزرۆم، موش، بەتلیس، سێرت، سنجر، هەکاری، شەرناخ، جەزیری بوتان، قونیا، ئەنتاپ، وان، باتمان، ئەرزەنجان، سیواس، مێردین، قێسری، ئەلازق و هەروەتر زۆرینەی دانیشتویەکانی شاری ئیستانبوڵ) بەزوانی کورمانجی دەدوێن.

**ـ باشوری کوردستان:**

موسڵ، ئاکرە، شێخان، دهۆک، زاخۆ، ئامەدیە، شەنگاڵ و بەشی ڕۆژاوای پارێزگەی هەولێر بەکورمانجی دەدوێن.

**ـ ڕۆژاوای کوردستان:**

قامیشلو، حەسەکە، حەلەب، کۆبانی، عەفرین، جزیر، دەریک، ترپاسپی، ئامودا، گرێسپی، سەروکانی و هەروەتر کوردەکانی ناوچەی دەمێشق بەزوانی کورمانجی دەئاخڤێن.

**ـ وڵاتی لوبنان:**

بەیروت و حومە و دەوروبەری بەزوانی کورمانجی دەئاخڤن.

هەمو شارەکانی باکور جگە لە شارەزازانیشینەکان، هەمو شارەکانی ڕۆژاوا، لە ڕۆژهەڵاتیش: لە

ئورمیە، ماکۆ، سەڵماس، خۆی، نەغەدە، شنۆ و هەورەها کوردانی خۆراسان و لە باشوریش دهۆک، زاخۆ، موسڵ، ئامێدی...تاد، بەم شێوەزوانە دەدوێن.

**ـ وڵاتی ئازەربایجان:**

کەلباژار، شوشە، زنگلی، لاچین، قوبادڵی، خانلیق تا دەگاتە نەواری ڕۆژاوای لوبنان، ناسراو بەکوردستانی سور بەم زوانە دەدوێن.

کوردانی ئەم وڵاتە لە ساڵی ۱۹۳۷ی لەدایکبون، لەگەڵ جنایەت و دڕندەیی ئستالین ڕوبەڕوی کۆمەڵکوژیەکی زۆر بونەوە کە بەژینۆسایدی سپی کوردان ناسرا.

**ـ وڵاتی تورکەمەنستان:**

فیروزە و زۆرینەی شاری عەشقاوا (عەشقاباد) و جوکتەپە و قرەقەڵا و تجەن، بەکورمانجی وتوویژ دەکەن.

**ـ وڵاتی قزاقستان:**

ناوچەکانی ڕۆژاوای شاری ئاڵماتی، زامبۆڵ ئەم کوردانەش هاوشێوەی کوردانی لوبنان، بەدەستی جنایەتی ئستالین لە کاتی شەڕی جیهانی دوەمەوە کۆمەڵکوژ کران.

**ـ وڵاتی ڕوسیە:**

(ناوچەی سیبری، نوسیبیسکی)

**ـ وڵاتی ئەرمەنستان:**

ئیروان، ئالاگوز، ئارارات، ماسیس، تاڵین، کوردەکانی ئەم وڵاتە ساڵی ۱۹۲۰ لە باکوری کوردستان دەرکراونە ئەم وڵاتە.

**ـ بازنەی دوەم لە بەشی باکور:**

۱ـ موکریانی: شارەکانی شنۆ، پیرانشار، نەغەدە، ئورمیە، مەراغە، مەهاباد، مەحمەدیار، میاندواو، شاهیندژ، سەقز، هاوشار، بۆکان، بانە، سەردەشت، تیکاب، شوت، چاپارە، میراوێ، خەلیفان، زەراوێ دەگرێتەوە.

۲ـ سۆرانی: بێجگە لە قەزای زرێباری، گشت پارێزگەی هەولێر دەگرێتەوە.

۳ـ ئەردەڵانی و جاف: شارانی سنە، لەیلاخ، بیجار، کەنگاوەر، ڕوانسەر، مەریوان، قوروە، دێهگوڵان، کانی دینار، سەریشاوێ، دێلبەران، سەرواوێ، بلبلاناوێ، یاسوکەند، مۆچش، دزج، ئارموردە، زرینە و بەشێکی زۆری شاری هەمەدان، باکوری ناوچەکانی جوانڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە باشوری کوردستان قەزای قەڵادزێ (پشدەر) دەگرێتەوە.

٤ـ سلێمانی: هەمو پارێزگەکە بێجگە لە قەزای قەڵادزێ (پشدەر) نەبێت دەگرێتەوە، هەروەها

هەندێک ناوچەی قەزای خانەقینیش دەگرێتەوە.

٥ـ گەرمیان: ئەم شێوەزوان و دیالێکتە جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ سلێمانیە نیە، لەگەڵ ئەوەشەوە بەشێوەزوانێک دادەندرێت بەم هۆیەوە هەمو ناوچەکانی کفری و قەرەتەپە و کەرکوک و دوزخورماتو و شوان لە باشوری کوردستان دەگرێتەوە.

**٣ـ باشوری**

١ـ لەکی: ئەم شێوەزوانە کوردانی پێشکۆی لوڕەستانی پەی دەدوێن، تیرەکانیشی بریتین لە: خواجەوەند، عەبدولمالێکی، ناداوەند، شۆجا، کاتاوەند، دەلفان، سەلسەلە، پیرانوەند.

٢ـ بەختیاری، دو بەشن: (هەفتلنگ) واتا هەوت هۆز کە لە ناوچەکانی ئاولێژی ڕوباری گارۆن دەژین.

٣ـ مامەسەنی: ناوی ئەم دیالێکتەیە لە مەحمەدحەسەنی باپیرەگەورەی مامەسەنینانەوە وەرگیراوە، کە بریتین لە (بەکشی، جاوی، ڕوستەمی، خان عەلی خان، ئیمام قولی خان) دەگرێتەوە.

٤ـ کۆهگلۆ: ئەم لقە لە باشوری ناوچەکانی بەختیاریەوە و لە دەوروبەری کێوی دنیا و چاوگەکانی ڕوباری چەراهیەوە دەست پێدەکات و تا ڕامهۆرموز و بەهبەهان و کزەبون، دوکۆمەڵەن:

ئـ: کۆمەڵەی پشتی کۆ          ب: کۆمەڵەی ژێر کۆ

**٤ـ هەورامی ـ گۆران**

ئەم دیالێکتە لە باکوری ڕێگەی نێوان قەسری شیرین لە کرماشان دەست پێدەکات بەرەو شاخەکانی هەورامان و هەروەها لە سەرچاوەکانی سیروانەوە بەرەو خۆرهەڵاتی داپۆشیوە تا کرماشان ئەم دیالێکتە پێک دێت لە:

١ـ گۆرانی ڕەسەن: دانیشتوانی ناوچەی (کرند، زەهاو، جوانڕۆ) لە ڕۆژهەڵات قسەی پێدەکەن، هەروەتر لە باشوریش هەندێک کاکەیی و داقۆق و خێڵی زەنگەنەی نزدیک کفری و قادرکەرەم و سیامەنسوری سەر بە ناوچەی لەیلان قسەی پێدەکەن.

٢ـ هەورامان: دانیشتوی شاخەکانی هەورامان و پاوە و پڵنگان دەگرێتەوە، هەورامیش دو بەشن: بەشی لهۆنیان لە خۆراوای ڕیزەکێوەکانی هەورامان، واتە دەکەوێتە باشوری کوردستان.

دوەمیان هەورامانی (تەختە) کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی کێوەکانی هەورامان، واتە دەکەوێتە

ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئـ: لە باشور لە شارەکانی: بیارە، تویلە، بلخەسفلی، بلخەعلیا، سوسکان، پالانیان، هاوار، تاویرە، درەقەیسر، خرپانی، هانەنوتی، نارنجلە، گولپ، دۆڵ گاشیخان، سێرگت، هانودنی، درۆمێری، ئاجاوا، زلم، گچینە، باغەکون، خارگیلان، بنجە و دەری.

ب ـ هەورامانی لهۆن لە ڕۆژهەڵات: نۆسود، هانەگرمێلە، کەمینەبیدرواز، تەشار، شەرکان، وەزێلیەنۆدشە، نروی، دوروهجیجا، هەجیج، ئەسپریز، داریان، ورا، کومەدەرە، دریبر، هەروی، بلمەبزان، سشە، گرالە، خانگا، پاوە، درویسان، دەرەبەیان، بەندرە، نوسە.

پ ـ هەورامانی دزلی: دزلی، درۆکی، باراماوا، قڵاگە، قڵاجی، دمیوە، زلکە، درناجی.

ت ـ هەوارمان و هەورامانی تەخت: شار، ڕوری، کەماڵا، ویسیا، پیرشاڵیار، سلینە، کراوەیەدولە، کلێجی، نوین و ناوە.

س ـ هەورامانی، ڕزاو: ڕزاو، کراوە، سەولاوا، دوروە، ژیوار، ڕوار، زڵ، دلەمەرز، کوردکە، سەروماڵ، گاڵیاوا، سورەتفی، دەگاگە، مازین، بۆریدەر، بەرقۆرو، ویژەنان، چێشمیدەر، نسنار، ئارناڵ، پایگلان، نگێڵ، میانە، تفلیە، ئەحمەداباد، مەحموداباد، نازاوا، تەخاڵ، هەنجمەنە، هەزوانخانی، گێلیە، بیدەرە، سورەکول، نەزڵەژان، بێساران، ئویهەنگ، پاڵنگان و کنولە.

٣ـ باجەلانی: ئەم دیالێکتە پەرشوبڵاون، هەندێکیان لە باکوری خۆرهەڵاتی شاری موسڵ نیشتەجێن کە پێیاندەوترێت شەبەک، بەشێکیشیان لە زەهاو و لە باکوری لوڕستان و نزدیک خانەقین و قۆرەتو و هۆرین و شێخانن.

٤ـ زازا: ئەم لقەدیالێکتە ناوچەکەی دەکەوێتە باکوری کوردستان کە کەوتوتە ناوچەی نێوان ئەرزرۆم و موش و خەرپوت و ئەرزەنجان دەگرێتەوە، ئەمانە دەکەونە ناوچەی دەرسیمەوە.

**ڕێنوس**
**(ئۆرتۆگرافی)،(Orthography)**

بابەتێکی گرێبەستی و قەراردادی و پێکهاتەیی. ڕێنوس وێنەی نوسینی دەنگ و فۆنەکانی هەر زوانێکە و ئەم دیاردەیەش دەبێتە هۆی ئاسان خوێندنەوە و نوسینی هەر زوانێک بۆ کەسێکی نامۆی ئەم زوانە، ساناکردنەوە و ڕێگەی پەیوەندی و هاڵۆگۆڕی و بازەرگانی زوانی ئەم نوسین و خوێندنەوەیە. توانایی فامکردن و تێگەیشتن بەرز دەکاتەوە تاکو مەبەست و ئامانجی تاکی یەکەم (نوسەر) بۆ تاکی دوەم (خوێنەر) بێکێشە و بەسانایی بگوازترێتەوە لە بازنەیەک کە "نوسەر" بەکەڵکوەرگرتن لە نیگاری ئەم پیتانە بەکاری دێنێت بۆ دەربڕینی خواست و ویست و داخوازیەکانی.

# وانەی (١)

**دەستپێکی سەرەتایی، ناساندنی پیت (حرف)،(letter)**

هەر زوانێکی ئەم گەردونە بەشێوەی پێکهاتەیی لە بازنەیەکی فۆنۆلۆجیەوە ـ دەنگناسیەوە بریتیە لە فۆنێتیک و فۆن و واج و نیگاری دەنگەکانی تایبەت بە ئەم فۆن و واجانەی.

هەر زوانێک ئەلفبێەکی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ زنجیرەبەستنی فۆن و دەنگەکانی و دروستکردنی ڕێنوسی تایبەت بەڕێسای زوانی خۆی.

زوانی کوردیک وەک زۆرینەی زوانەکانی دیکەی ئەم ئەردە، خاوەن ئاخێوەر (گوینده) و گوێگرە (شنونده) و زوانێکی پاراو و تەسەل و پتەو لە چوارچێوەی ژینگە و مەیدانی بازنەیی زوانی خۆیەتی.

خۆی ئەم زوانە خاوەن واج، فۆن و دەنگی تایبەت بەخۆیەتی. بەڵام لە شێوەی نیگاری ڕێنوسی و پیتی هاوبەشی لەگەڵ زوانانی وەکو: (عەرەب، فارس، بەلوچ، دەری، پەشتویی، ئۆزبەکی) هەیە.

**.بەراوەردێکی زوانی کوردیک لەگەڵ زوانەهاوسێ و چالاکانی دەوروبەری:**

**ـ ئەلفبێ عەرەبی:**

ـ ئەلفبێ زوانی عەرەبی خاوەن ٢٨ پیتە کە بەم شێوەی خوارەوەن:

ـ ١٤ پیتی کۆمەڵەی هەتاوی و ١٤ پیتی کۆمەڵەی مانگین.

ـ ٢٥ پیتی نەبزوێن و ٣ پیتی بزوێنن کە بەم شێوەی خوارەوەن:

(الف، ب، ت، ث، ج، ح، خ، د، ذ، ر، ز، س، ش، ص، ض، ط، ظ، ع، غ، ف، ق، ک، ل، م، ن، ە، و، ی).

ـ زوانی عەرەبی ئەم چوار پیتەی (گ، چ، ژ، پ) نیە.

ـ ١٠ پیتی هاوبەشە لەگەڵ فارسی و ١٢ پیتی جیاوازی هەیە.

- دو شێوە ئەلفبێ و نوسینی هەیە:
ئەبجەد، ئەلفبێە.
(ا ب ج د، ه و ز، ح ط ی، ک ل م ن، س ع ف ص، ق ر ش ت، ث خ ذ، ض ظ غ)
(أبْجَدْ، هُوِّزْ، حَطِي، كَلَمُنْ، سَعَفَصْ، قَرَشَتْ، ثَخَذْ، ضَظَغْ)

**- ئەلفبێ فارسی:**
(ا، ب، پ، ت، ث، ج، چ، ح، خ، د، ذ، ر، ز، ژ، س، ش، ص، ض، ط، ظ، ع، غ، ف، ق، ک، گ، ل، م، ن، و، ه، ی).
- چوار پیتی (گ، چ، ژ، پ)ی لە عەرەبی زۆرترە.
- زوانی فارسی **٣٢** پیتە، **٢٩** فۆن، **٦** بزوێن و **٢٣** نەبزوێن.
**٣** بزوێنی کورت: (اَ، اِ، اُ)
**٣** بزوێنی درێژ: (آ، او، ای)
**٣** دەنگی (ـَ،ـِ،ـُ) کە بێژە دەکردرێن، بەڵام نانوسرێن.

**- ئەلفبێ ئینگلیزی:**
- زوانی ئینگلیزی خاوەن **٢٦** پیتە، **٥** پیتی بزوێن و **٢١** پیتی نەبزوێنە.
پتر لە **٤٧** فۆنی تێکەڵی هەیە، **٢٢** بزوێن و **٢٥** نەبزوێن.
(A, B, C, D, E, F, G, H, I, J, K, L, M, N, O, P, Q, R, S, T, U, V, W, X, Y, Z)
زوانی ئینگلیزی لە هاستی فۆنەتیکی ئەلفبێی پیتی (چ، ژ، ش)ی نیە، بۆ سازکردنی پیتی (ش) لە پێنج نیگار کەڵک وەردەگرن (S _ SS _ SH _ T _CH)
فۆنی (ف) بەسێ جۆری پیت دەنوسێت: (F_ PH _ GH)
پیتی (ee _ e _ ie _ _ ie _ eo _ ey _ oy _ i _ y _ ea) گشتی بە (ی) بێژە دەکرێت.

**- ئەلفبێ کوردی:**
- تاکو هێستا کۆمەڵێک سەرچاوە لێرە و لەوێ باسی زوان و ئەلفبێ کوردیان کردوە. بەزۆر ڕێنوس و ئەلفبێ زوانی کوردیک تەنیا گرێدراوە بە ناوچەیەکی جوگرافیایی و وەکو ڕەوتێکی تایبەتی پۆلەتیکی و سیاسی، تەنیا ویست و خواز ئەمە بوە کە زوانی کوردیک تەنیا هی یەک ناوچە بێت کە زۆرترین کاریزمای "جودا" لە هاستی زوانی هەبوە و لەی دەرکەوتوە. بەکۆمەڵ

دەبینین بنزوانی موکری و سلێمانی بونەتە نوێنەر و پێوەری زوانی کوردی و ئەلفبێ زوانی کوردی تەنیا لەڕوی فۆنەتیکی ئەم بنزوانانە داڕێژراوە، کەچی چاویلکەی دەمارگرژی سیاسی و کاریزماپەرەستی فڕێ بدەین، زوانی کوردی هەم لە فۆنەتیک و هەم هاستی فۆنۆلۆجی زۆر لەم پێناسەی کە لە ڕەوتێکی نازمانەوانیەوە سەریهەڵداوە و بەناو زوان دەرخواردی نوسەر و تاکی ئەم زوانە دەدرێت، دراوە، مەزنتر و بڵاوترە. من بەپێی هاستی توانایی و دەرفەتی تاکەکەسی خۆم، بەپێی زانستی فۆنۆلۆجیکی زوانی کوردیک، فۆنی زوانەکانی دیکەی زوانی کوردیک دەخەمەڕو و دواتر لە ئەلفبێەکی گشتی بەناو زوانی کوردیک جێگری دەکەم، هەرچەند دەزانم کە فامکردن و وەرگرتنی بۆ زۆر کەس، بەژان و ئاستەمە!

**ـ ئەلفبێ هەورامی:**

**ـ پیتەکانی هەورامی ٤٧ واجن:**

**ـ ٣١ نەبزوێن:**

(ب، پ، ت، ح، خ، ج، چ، د، ڎ، ڕ، ر، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ق، ف، ڤ، ۋ، ک، گ، ڵ، ل، م، ن، نْ، و، ی، هـ) + (و، ی) نیمەبزوێن

**ـ ١٠ بزوێن:**

(ا، ە، و، ۆ، وو، ێ، ی، ۊ، ێ، بزرۆکە)

**ـ٦ واجی تێکەڵ:**

(او، او، ای، چو، و)

فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی هەورامی زۆر تایبەت و ئەفسوناویە، کە ٥ فۆنی جیاوازی لەگەڵ زوانەکانی دیکەی زوانی کوردیەوە هەیە. تاکێکی ڕەسەنی هەورامی بەشێنەیی و بەتەواوی توانایی بێژەکردنی ئەم فۆنانەی هەیە، کەچی تاکێکی ناهەورامی توانایی بێژەکردنی هاستی فۆنۆلۆجیکی ئەم فۆنانەی بەشێوەی ڕەسەن و ڕێک نیە. ئێمە لە زانستی زمانناسی وەکو لە درێژەی وانەکان دەیانخێنین، بابەتێکمان بەناو ئەلۆفۆن هەیە، واتە شێوەی وەرگیراوی فۆن، هاوشێوەی ئەم فۆنەیە بەڵام نیگارەکەی جیاوازە. لەنێو زوانی هەورامیش ئەمە لە زۆر وشە، فۆنی (ڎ) ئەلۆفۆنی (د) ئاساییە و هیچ گۆڕانکاری واتایی ناهێنێتە سەر وشە و واتە نابێتە واج، کەچی لە زۆر وشەی ڕەسەنی هەورامی ئەم فۆنە (ڎ) واجە و وەکو فۆنێکی تایبەت بەکاری دەهێنین و هێزی فۆنۆلۆجی هەیە و واجێکی تایبەتە. هەروەتر ئەلۆفۆنی (ۋ)، ئەلۆفۆنی پیتی (ڤ)یە کە هیچ ئەرکێکی واجی نیە و بۆیە وەکو فۆنی گشتی بەکارم نەهێناوە. بۆ ڕێنوسی هەورامی و بەشی بزوێنەکان (بڕوانە وانەی یەک ئەم پەرتوکە).

ا = ئاڎا، شان، کەۋا، واران، ماوا، گاڵ...تاد.

ە = ئەرسەڎ، ئەسپەرێز، ئەنار، سەربەرە، ئەنگورە، گەنمە...تاد.

وو = مووم، مووە، مووشە، moورە، مەزانوو...تاد.

و = کوڵ، موخ، موزی، موژە، مورە...تاد.

ۆ = سۆز، خۆر، کۆڕ، جۆل، وێتەیۆ، ویمۆ...تاد.

ۊ = ئەم پیتە پێویستی بەتەختەکلیلی تایبەت هەیە، کە هاوشێوەی ئەم پیتەیە (وٓ)، تایبەت بە زوانی هەورامیە: دوٓ، توٓ، شاهوٓ، دالاهوٓ، هوٓشە...تاد.

ێ = سێن، شێتان، لێرە، نێجە، وێوڵە، پێنە...تاد.

ی = ژیر، سیر، شیتاڵ، قریشکە، کیخا، گیرام، میوە...تاد.

(ۍ) ئەم پیتە تایبەت بە زوانی هەورامیە، کە وەکو پیتی ژێرە و و لەبری هەوتەک (ـٚ) شێوەی هەشتەکی (٨) بچوک دەگرێت = سیلۍ، خەنۍ، تیگۍ، مریچلۍ...تاد.

ڕاستچین و وەکو خۆیان و وانەکانی دیکەی ئەم پەرتوکە بەکار دێن، پێویست ناکات تەواو وێنەیان بۆ بنوسم. لە زوانی هەورامی پیتێکی نەبزوێن جیاوازە، پیتی (ڎ)، هەروەتر پیتی (نْ) ئەلۆفۆنی پیتی (نگ) ئاساییە و ئەم پیتە هاوبەشە لەنێو زوانی کەڵهوڕی و موکری و سلێمانی و گەرمیانی و هەورامی کە بە دیفتۆنگ هەژمار دەکرێت. بەڵام لەڕاستیەوە دیفتۆنگ نیە. واجی تایبەتی هەورامی، واجی (ڎ)، لە وشەی وەکو: دڎان، ئاڎا،، دیڎێ، ئاڎ...تاد.

**ـ ئەلفبێ کەڵهوڕی، لەکی، لوڕی:**

بەزۆر ئەم بەشانەی باشوری دیالێکت و جوگرافیای کوردستان کە واج و فۆن هاوبەشیان هەیە و نزدیکی تایبەتی لەگەڵ زوانەکانی باشور و باکور و ناوەندی هەیە. واتە فۆنەکانیان لەیەک دانەبڕاون و جیاوازیەکی ئەوتۆی نیە. بەڕەچاوگرتن لە گشت بنزوانانی ئەم زوانەیە:

**ـ پیتەکانی بازنەی باشور:**

جیاوازی ئەم بەشە تەنیا فۆنی (ۊ، ێ)یە کە هەم بزوێنی هەیە و هەمیش نەبزوێنە. هاوشێوەی پیتی (و) هەم کورتەبزوێنە و هەم نەبزوێنە. هاستی فۆنۆلۆجیکی و لەیەک دانەبڕاوی زوانی کوردیک لەگەڵ زوانەکانی، ئەم ڕاستیە دەردەخات کە پێویست ناکات چەند تاکی فاشیست و ناشارەزای زوان بێن و بڕیاری نازانستی و نالۆجیکی بۆ زوان دەر بکەن و کتێبی بۆ بنوسن! زوانی باشور بە لوڕی، لەکی، کەڵهوڕی، فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی هاوبەش و تەواوی لەگەڵ زوانانی دیکەی زوانی کوردیک هەیە و پاراستویەتی. تەنیا جیاوازی لە فۆنی (ۊ)یە، کە لە زنجیرە باری

هێزی جوگرافیایی زوانی کوردیک، هێز و نیشانی و بەجێماویەکەی لە زوانەکانی دیکەی کوردیک دەبینینەوە. لە هاستی زوانی کوردیک و بەربڵاوی ئەم زوانە بەهۆی کۆمەڵێک هۆکار، هێستاش زوانی کوردیک پارێزراوە. جوگرافیا و مەرز و تێلدڕوی نازانستی کۆمەڵێک تاکی ڕەگەزپەرەست و ناوچەپەرەست نەیتوانیوە، ئەم هێز و تواناییە بقڕتێنێت و بیڕوخێنێت. فۆنی (ڤ) لە دورترین خاڵی جوگرافیایی خۆی کە زوانی باکورە و ناوچەی موکریان و سلێمانی و باڵەکایەتی و گەرمیانی لە وشەی (سۆر - سوێر - سویر)، (چۆر - کوێر - کویر)، (چۆ - کوێ - کوی)، (خۆیری خوێری - خویری)، ئاسەواری ئەم فۆنە دەردەکەوێت و دیارە. هێزی ئەم فۆنەبەهێزە نەفەوتاوە. فۆنی (ڤ) چ بزوێنەکەی و چ نەبزوێنەکەی لە سەرەتای وشە و بڕگە دەرناکەوێت. هەروەک چۆن فۆنی کۆنسۆنانتی (ڵ، ڕ) و ڤاوڵی (ۆ، و، ێ، ی، یٓ، ە، ا، ڤ، وٓ، بزرۆکە) لە سەرەتای وشە دەرناکەون. فۆنی (ڤ) لە هاستی نەبزوێن دەبێتە ئەلۆفۆنی (و) لە وشەی (ئەڤ) و (ئەو) کە هاوشێوەی فۆنی (ذ)ی هەوارمی دەبێتە ئەلۆفۆنی (د) زوانەکانی دیکە. کەچی لە چەند وشەی دیکەی تایبەتی زوانی هەورامی و باشور دەبنە واج. هەم فۆنی (ڤ، ێ) هێزی واجیان هەیە. فۆنی (ێ) لە هاستی نەبزوێنی خۆی بۆ سێیەم کەس دەردەکەوێت، وەکو:

ـ سڤک (گوشە) سوک (سبک) ـ بڤ (بود) بو (باشد) ـ پڤک (پوک) پوک (خالی)

تاڤ (درخت تا) تاو (آفتاب) ـ بکەی (بکنی) بکەێ (بکند)

**ـ ئەلفبێ بازنەی باشور ٤٧ واجن:**

**ـ ٣١ نەبزوێن:**

(ب . پ . ت . خ . ح . ج . چ . د . ر . ڕ . ز . ژ . س . ش . ع . غ . ف . ڤ . ق . ک . گ . ل . ڵ . م . ن . نْ. هـ . و . ڤ. ی، ێ) + (و، ی) نیمەبزوێن.

**ـ ٩ بزوێن:**

(ا، ۆ، و، وو، ڤ، ێ، ی، ە، بزرۆکە)

**ـ ٥ بزوێنی تێکەڵ:**

(او، ای، ای، ۆی، نگ)

**ـ ئەلفبێ کورمانجی:**

**ـ کورمانجی ٤٢ واجە:**

**ـ ٢٩ نەبزوێن:**

(A, B, P, T, X, Ĥ, C, Ç, D, R, Ŕ, Z, J, S, Ş, ' ,X', F, V, Q, K, G, L, M, N, H, W, Ŵ, Y) + (Y, W)

**ـ٨ بزوێن:**

(i ،Î ،Ê ،E ،Û ،U ،O ،A)

**ـ٥ واجی تێکەڵ:**

(Xw, Wi, Kw, we, wê)

**ـ ئەلفبێ بازنەی ناوەندی:**

**ـ بازنەی ناوەندی (سۆرانی) ٤٢ واجە:**

**ـ٢٨ نەبزوێن:**

(ب . پ . ت . خ . ح . ج . چ . د . ر . ڕ . ز . ژ . س . ش . ع . غ . ف . ڤ . ق . ک . گ . ل . ڵ . م . ن . هـ . و . ی ) + (و، ی ) نیمەبزوێن.

**ـ٨ بزوێن:**

(ا، ۆ، و، وو، ێ، ی، ە، بزرۆکە )

**ـ٦ واجی تێکەڵ:**

(وێ، وی، او، وا، یێ، ـەی )

**ـ ئەلفبێ زوانی کوردیک:**

**ـ زوانی کوردیک ٥٧ واجە:**

**ـ ٣٢ نەبزوێن:**

(ب . پ . ت . خ . ح . ج . چ . د . ڎ . ر . ڕ . ز . ژ . س . ش . ع . غ . ف . ڤ . ق . ک . گ . ل . ڵ . م . ن . نْ. هـ . و . ۊ. ی. ێ ) + (و، ی ) نیمەبزوێن.

**ـ ١١ بزوێن:**

(ا، و، وو، ۆ، ۊ، ێ، ی، یٖ، وٓ، ە، بزرۆکە )

**ـ١٤ واجی تێکەڵ:**

(او، او، ای، ای، چو، و، ۆی، نگ، وی، یێ، ـەێ، خو، کو، وە ).

ئەم بەشە بەجێ دەهێڵم بۆ ناوەندێکی ئەکەدیمیکی!

**.جیاوازی زو انی کوردیک لەگەڵ عەرەبی و فارسی:**

ـ پیتی (پ، چ، ڤ، گ، ڕ، ژ، ڵ، ۆ، وو، و، وٓ، یٓ، ێ، ە، ڎ، ۊ) بەشێوەی ڕێنوس، لە عەرەبی زۆرترە.

ـ پیتی (ڵ، ڕ، ڤ، ئ، یٓ، ۆ، وو، ۊ، وٓ، و، ە، ڎ) لە فارسی، بەشێوەی ڕێنوسی پترە.

ـ پیتی (پ، ژ، گ، چ، ڤ، یٓ، ۆ، و، وٓ، ڎ، یٓ) بەشێوەی فۆن لە عەرەبی زۆرترە.

ـ زوانی کوردی وەک زۆرینەی زوانانی دیکەی جیهان، بەسەر دو مکانیزمی فۆنی دابەش دەکرێت، وەکو:

ـ بزوێن، ڤاوڵ، ژێدار (واکە)، (Vowel)

و

ـ نەبزوێن، کۆنسۆنانت، بێژێی، ژێنەدار (همخوان)، (Conconant).

**دەنگەبزوێنەکان لەنێو زوانی کوردیک:**

**١- فۆنەبزوێنەکان (واکەها) ١١ پیتن:**

ـ (ۆ ـ و ـ ۆ ـ وو، وٓ، یٓ، ـ ی ـ ێ ـ ە ـ ا ـ i بزرۆکە)

ـ سێ بزوێنی کورت و نزم: (ە، و، i)

ـ ٨ بزوێنی درێژ و بەرز: (ۆ، وو، ۆ، وٓ، ێ، ی، یٓ، ا)

**٢- پیتەنەبزوێنەکان (همخوانها) ٣٢ پیتن:**

(ب . پ . ت . خ . ح . ج . چ . د . ڎ، ر . ڕ . ز . ژ . س . ش . ع . غ . ف . ڤ . ق . ک . گ . ل . ڵ . م . ن . نْ، هـ . و . ۆ . ی، ێ) + (و، ی) نیمەبزوێن.

ئەلفبێ کوردی و ئەلفبێ جیهانی:

| ڕاستچین | چەپچین | نیگاری دەنگی | | ڕاستچین | چەپچین | نیگاری دەنگی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئـ | — | Ɔ | | غ | X' x ' | Ýý |
| ب | Bb | Bb | | ف | Ff | Ff |
| پ | Pp | Pp | | ڤ | Vv | Vv |
| ت | Tt | Tt | | ق | Qp | Qq |
| ج | Cc | dž - dz - Jj | | ک | Kk | Kk |
| چ | Çç | Ćć -tš - ts | | گ | Gg | Gg |
| ح | Ĥĥ | Ĥĥ | | ل | Ll | Ll |
| خ | Xx | Xx | | ڵ | — | Ḷḷ |
| د | Dd | Dd | | م | Mm | Mm |
| ڎ | Ďð | Dd | | ن | Nn | Nn |
| ر | Rr | Rr | | ڹ | Ŋŋ | Ŋŋ |
| ڕ | Ŕŕ | Ṛṛ | | و | Ww | Vv |
| ز | Zz | Zz | | ۊ | Ŵŵ | — |
| ژ | Jj | Žž | | ی | Yy | Yy |
| س | Ss | Ss | | ێ | — | — |
| ش | Şş | Šš | | هـ | Hh | Hh |
| ع | ' | ʔ | | | | |

بزوێنەکان:

| ڕاستچین | چەپچین | نیگاری دەنگی | | ڕاستچین | چەپچین | نیگاری دەنگی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ا | Aa | Āā | | ۆ | Oo | Ōō |
| ە | Ee | Aa | | ی | Îî | Īī |
| و | Uu | Uu | | ێ | Êê | Ēē |
| ۆ | Öö | Ōō | | یٓ | Įį | — |
| وو | Ûû | Üü | | بزرۆکە | I | Ee |
| وٓ | Üü | — | | | | |

نیمەبزوێن:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ی | Yy | | و | Ww |

**لە ئەلفبێ زوانی کوردیک، ئەم پیتانەی خوارەوە بەشێوەی نیگاری فۆن یا پیت دەرناکەون:**

ـ (ث، ص، ط، ذ، ض، ظ).

ـ لەبری پیتی (ط) پیتی (ت) بەکار دێت.

ـ لەبری پیتی (ذ، ض، ظ) پیتی (ز) بەکار دێت.

ـ لەبری پیتی (ث، ص) پیتی (س) بەکار دێت.

ـ فارس توانایی بێژەکردنی فۆنی (و) کورتەبزوێنی نیە و لەبری ئەم وشەیە، نیگاری عەرەبی (ـُ) بەکار دەهێنێت.

ـ واتە لە ڕێنوسی کوردیک، تەنیا یەک (ز) و (ت) و (س) هەیە، بەم شێوەیە:

| | | |
|---|---|---|
| مصطَفیٰ ← مستەفا | ثَواب ← سەواب | ذَلیل ← زەلیل |
| صابون ← سابون | اَثاث ← ئەساس | اِصطِلاح ← ئێستێلاح |
| اَصلاَ ← ئەسلەن | اَصلان←ئەسلان | صابِر ← سابێر |
| صورَت ← سورەت | ثالِث ← سالێس | ظاهِر ← زاهێر |
| ضَمیر ← زەمیر | ظُهر ← زۆهر | |

**لە ڕێنوسی کوردیک، هەوت پیت هەیە کە لە ئەلفبێ زوانی فارسی بەشێوەی ڕێنوس و فۆن دەرناکەون، وەکو:**

(ڤ، ڵ، ڕ، ۊ، وٓ، ێ، ڎ).

ـ پیتی (ڤ) لە زوانی فارسی وەک فۆن دەردەکەوێت، بەڵام وەک پیت نانوسرێت، بەم شێوەیە: ئەڤەڵ(اول)، دۆڤۆم(دوم)، سێڤۆم(سوم)، تەڤەلۆد(تولد)...تاد، ئەم دەنگە دەردەکەوێت.

ـ ئەلفبێ کوردیک، چوار پیت ئەم هێمایە (٧) دەگرن کە ناسراوە بە (چۆکڵە، چەڵەمە، هەوتەک).

ـ سێدانەیان هەوتەکیان لەسەرە: (ڵ، ێ، ۆ).

ـ پیتی (ڕ)، لەژێرێتی.

ـ پیتێکیش کە تایبەت بە بازنەی باشورە، شێوەی دو خاڵی لەسەری (ۊ).

ـ پیتێکی هەورامی سێ خاڵی لەسەرە (ڎ).

ـ پیتێکی هەورامی بەشێوەی هێڵێکی ڕاست لەسەرێتی (وٓ).

ـ پیتێکی هەورامی کە پێچەوانەی ژێری بازنەی ناوەندی، لەبری هەوتەک، هەشتەکی لەسەرە (ێ).

**تێبینی:** پیتی (ڕ) بەهۆی ئەمەی کە شێوەی ڕێنوسەکەی لەگەڵ پیتی (ژ) لە هاستی ڕێنوس،

هاوشێوەی یەکتر نەبێت و لەگەڵ یەک توشی لێکچوون نەکرێن، هەوتەکەکەی دەچێتە ژێر پیتی (ر) و لە (ڕ) گۆڕاوە بۆ (ڕ).

ـ لەنێو زوانی عەرەبی و فارسی ئەم واجانە (ـَ، ـِ، ـُ) تەواو واتەی وشە دەگۆڕن و لە هەردوک زوانەکان هاوبەشن، بەڵام لە زوانی کوردیک بەم شێوەن:
ـ نیگاری ـَ (فتحە) لە ئەلفبێ کوردیک، ناسراوە بە (سەر) لەبری ئەم پیتەیە، فۆنیمی (ە، ـە) داندراوە، دەنگێکی لە (ـە) بەرزتر و لە (ا) نزمترە.

ـ نیگاری ـِ (کسرە) لە ئەلفبێ زوانی کوردیک، پیتی ژێری (ێ)یان بۆ داناوە، (کسرە) کەچی پیتی (ێ) سەداسەد توانایی کەسرەی (ـِ) عەرەبی نیە و لە ئەلفبێ کوردیک دەنگی لە (ێ) نزمتر و لە (ی) ناسک، درێژترە و لەگەڵ فۆنی (ە، ێ، ی، و) کوردیک توشی لێکچوون دەبێت.

ـ نیگاری ـُ (ضمە) لە ئەلفبێ زوانی کوردیک ناسراوە بە (بۆرە) و واوی کراوە. لەبری ئەو، ئەم پیتە، فۆنیمی بزوێنی نزمی (و) بەکار دێت.

**تێبینی**: دەنگەبزوێنەکان واتە کاتێک ئەم پیتانە بێژە دەکرێت دم و زوان و لێو دەبزوێندرێن. لە کاتی دروستکردنیان دو بەشی زوان لەیەک نزدیک دەبنەوە و وەیەک ناکەون و بزوێن ساز دەبێت. کاتێک وەیەک کەوتن، ئەمە دەبنە نەبزوێن. دەنگەبزوێنەکان ئەم دەنگانەن کە بەئاسانی لە دم و زوان دێنەدەر و هاوکاری دەنگەنەبزوێنەکان دەدەن کە بەئاسانی بێنە کوتن و دەربڕین.
ئەلفبێ کوردیک هەندێک لێڵی و تەمومژی فۆنەتیکی لەسەرە و بەڕادەی پێویست کاری بۆ نەکراوە. دیارە من بابەتەکانم خستوتەڕو و باسمکردون. دواتر شارەزایانی فۆنۆلۆجی و فۆنەتیکی زوانی کوردیک، یا ڕەخنە دەگرن یا ڕەدی دەکەنەوە و یا دەوڵەمەندتری دەکەن کە پێویستە کاری بۆ بکردرێت. من پیتی (ڤ، ڎ، ںْ، ێ، ئ، ۏ) وەکو فۆن بەکارهێناوە. چون فۆنی (ڤ، ێ) هەم فۆنێکی بزوێنە و هەمیش نەبزوێنە. ئەمە پێویستی بە زمانناسانی فەیلی و کەلهۆری و هەورامی و لەکی و لوڕی هەیە تا بەشێوەی داتای فۆنی ئەم پیتە کاری لەسەر بکەن. بەم جۆرەش ئەلفبێ زوانی کوردیک، ٥٧ واجی هەیە. پیتی (ئـ) هەمزەم وەکو فۆن دانەناوە.

**ـ دەنگەبزوێنەکان، لەنێو زوانی کوردیک بەسەر چوار جۆر دابەش دەکرێن:**

ـ بزوێنی درێژ، بەرز.

ـ بزوێنی کورت، نزم.

**ـ بزوێنی نەزم ـ کورت:** ئەم بزوێنانەن کە لە کاتی درکاندن، دەنگیان نزم و کورتن و ژمارەیان سێدانەیە: (و، ە، i).

**ـ بزوێنی بەرز ـ درێژ:** ئەم بزوێنانەن کە لە کاتی درکاندن، دەنگەکەیان درێژ و بەرز و ژمارەیان پێنجدانەن: (ۆ، وو، ێ، ی، ا).

ـ پیتەبزوێنەکان ناکەونە سەرەتا و دەستپێکی وشە و بڕگەی کوردیک و لە ڕێنوسی زوانی کوردیک، دودانە بزوێن بەدوای یەکەوە دەرناکەون. بەڵکو دەخرێنە پاڵ پیتەنەبزوێنەکان بۆ ئەمەی بەئاسانی و جوانی بدرکێندرێن و لە دم و زوان بێنەدەرەوە.

**ـ ئەندامانی تایبەت بۆ سازکردنی فۆن و دەنگەکان بریتین لە:**

| | | |
|---|---|---|
| ١: لێوەکان | ٢: ددانەکان | ٣: پوک |
| ٤: ڕقەمەڵاشو | ٥: نەرمەمەڵاشو | ٦: زمانۆکە ـ زمانبچکۆڵە |
| ٧: پێشەوەی زمان | ٨: نێوەڕاستی زمان | ٩: دواوەی زمان |
| ١٠: قوڕگ | ١١: لەهات | ١٢: ژێیەکانی دەنگ |
| ١٣: نوکی زمان | ١٤: بۆشایی لوت | ١٥: ڕیشەی زمان |

**.تایبەتمەنـدی دەنگەبزوێنەکـان لە زو انـی کوردیـک لەڕوی دەنگناسـی و فـۆرمی بەرهەمهێنـانی فۆنۆلۆجی کوردیک:**

ـ پیتی (ۆ): دەنگێکی بەرز و کراوەیە، ناسراو بە واوی شێواو، کراوە و بۆر.

شێوەی سازبونی: لێوەکان بەشدار دەبن زمان خۆ خڕ دەکاتەوە و بەشێوەی نیوەکراوە لەپشتەوەی زوان دەمێنێتەوە، هەردوک لێوەکان لە یەک نزدیک و خڕ دەبنەوە، دەنگێکی بزوێنی درێژە.

ـ (وو): دەنگێکی بەرز و درێژکراوەیە، ناسراو بە بۆرەی درێژ و قوچاو.

شێوەی سازبونی: لێوەکان بەشدار دەبن، زمان لەپشتەوەی زوان دەمێنێتەوە و دواوەی زمان بەرەو نەرمەمەڵاشو بەرز دەبێتەوە، هەردوک لێو بەرەوپێش دەچن و لە یەک نزدیک و خڕ دەبنەوە، دەنگێکی بزوێن و کراوەیە.

ـ (و): بزوێنێكی نزم و كورتە، ناسراو بە كورتەبۆرە، كورتەبزوێن.
شێوەی سازبونی: دواوەی زمان بەرەو نەرمەمەڵاشو بەرز دەبێتەوە، لێوەكان شێوەخڕبونەوەیەك دەگرن، دەنگێكی بزوێن و كورتە.
ـ (ی): بزوێنێكی بەرزە، ناسراو بە یای ژێری كراوە.
شێوەی سازبونی: لێو بەشدار نابێت، پشتەوە زمان كەمێك بەرەو دواوە بەرز دەبێتەوە و لێوەكان لەیەك ئاوەڵە دەكرێنەوە و دەكێشرێنەوە، بزوێنێكی درێژە.
ـ (ێ): دەنگێكی بەرز و كراوەیە، بە یای ژێری داشكاو ناسراوە.
شێوەی سازبونی: لێو بەشدار نابێت، پشتەوەی زمان لە نێوەڕاستی زوان دەمێنێتەوە، زمان بەرەو دواوە دەكێشرێتەوە و هەردوك لێوەكان بەشێوە نەختەخڕبونەوەیەك بۆ تەنیشتەوە دەچن، دەنگێكی بزوێن و كراوەیە.
ـ (ە): بزوێنێكی نزم و كورتە، ناسراو بە سەرەی كورت.
شێوەی سازبونی: لێو بەشدار نابێت، زمان لە نێوەڕاستی زوان دەمێنێتەوە و هەردوك لێوەكان لەیەكتر جیا دەبنەوە و دەكرێنەوە، ئەم بایەی لە ژێیەكان سازبوە دەدرێتەدەر، دەنگێكی بزوێنە.
ـ (ا): بزوێنێكی بەرزە، ناسراو بە سەرەی بەرز.
شێوەی سازبونی: لێو بەشدار نابێت و زمان لە نێوەڕاستی زوان دەمێنێتەوە و تەواو نزم دەبێتەوە و لێوەكان لەیەك جیا دەبنەوە، دەنگەكە بەرز دەدرێتە دەر.
ـ (i): بزوێنێكی زۆر نزم و كورتە.
شێوەی سازبونی: زمان لەپشتەوەی زوان دەمێنێتەوە و هەردوك لێوەكان لەیەك جیا دەبنەوە، دەنگێكی كورتە.

**ـ دەنگەنەبزوێنەكان:**

پیتەنەبزوێنەكان ئەم پیتانەن كە لە كاتی ئاخاڤتنەوە، گران و تەوژم دێنەدەرەوە و هەموشە بەیارمەتی پیتەبزوێنەكان دەدركێندرێن.
ـ ئەم دەنگانە لە كاتی دەربڕینیان هەندێك لە ئەندامانی نێو دم لەیەكتر نزدیك دەبەنەوە یان وەیەك دەكەون و دەبنە بەرهەڵست بۆ ئەم ڕەوتەهەوایەی كە لە سیەكان دێنەدەر.

**.تایبەتمەندی دەنگەنەبزوێنەكان لەڕوی دەنگناسیەوە:**

ـ پیتی (ب): دەنگێكی لێوی و بڵاوەیە.

شێوەی سازبونی: لێوی خوارەوە و سەرەوە دێنە سەریەک، ژێیەکان دەلەرێنەوە، دەنگێکی وەستاوە.

پیتی (پ): پیتێکی لێوی و بڵاوەیە.

شێوەی سازبونی: لێوی خوار و سەرەوە دەکەونە سەریەک و ڕێی بای دەربازبو لە سیەکان دەگرێت، تەوژمێک ساز دەبێت و لێوی خوارەوە خێرا نزم دەبێتەوە و بەشێوەی تەقینەوەیەک، ئەم دەنگە ساز دەبێت، دەنگێکی وەستاوە.

ـ (ت): دەنگێکی ددانی و بڵاوەیە.

شێوەی سازبونی: نوکی زمان خۆی لە ددانەکانی سەرەوە دەدات، دەنگێکی وەستاوە.

ـ (ج): دەنگێکی پوکی و شکاوەیە.

شێوەی سازبونی: لە کاتی درکاندنی، زمان بەپوکی سەرەوە دەخشێت و دەنگێکی وەستاوە.

ـ (چ): دەنگێکی پوکی و شکاوەیە.

شێوەی سازبونی: لە کاتی دەربڕین، زمان لە نێوەڕاستی زوان و بەپوکی سەرەوە دەخشێت و دەنگێکی شکاوە و وەستاوە.

ـ (ح): دەنگێکی گەروی و قورگیە.

شێوەی سازبونی: لە بەشی سەرەوەی ئەوک پەیدا دەبێت و دەنگێکی خشەدار و وەستاوە.

ـ (خ): دەنگێکی ئەوکی و زمانکۆیە.

شێوەی سازبونی: زمان خۆ خڕ دەکاتەوە و دواوەی زمان وە مەڵاشو دەکەوێت، دەنگێکی وەستاوە.

ـ (د): دەنگێکی ددانی و بڵاوەیە.

شێوەی سازبونی: لە کاتی دەربڕینی نوکی زمان بەرەوپێش دەچێت و وەددانەکانی سەرەوە دەکەوێت، دەنگێکی وەستاوە.

ـ (ر): دەنگێکی پوکیە.

شێوەی سازبونی: زمان بەپوکی سەرەو دەلکێت، دەنگێکی لەرزۆک و وەستاوە.

ـ(ڕ): دەنگێکی پوکیە.

شێوەی سازبونی: زمان بەرەوپێش دەچێت و نوکی زمان بەپشتەوەی ڕەقایی پوک دەلکێت، دەنگێکی لەرزۆک و وەستاوە.

ـ (ز): دەنگێکی پوکیە.

شێوەی سازبونی: بەشی پێشەوەی زمان نزدیک بەپێشەوەی مەڵاشو دەبێتەوە، ژێیەکان دەلەرێنەوە، دەنگێکی وەستاوە.

ـ (ژ): دەنگێکی پوکی مەڵاشوییە.

شێوەی سازبونی: لە کاتی دەربڕینی نێوەڕاستی زمان بەرز دەبێتەوە و لێوەکان شێوەخڕبونەوەیەک دەگرن، دەنگێکی وەستاوەیە.

ـ (س): دەنگێکی پوکیە.

شێوەی سازبونی: بەشی پێشەوەی زمان نزدیک بەپێشەوەی مەڵاشو دەبێت و نەختەکەلێنێک ئەم فۆنە ساز دەکات، لە کاتی درکاندنی زمان بەرەوپێش دەچێت، دەنگێکی خشۆک و گڕە.

ـ (ش): دەنگێکی پوکی و مەڵاشوییە.

شێوەی سازبونی: زمان بەرەوپێش و لەنێوان مەڵاشو و پوک گرێیەک ساز دەکات، دەنگێکی وەستاوە.

ـ (ع): دەنگێکی گەرویی و قوڕگیە.

شێوەی سازبونی: تەقینەوەی دەنگ لەنێوان ئەوک و زمانبچکۆڵە ئەم دەنگە ساز دەکات، دەنگێکی وەستاوە.

ـ (غ): دەنگێکی ئەوکی و زمانکۆییە.

شێوەی سازبونی: لە سازبونی، زمانبچکۆڵە دەورێکی سەرەکی دەبینێت، دەنگێکی وەستاوە.

ـ (ف): دەنگێکی لێوی ددانیە و کپە.

شێوەی سازبونی: ددان و لێو هاوبەش دەبن و خۆ لەیەک دەدن و ژێیەکان دەلەرینەوە، دەنگێکی ژێیەدار و وەستاوە.

ـ (ڤ): دەنگێکی لێوی ددانیە.

شێوەی سازبونی: ددان و لێو هاوبەش دەبن، با لە سیەکانەوە دێت و لە لوت دەدرێتەدەر، دەنگێکی بێژێی و وەستاوە.

ـ (ق): دەنگێکی زمانبچکۆڵە و بڵاوەیە.

شێوەی سازبونی: دواوەی زمان بۆلای نەرمەمەڵاشو دەچێت و پێش لەم بڕەهەوایە دەگرێت و لەرینەوە ڕودەدات، دەنگێکی وەستاو و کپە.

ـ (ک): دەنگێکی نەرمەمەڵاشوییە.

شێوەی سازبونی: نێوەڕاستی زمان خۆی لە مەڵاشو دەدات، پێش لە بای سیەکان دەگرێت و تەوژمێک دروست دەکات، دەنگێکی تەقیوەیە.

ـ (گ): دەنگێکی نەرمەمەڵاشوییە.

شێوەی سازبونی: لە کاتی دەربڕینی، نێوەڕاستی زمان خۆی لە مەڵاشو دەدات، ژێیەکان دەلەرێنەو، دەنگێکی تەقیوەیە.

ـ (ڵ): دەنگێکی پوکی و لازمانیە.

شێوەی سازبونی: نوکی زمان بەرەو ڕەقەمەڵاشو بەرز دەبێتەوە، دەنگێکی وەستاوە.

ـ (ل): دەنگێکی پوکی و لازمانیە.

شێوەی سازبونی: زمان بەرەوپێشەوە دەچێت و بەپوکی سەرەوە دەلکێت، دەنگێکی وەستاوە.

ـ (م): دەنگێکی لێوی و کەپۆییە.

شێوەی سازبونی: لێوی خوارەوە و سەرەوە بۆ سازکردنی ئەم دەنگە بەشدارن، ژێیەکان دەلەرێنەوە و بای لە سیەکانەوە دێت و لە لوتەوە دەدرێتەدەرەوە، دەنگێکی لوتیە.

ـ (ن): دەنگێکی ددانی و لوتیە.

شێوەی سازبونی: زمان بەرەوپێشەوە دەچێت و بەپوک و ڕیزەددانەکانی سەرەوە دەلکێت، بای لە لوتەوە دەدرێتەدەر و دەنگێکی وەستاوە.

ـ (هـ): دەنگێکی ئەوکی و قوڕگیە.

شێوەی سازبونی: لەبەشی خوارەوەی ئەوکەوە پەیدا دەبێت، دەنگێکی وەستاوە.

ـ (و): دەنگێکی لێویە و شێوەبزوێنە.

شێوەی سازبونی: هەردو لێو خڕ دەکرێنەوە و زمان لە نێوەڕاستی زوان دەمێنێتەوە، بڕەهەوایەک دەدرێتەدەرەوە، دەنگێکی شێوەبزوێنە.

ـ (ی): دەنگێکی پوکی و مەڵاشوییە.

شێوەی سازبونی: زمان لە نێوەڕاستی زوان دەمێنێتەوە و هەردوک لێو دەکێشرێنەوە، دەنگێکی شێوەبزوێنە.

**شێوەی جوداکردنەوەی پیتەکانی زو انی کوردیک لەڕوی نیگاریەوە:**

ـ پیتی (ب، پ، ت) بەخاڵ لەیەک جودا دەکرێنەوە.

ـ پیتی (چ، خ، ج، ح) بەخاڵ لەیەک جودا دەکرێنەوە.

ـ پیتی (ز، ژ) بەخاڵ لەیەک جودا دەکرێنەوە.

ـ پیتی (س، ش) بەخاڵ لەیەک جودا دەکرێنەوە.

ـ پیتی (ف، ڤ، ق) بەخاڵ لەیەک جودا دەکرێنەوە.

ـ پیتی (ع، غ) بەخاڵ لەیەک جودا دەکرێنەوە.
ـ پیتی (ر، ڕ) بەهەوتەک لەیەک جودا دەکرێنەوە.
ـ پیتی (د، ڎ) بەخاڵ لەیەک جودا دەکرێنەوە.
ـ پیتی (ێ، ی، ۋ) بەهەوتەک و هەشتەک لەیەک جودا دەکرێنەوە.
ـ پیتی (ڵ، ل) بەهەوتەک لەیەک جودا دەکرێنەوە.
ـ پیتی (ۆ، و، وو، وٓ، ۊ) بەهەوتەک و هێڵێکی ڕاست و خاڵ لەیەک جودا دەبنەوە.
ـ پیتی (گ، ک) بەدانانی هێڵێکی لار لەسەر (ک).
ـ پیتی (ا) سەربەخۆیە.
ـ (ه) سەربەخۆیە.
ـ (هـ) سەربەخۆیە.
ـ (ۋ) سەربەخۆیە.
ـ (م) سەربەخۆیە.
ـ (ن) سەربەخۆیە.

**ـ پیتەخاڵداره‌کان:**
ـ (ب، ج، خ، ز، غ، ف، ن) ١ خاڵ.
ـ (ت، ق، ێـ، یـ، ۊ) ٢ خاڵ.
ـ (پ، ژ، ش، ڤ، چ، ڎ) ٣ خاڵ.

**.دەنگ و فۆنیمی ڕێنوسی ڕاستچین بەپێی دەربڕین و درکاندن، بە ٥ جۆردابەش دەکرێن:**
ـ دەنگەگەروییەکان: (ح، ع).
ـ زمانکۆیی: (خ، غ، ق).
ـ لێوی و ددانیەکان: (ت، د، ن، ف، ڤ، پ، ب، م، و، ۊ، وٓ، ۋ، ڎ).
ـ پوکی و مەڵاشوییەکان: (ش، س، ز، ژ، چ، ج، ل، ڵ، ر، ڕ، ک، گ، ی)
ـ ژێیی (نای): (هـ، ئـ)

**ـ پیتەلکاوەکانی زوانی کوردیک ٢٦ دانەن:**
(ب، پ، ت، خ، ح، ج، چ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ک، گ، ل، ڵ، م، نْ، هـ، ی، ی، ێ،

ێ).

**ـ پیتەنەلکاوەکانی ئەلفبێ کوردی، ١٤ دانەن:**

(ۆ، و، ق، وو، ە، ا، د، ڕ، ر، ز، ژ، و، وَ، ۋ).

**پیتی لکاو و نەلکاو:**

پیتی لکاو: ئەم پیتانە توانایی ئەمەیان هەیە کە پیتێکی دیکە بەخۆیانەوە بلکێنن. وەکو پیتی (ن)، کە هەر پیتێکی دیکەی ئەلفبێ کوردیک لەپێش و پاشیەوە بێت، پەیوەدەلکێندرێت. وەکو هاتنی پیتی (م)، کە دەبێتە (من) و (نم).

پیتی نەلکاو: ئەم پیتانە تەنیا لایەکیان توانایی لکانی لەگەڵ پیتێکی دیکەوە هەیە. وەکو پیتی (ا) کە کاتێک بکەوێتە دوای پیتێکی لکاو، توانایی لکانی هەیە. وەکو لکاندنی لەگەڵ پیتی (ت) کە دەبێتە (تا) و کاتێکیش بکەوێتە پێش ئەم پیتە، دەبێتە نەلکاو، بەم شێوە (ات).

**.دەنگ ((sound(آوا):**

ئەم دەنگانەی کە مرۆڤ و گیانداران و هەمو ئەم دەنگەسروشتیە و ناسروشتیانەی دەیانبیستین، دەنگی باران، مۆسیقا، گۆرانی، هاوار، خوڕەی ئاو، دەنگی ئاژەڵەکان...تاد، دەنگ دەوترێت.

**.فۆن (phon):**

بەم دەنگانەی کە ئەندامی ناسەرەکی ئاناتۆمی مرۆڤ لە بەشی دەنگسازی وەکو هامرازی ئاخاڤتن پێکیان دێنێت. واتا لەڕێی ژێیە و سیەکان سازیان دەکات و بەئاڵوگۆڕکردنیان واتەی وشە دەگۆڕێت. هەمو دەنگێک نابێتە فۆن و واج، هەندێک دەنگ هەنە کە بەشێوەی سروشتی و ناسروشتی ساز دەکرێن، وەکو: (تەقە، زیقە، قیژە، فیکە، ڕمبە، مۆسیقا...تاد)، ئەمانە فۆن هەژمار ناکرێن، بەڵام دەبنە دەنگ، ئەم دەنگانەی کە مرۆڤ لەڕێگەی ئەندامانی ئاخاڤتن سازیان دەکات و لە زنجیرە و قەتارەبەستنیانەوە وشە ساز دەکرێت و بەهاڵوگۆڕیان واتای وشەی دەگۆڕێت، فۆن و واج دەکوترێت.

ـ واج، لە فۆن گرینگترە، چون واتا و چەمکی وشە دەگۆڕێت، بۆیە هەمو فۆنێک دەنگە، بەڵام هەمو دەنگێک فۆنیم و واج نیە.

**.وشە (Word)،(كلمة):**

بەکۆمەڵەدەنگێک کە لەڕێی ژێی و سیەکان ساز دەبێت و قەتارە دەبەستن و یەکدانیەی زوانیە کە واتایەکی سەربەخۆ دەدات. واتە لە یەک یا چەند مۆرفیمێک پێکدێت و لە زنجیرەی کەرەستەی یەکەکانی دەستوری زوان لەنێو پێکهاتنی گرێ، بەکار دەبردرێت.

**.تەکواژ، مۆرفیم (morphem):**

ئەم کەرتە تەکواژەیە بچوکترین پێکهاتەی واتاداری زوانیە کە لە قەتارەبەستنی، وشەیەکی واتادار ساز دەبێت، هەر وشەیەک لە یەک یا چەند مۆرفیم ساز دەبێت (بڕوانە بەشی وشەناسی بەرگی دوەمی ئەم پەرتوکە).

**.دەستەوشە یان گرێ، فرێز(phrase):**

پێکهاتەی وشەیەک یا زنجیرەوشەیەک، کە هاوشێوەی یەکەیەکی سینتەکسی و هاستێکی بازنەی سینتەکسی هەبێت و لە هەڵکەوتنی دیکەی هاستی سینتەکسەوە یان ڕستەوە وەک ئەم یەکەیە بەکار بهێنرێتەوە و گرێیەکی ناوی و گرێیەکی کاری تێدا بێت.

**.ڕستە (sentence)،(جملة):**

پێکهاتەی وشانێک و گرێ یا دەستەوەشەیەک کە ڕاگەیاندن و پرسیار یان هەواڵێک و سەرسووڕمانێکی تەواوی تێدا بێت، لە باری ڕێزمانیەوە.

**.بڕگە، کەرتە (Syllable)،(هجا):**

هەڵکەوتن و پێکهاتەی دو یا چەند فۆنی بزوێن و نەبزوێن لەلای یەکتر کە بەیەک هەناسە یان بێبڕینی هەناسە لە دم و زوان بەجارێک دێنەدەر. لە هەر بڕگەیەکیش، بزوێنێک هەیە و بزوێن و دەنگدارەکان لە سەرەتای بڕگەوە دەرناکەون.

ـ لە هەر بڕگەیەکەوە، کورتەبزوێنێک هەیە.

ـ بڕگە بەبزوێن دەست پێناکات و بزوێن ناکەوێتە سەرەتای بڕگە، بەڵام دەتوانێت بەبزوێن کۆتایی بێت.

ـ لەنێوان وشەیەک، هەرچەند بزوێنێک هەبێت، ئەوەندەش بڕگە، کەرتە دەکرێت.

# وانەی (٢)

**پیتی ( ئ، ا )، (Ee, Aa)**

ـ پیتی (ئـ)،(Ee) ناسراو بە "هەمزە". (Low pitch)

ئەم دەنگە وەکو لەسەر بنەمای فۆنۆلۆجی دەرکەوتنی لەنێو زوانی کوردیکەوە نیە و بەپێی فۆنەتیکی زوانی کوردیک دەردەکەوێت و هاوشێوەی فۆنێک کارایی نیە و هەژمار ناکرێت. کەچی لە ڕێنوسی ڕاستچین هێمای هەیە و نابێتە هۆی گۆڕینی واتای وشە و هێزی واجی نیە. ئەمەش حاڵەتێکی تایبەتە و یەکیەک لە تایبەتی و گرنگیەکانی فۆنیم و واج، گۆڕینی واتای وشەیە. لەسەر هاستی دەنگسازی کوردیک ئێمە چ بڵەین (ا) و چ (ئا) هەریەک فۆنن، بێژەکردن و سازکردنی فۆنی (ا) لە نێوەڕاست و کۆتایی هەر بڕگە و وشەیەکەوە، ڕێک هاوشێوەی دەستپێک و سەرەتای وشەیە. فۆنی (ئێ، ئۆ، ئە، ئیـ، ئو، ئو، ئوٓ) ڕێک بەم شێوەن. هیچکام لە دەنگەکان گۆڕانکاریان بەسەر نایەت، واتا دەنگ و سیستمی دەنگی (ئۆ) لەگەڵ (ۆ) لە داتای تاقیگەیی سازکردنی دەنگ و هەڵکەوتنی شێوەی سازبونی ئەم فۆنە، یەکشێوە و یەک داتان. بەڵام تاکو ئەمڕۆ کورد هەر بەم شێوەیە لە ڕێنوسی ڕاستچین ڕاهاتوە کە هیچکات بزوێن لە سەرەتای وشە و بڕگە نایەت! ئەمەش بەم هۆیەیە کە سیستمی فۆنسازی ئەم زوانە، توانایی بێژەکردنی ئەم فۆنەی لە سەرەتای وشەوە نیە. کەچی ئەم دیاردەیە لە زوانی کورمانجی وەبەرچاو ناکەوێت کە هەمان داتاسازی و هەمان مکانیزم و هەمان مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجیە! کەواتە ئەم دیاردەیە، دیاردەیەکی ڕێنوسیە، نەک فۆنۆلۆجیکی. بەم هۆیە کەڵک لە پیتی هەمزە وەکو پیتێکی یارمەتیدەدەر و هالیکار، لە سەرەتای وشە وەردەگرن و ئەمەش دیاردەی دەنگی نیە، بەڵکو وێدەچێت حەزێکی جواننوسی ڕێنوسی و خۆجیاناساندنی ئەلفبێ و خۆپاراستنی لە ئەلفبێ داروسیانی بێت، چون سیمایەکی جوانی نیە ئەم شێوەنوسینە:

ئەوە ـ ەوە　　ئێوە ـ ێوە　　ئۆخەی ـ ۆخەی　　ئیلام ـ یلام

ئورمیه ـ ورمیه ئۆشم ـ ۆشم له + ئێره = لێره له + ئەوێ = لەوێ

له + ئەوان = لەوان له + ئەمه = لەمه

کەچی له ڕێنوسی چەپچین و هەمان لاتین، ئەم دیاردەڕێنوسیه پەیدا نابێت. هەربۆیه م. جەلادەت بەدرخان لەبری پیتی هەمزه (ئـ) بۆ ڕێنوسی چەپچین پیتی هەڵنەبژاردوه و بەم شێوەیه دەردەکەون:

ئەوه ـ Ewe ئێوه ـ Êwe ئۆخەی ـ Oxey ئیلام ـ Îlam

ـ فۆنی (ئـ) دەنگێکی قوڕگیه، له خوارەوەی قوڕگەوه بڕەهەوایێک ساز دەکرێت که دەبێته هۆی سانادەربڕینی فۆنی نزم و بەرز و کراوەی بزوێنی زوانی کوردیک و فۆنێکی نەبزوێن و کۆنسۆنانته. واته بۆ دەربڕینی فۆنی (ی) بەتەنیا و بێهێنانی شێوەدەنگی (ە) نزم یا (ا) بەرز، له سەرەتای بڕگه، ئەمه دەردەکەوێت که ئەم بڕەهەوایه پێشگرتنێکی لەپێش سیه و ژێیەکانه که دەبێته کۆسپ بۆ دەربازبونی هەوای سازبونی ئەم فۆنانه و هاتنی (ئـ)، یارمەتی سازبونی ئەم فۆنه دەدات له هاستێکی فۆنەتیکی که تەنیا لەگەڵ بزوێنەکان دەردەکەوێت. واته ئەم پیته خۆی نەبزوێنه و ئەم وشانەی که ئەم پیته لەگەڵیان دەردەکەوێت گشتی بزوێنن، بۆ ناسینی باری فۆنی ئەم وشانەی که ئەم پیته لەگەڵیان دەردەکەوێت پەیویسته هاستی لێکچوون و فۆنگۆڕینی مێژویی ئەم وشانه لەبەرچاو بگرین که بەزۆری هەرەزۆریان، پیتی نەبزوێنی (ئـ)یان نیه و تەنیا توشی لێکچوونی مێژویی کراون. زانستی فۆنۆلۆجی مێژویی و پشکنینی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی ڕێگەمان بۆ خۆش دەکات و بۆمان دەکاتەوه که ئەم وشانەی که پیتی (ئـ)یان بەهێزکراوه و گرنگترین پیت ناسراوه، لەنێو زوانی کوردیک بەشی ڕێنوسی ڕاستچینەوه له وشەی کۆنی (asmān) فۆنی سەرەتای وشەکه نەبزوێنی (ئـ) نیه، بەڵکو بزوێنی بەرزی (ā)، (ا)یه. له وشەی ئەوێستا (aspā) و پەهلەویک (aspa) بەمشێوەیه بوه، واته (ەسپ) که بۆ جوانوسی پیتی (ئـ) دێته سەر بزوێنی (ە) و بەشێوەی (ئە) و (ئەسب) بەکار دێت. له لێکچوونی فۆنۆلۆجی مێژویی خۆی فۆنێکی بزوێنی (a) = (ە)، نەک نەبزوێنی (ئـ)، هێزی فۆنی هەمزه، فۆنەتکیه و فۆنۆلۆجی نیه و ئەم نمونانەی وەکو: (ئحم، ئم) و کۆمەڵێک شێوەی (ئـ)م دەهێنەوه. بەگشتی لێکچوونی فۆنی بزرۆکەیه لەگەڵ فۆنی (ئـ) بۆ خاوەندار ناساندنی ئەم فۆنه بەفۆنێکی کوردی، کەچی لەڕاستی بێپەیوەندی به کوردیه.

له ئەلفبێ ڕاستچین، بزوێنی (ۆ، و، وو، وٓ، ۊ، ێ، ۍ، ی، ە، ا)، له سەرەتای وشه و بڕگەی ڕێنوسی ڕاستچین دەرناکەون که هۆکارێکی جوانوسی ڕێنوسی هەیه و بۆ ئەمەی که ئەم ١٠ بزوێنه، له سەرەتای بڕگه و وشەی کوردیک دەربکەون، کەڵک له پیتی (ئـ) وەردەگرین وەکو

پیتێکی یاریدەدەر:

آ = ئا A =　　اَ = ئە E =　　اِ = ئێـ Ê =

اٗ = ئۆ O =　　او = ئو U =　　ای = ئیـ Î =

ـ ئەم پیتە هەندێکجار دەکەوێتە نێوەڕاستی وشە. کاتێک کە دو بزوێن بەدوای یەکەوە دەرکەوتبن، ئەرکی یارمەتیدەدەری خۆی دەگەیەنێت و بەگشتی لەسەر بنەمای لێکسیکۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی پێویست ناکات بنوسرێتەوە چون واتای وشە ناگۆڕێت و هێزی فۆنۆلۆجی نیە و نابێتە واج، وەکو:

(قوڕئاو، ڕۆژئاوا، خۆرئاوا، ماستئاو، شۆربئاو،ماڵئاوا، دەستئاو، بەرئاو، تێرئاو، مرئاوی، تیزئاو، میزئاو، پارئاو، بەندئاو، تاڵئاو).

لەم وشانە، بەهۆی دیاردەی پەیدابونی دەنگ، پیتی (ئـ) هیچ گۆڕانکاری ناهێنێتە سەر واتای وشە و نابێتە واج. لە کاتی دەربڕینیشیان دەبێتە هۆی قورس و گرانبونی ئەم وشانە، لە چوارچێوەی قرتاندن و تواندنەوەی زوانی، ئێمە کەڵک لەم بەشە وەردەگرین و پیتی (ئـ) لەم وشانەوە دەقرتێنین، وەکو:

قوڕ + ئاو ـ قوراو Quŕaw　　ڕۆژ + ئاوا ـ ڕۆژاوا Ŕojawa

ماست + ئاو ـ ماستاو Mastaw　　شۆرب + ئاو ـ شۆرباو Şorbaw

ماڵ + ئاوا ـ ماڵاوا Malawa　　دەست + ئاو ـ دەستاو Destaw

بەر + ئاو ـ بەراو Beraw　　تێر + ئاو ـ تێراو Têraw

مر + ئاوی ـ مراوی Mirawî

**تێبینی:** ماڵئاوا (ماڵت ئاوەدان) هەندێکجار وەکو ڕێزگرتن و هەندێکجار وەکو ڕەخنە و ناڕزایەتی بەکار دێت. بەواتای (ماڵ ئاوەدانی و ڕوناکی و ئاوایی) دێت: (ماڵاوا)، لەبری (خوداحافیزی و ماڵاوایی) بەکار دێت. کە هاستی سینتەکسیان هەیە، نەک لێکسیکی. واتە کاتێک ئەم پیتەی (ئـ) لەم وشانە دەردەکەوێت، دەچێتە بارێکی ڕستەیی، وەکو:

ـ (ڕستەیی): خۆر ئاوا بو، ڕۆژ ئاوا بو (غروب)

ـ (لێکسیکی): ڕۆژاوا، خۆراوا (غرب).

ـ (لێکسیکی): ماستئاو: ماست + ئاو = ماستاو.

ـ (لێکسیکی): قوڕئاو: قوڕ + ئاو = قوڕاو.

ـ (لێکسیکی): شۆڕبئاو: شۆڕب + ئاو = شۆڕباو.

ـ (لێکسیکی): دۆغئاو: دۆغ + ئاو = دۆغاو.

ـ (لێکسیکی): تێرئاو: تێر + ئاو = تێراو
ـ(لێکسیکی): دەستئاو: دەست + ئاو = دەستاو.

**ـ لە نێوەڕاستی وشە بەم شێوەیە دەردەکەوێت:**
(قورئان، ئنشائەنڵڵا، ماشەئەڵڵا)

لەم هاستە دەردەکەوێت کە پیتی (ئـ) چ لە نێوەڕاست و چ لە سەرەتا و کۆتایی وشەی کوردیک، هیچ ئەرکێکی فۆنۆلۆجیکی و واجی نیە و واتای وشەکە ناگۆڕێت و دەرکەوتنی لە سەرەتای وشەی کوردیک، پتر ڕێنوسیە تاکو زانستی فۆنۆلۆجیکی زوانی کوردیک. واتە ئەم پیتە ئەرکێکی فۆنەتیکی دەگرێت ئەستۆ وئەرکی واجی نیە. هەربۆیە لەنێو ئەلفوبێەکەی زوانی کوردیک، پیتی (ئـ)م وەکو پیت هەژمار نەکردوە. زوانی کوردیک چ لە ئاخاڤتن و چ لە ڕێنوس خوی بەم پیتە نەگرتوە. ڕاستە پیتەکە لە ڕێنوسی عەرەبی وەرگیراوە و ئەمەش یەکێک لە هۆکارەکانە، لەم وشانەی کە کورد توشی لێکچوونی کردون. دیارە فۆنی سەرەکی وشەکە نەبزوێنی (ئـ) نەبوە و بزوێنن، وەکو:

لێکچوون لەگەڵ پیتی (هـ):

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئاوێنە ـ هاوێنە | ئامراز ـ هامراز | ئێوارە ـ هێوارە | ئاوەڵناو ـ هاوەڵناو |
| ئاوەڵکار ـ هاوەڵکار | ئێستا ـ هێستا | ئیشتیا ـ هیشتیا | ئاست ـ هاست |
| ئی ـ هی | ئی من ــ هی من | ئومید ــ هومید | ئێستر ـ هێستر |
| ئالیکار ـ هالیکار | ئاواڵ ـ هاواڵ | ئەڤاڵ ـ هەڤاڵ | ئۆشم ـ هۆشم |
| ئیشک ـ هیشک ـ ویشک | | | |

لێکچوون لەگەڵ پیتی (ە):

| | | |
|---|---|---|
| ئەچم ـ دەچم ـ ەچم | ئەکەم ـ دەکەم ـ ەکەم | ئەخۆم ـ دەخۆم ـ ەخۆم |

لێکچوون لەگەڵ پیتی (ع):

| | | |
|---|---|---|
| عەزیز ــ ئەزیز ــ ئازیز ـ هازیز ــ حازیز | عەشق ــ ئەشق | عەقڵ ــ ئەقڵ |
| عەرەب ــ ئەرەب ــ ئارەب ــ هارەب ــ حارەب | | عێراق ــ ئێراق |

ئەم لێکچوونە، بەپێی لێکچوونێکی مێژوویی هاتوتەپێشەوە، هەربۆیە کورد وەکو خوگرتن،

خوی بەم پیتەوە نەگرتوە. فۆنی (ا) لە هاستی لێکچوونی فۆنی لە تەتەڵەی مێژوویی خۆی، بەزۆر لەگەڵ فۆنی (هـ، ع، ح، م) توشی لێکچوون بوە.

هەر ئەم لێکچوونەش بوە هۆی ئەمەی کە هاستی بەکارهێنانی مۆرفیمی (دە) لە پرۆسەی دارشتنی رێنوسێکی هاوبەش بۆ زوانی کوردیک، لەبری (ئە) بەکار بێت. کاتێک کە بەشێوەی قرتاندنی ئەم پیتە بێنە هاستی رێنوس، بەم شێوەیە، لە کارەکانی:

(ئەخۆم، ئەچم، ئەکەم، ئەنوسم، ئەبەم، ئەڵێم...تاد)، کورد کەڵکی لە مۆرفیمی (دە) وەرگرتوە: (دەخۆم، دەچم، دەکەم، دەنوسم، دەبەم، دەڵێم...تاد).

**ـ پیتی هەوتەمی بزوێنەکان، پیتی (ا)، (Aa).**

ئەم پیتە یەکێک لە ١١ بزوێنەکانە کە لە سەرەتای برگە و وشەی رێنوسی راستچین دەرناکەون و بۆ ئەمەی کە لە سەرەتای برگە و وشەی کوردیک بەکاریان بێنین، کوتمان لە پیتێکی یارمەتیدەدەر کەڵک وەردەگرین کە پیتی (ئـ)یە، وەکو:

(آ = ئا)

آوات = ئاوات Awat =　　آرام = ئارام Aram =　　آرزو = ئارەزو Arezu =

آمانج = ئامانج Amanc =　　آلمان = ئاڵمان Alman =　　آسایش = ئاسایش Asayiş =

**ـ لە نێوەراست و کۆتایی وشە بەدو نیگاری (ا، ـا) دەردەکەوێت، چون پیتێکی نەلکاوە لە نێوەراست و کۆتایی وشە بەم دو شێوەیە دەردەکەوێت:**

کوردستان Krdistan　　مارا Mara　　ڤارا Vara　　باران Baran　　جاران Caran

دنیا Dinya　　رۆیا Ŕoya　　میدیا Mîdiya　　چیا Çiya　　زانا Zana

**ـ لەم وشانە دەوری واج دەگرێت:**

| | |
|---|---|
| ـ Beran بەران (قوچ) | Baran باران (باران) |
| ـ Ber بەر (بر) | Bar بار (بار) |
| ـ Ser سەر (سر) | Sar سار (سرد) |
| ـ Ker کەر (الاغ) | Kar کار (کار) |
| ـ Her هەر (هر) | Har هار (هاری) |
| ـ Weran وەران (ریزش) | Waran واران (باران) |
| ـ Şer شەر (پارە) | Şar شار (شهر) |

ـ Şek شەک (بره دو بهار دید) Şak شاک (قاچ)
ـ Nenik نەنک (مادر بزرگ) Nanik نانک (نوعی نان).
ـ Tek تەک (تنها) Tak تاک (فرد).
ـ Deran دەران (بیرون) Daran داران (درختها).
ـ Mele مەلە (شنا) Mela مەلـا (ملا).

**ڕاهێنیان**

١: پێنج وشە بنوسە پیتی (ئـ) تێدا بێت؟

٢: پێنج وشە بنوسە پیتی (ا) تێدا بێت؟

٣: کام لەم وشانە دروستن؟

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ماڵاوا | ڕۆژئاوا | قوڕئاو | خۆراو | ماستئاو |

٤: چ کاتێک پیتی (ئـ) دەقڕتێنین؟

٥: کام لەم وشانە نادروستن؟

| | | | |
|---|---|---|---|
| سەیدئاوا | تیژئاو | میرئاوا | میزئاو |
| کەندئاو | بادینئاوێ | میرئاوێ | |

# وانەی (٣)

**(ب، پ، ت)،( Tt،Bb, Pp)**

پیتی سێیەم و چوارەم و پێنجەمی نەبزوێنەکان و ئەلفبێ کوردی، سێ پیتی لکاو.

**پیتی (ب)، (Bb)**

هاوشێوەی نەبزوێنەکان، هیچ گۆڕانکاری بەسەر نایەت و لە سەرەتا و نێوەڕاست و کۆتایی بڕگە و وشە، بەچوار شێوەنیگاری (بـ، ـبـ، ـب، ب) دەردەکەوێت.

**ـ لە سەرەتای وشە بەشێوەی (بـ) دێت، وەکو:**

باوان Bawan، باغەوان Bax'ewan، بێستون Bêsitun، بژی Bijî، بڕۆ Biŕo، بنکۆڵ Binkol، بەران Beran، بوێر Biwêr، بڤە Bive، بچکۆل Biçkol.

**ـ لە نێوەڕاستی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (بـ) دەردەکەوێت، وەکو:**

نۆبە Nobe، ڕەبەن Ŕeben، زەبەن Zeben، وەبەرWeber ، کابان Kaban، تابان Taban، شەوبۆ Şewbo، ڕەبستە Ŕebiste، دابەست Dabesit، سەربەست Serbsit.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـبـ) دێت، وەکو:**

سبەی Sibey، بەیبون Beybun، دەستبڕ Desitbiŕ، هەمبەر Hember، بەرانبەر Beranber، کۆچبەر Koçber، دڵبەر Dilber، ڕێبەر Ŕêber، سێبەر Sêber.

**ـ لە کۆتایی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (ب) دێت، وەکو:**

داب Dab، کەڵەباب Kelebab، شەڕاب Şeŕab، کەباب Kebab، سەراب Serab.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـب) دێت، وەکو:**

غەریب X'rîb، زیب Zîb، جیب Cîb، نەجیب Necîb، شیب Şîb، ڕەقیب Ŕeqîb، تەریب Terîb.

**ـ لەم وشانە دەوری واج دەگرێت:**

ـ داب (رسم)، دار (درخت)، داس (داس)، داش (پیادە شطرنج)، داو (دام).

ـ باب (پدر)، بار (بار)، باش (خوب)، بان (بام).

ـ بەر (بر)، دەر (در) سەر (سر)، کەر (الاغ)، گەر (اگر)، وەر (جلو، بیا)، هەر (هر).

ـ بۆر (خاکستری)، زۆر (زیاد)، جۆر (نوع)، شۆر (شور)، قۆر (لاغر)، مۆر (مهر)، خۆر (خورشید)، تۆر (قهر).

**. پیتی (پ)، (Pp)**

**ـ پیتی چوارەمی نەبزوێنەکان و ئەلفبێ کوردی، پیتی (پ)، (Pp).**

هاوشێوەی نەبزوێنەکان، لە سەرەتا و نێوەڕاست و کۆتایی وشە بەچوار شێوەی (پـ، ـپـ، پ، ـپ) دەردەکەوێت.

**ـ لە سەرەتای وشە بەشێوەی (پـ) دێت، وەکو:**

پەپولە Pepule، پێچکە Pêçke، پاوان Pawan، پەرتوک Pertuk، پایز Payiz، پنگە Pinge، پەستە Peste، پەرەستو Perestu، پەری Perî، پەستۆ Pesto، پاکڵ Pakil، پەیڕەو Peyŕew، پاساو Pasaw.

**ـ لە نێوەڕاستی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (پـ) دێت، وکو:**

تەپە Tepe، ڕەپە Ŕepe، کۆپە Kope، زڕپە Ziŕpe، داپیر Dapîr، خاپور Xapur، سەرپشک Serpişik، لاپاڵ Lapal، داپڵۆسا Daplosa، خرپە Xirpe، شەپیلک Şepîlik، چەپۆکە Çepoke، تەپکە Tepke.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـپـ) دێت، وەکو:**

شڵپە Şilpe، شیپان Şîpan، دڵپڕ Dilpiŕ، سپی Sipî، بنپشک Binpişk، سێپەڕ Sêpeŕ، بنپەڵ Binpel، سیپان Sîpan، هەڤپەیڤ Hevpeyv، لیپاولیپ Lîpawlîp، ڕیپۆق Ŕîpoq.

**ـ لە کۆتایی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (پ) دێت، وەکو:**

خراپ Xirap، قاپ Qap، شەپ Şep، چەپ Çep، تەپ Tep، سوپ Sop، گڵۆپ Glop، زرپ Zirip، تۆپ Top، پەپ Pep.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـپ) دێت، وەکو:**

شیپ Şîp، زیپ Zîp، لیپ Lîp، تیپ Tîp، پڵپ Pilip، قڵپ Qilip، تڵپ Tilip، لیپاولیپ Lîpawlîp، هەسپ Hesip، کپ Kip.

**ـ لەم وشانە دەوری واج دەگرێت:**

ـ شەپ (لگد)، شەڕ (جنگ)، شەم (شمع)، شەو (شب)، شەق (شاداب).

ـ پار (پارسال)، دار (درخت)، مار (مار)، یار (یار)، کار (کار)، شار (شهر).

ـ پور (خاله، عمه)، تور (ترب)، سور (سرخ)، جور (جور)، هور (نرم)، ژور (تو، داخل).

**. پیتی (ت)، (Tt)**

**ـ پیتی (ت)،(Tt) پێنجەمین پیتی نەبزوێنەکان و ئەلفبێ کوردی.**

هاوشێوەی نەبزوێنەکان لە هەموبەشێکی وشە بەچوار نیگاری (ت، تـ، ت، ـت) لە سەرەتا و نێوەڕاست و کۆتایی وشە دەردەکەوێت.

**ـ لە دەستپێکی وشە بەشێوەی (تـ) دەور دەگێرێت، وەکو:**

تەنیا Tenya، تاوان Tawan، تەسک Tesik، تاپۆ Tapo، تینو Tînu، تەوەر Tewer، تو Tu، تورەکە Tureke، تەنیشت Tenîşit، تاکو Taku، تور Tur، تەمەن Temen.

**ـ لە نێوەڕاستی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (تـ) دێت، وەکو:**

پەتە Pete، پەتۆ Peto، کەوتو Kewitu، شەتاو Şetaw، هەتاو Hetaw، قەتار Qetar، هەتیو Hetîw، کاتژمێر Katjimêr، پەتی Petî.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـتـ) دێت، وەکو:**

نیشتیمان Nîşitîman، کوردستان Kurdistan، هەستان Hesitan، پشتیوان Piştîwan، بەستەڵەک Besitelek، دەستە Desite، ڕستە Ŕiste، میتان Mîtan، بەیتاڵ Beytal، کەمتیار Kemtiyar، بەختیار Bextiyar، جوتیار Cutiyar، بەستەنی Bestenî.

**ـ لە کۆتایی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (ت) دێت، وەکو:**

خەت Xet، ڕەت Ŕet، بابەت Babet، پەت Pet، قەت Qet، شەکەت Şeket، مات Mat، سات Sat، کات Kat، مالات Malat، وڵات Wilat، دێهات Dêhat، نەهات Nehat، جۆگەت Coget.

**ـ لە کۆتایی وشە لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـت) دێت، وەکو:**

تەنیشت Tenîşit، دانیشت Danîşit، هەڵنیشت Helnîşit، بنێشت Binêşit، مست Misit، دەست Desit، ڕاست Ŕasit، ئانقەست Anqesit، هەست Hesit، هەڵبەست Helbesit، پیت Pît.

**ـ لەم وشانە دەوری واج دەگرێت:**

ـ هەتا (تا)، هەدا (آرام)، هەوا (هوا).

ـ شەتە (شته)، شەدە (پارچه ابریشمی)، شەنە (چنكگ)، شەوە (كابوس)، شەلە (شل).
ـ دەنگ (صدا)، تەنگ (تنگ)، ڕەنگ (رنگ)، زەنگ (زنگ)، ژەنگ (زنگ)، مەنگ (آب راكد)، هەنگ (عسل)، شەنگ (زیبا).
ـ تاش (صغره)، قاش (قاچ)، داش (پیاده شطرنج)، هاش (بیخبر)، ماش (ماش)

**تێبینی:** لەسەر بنەمای فۆنۆلۆجیەوە بەهۆی دیاردەی فۆنەتیکی و ناوچەیی لە زۆر ناوچەی كوردستان فۆنەكان توشی گۆڕین و لێكچوون دەبن، كە ئەم ڕێسایە تێكڕای زوانەكانی جیهانی هاوبەشە، وەكو وێنە:

**ـ لێكچوون لەڕوی گڕی و وەستاویەوە، گۆڕینی دەنگی كپ بۆ دەنگی گڕی (ب) بە (پ) وەكو:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| خراپ ـ خراب | پاقله ـ باقله | پاتری ـ باتری | پەتاتە ـ بەتاتە |
| پاقڵاوە ـ باقڵاوە | پەتانی ـ بەتانی | پانتا ـ بانتا | پسكت ـ بسكت |
| پاتلاق ـ باتلاق | گروپ ـ گروب | كەپک ـ كەبک | |

**ـ لێكچوونی دەنگی (ت) بە دەنگی (د):**

| | | | |
|---|---|---|---|
| كردتەوە ـ كردتتەوە | بردتەوە ـ برتتەوە | زیاد ـ زیات | سەد ـ سەت  كەت ـ كەد |
| مەهاباد ـ مەهابات | نەهاتن ـ نەهادن | بژارتن ـ بژاردن | كوشتن ـ كوشدن |

**ـ لێكچوونی (ب) بۆ (و) كە ئەم چەشنە لێكچوونە لەنێوان زوانەئێرانی و كوردیەكان تەواو هاوبەشە، بەتایبەت لە زوانی پەهلەوی و هێستای كورد و زوانی فارسی، وەكو:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| قەساب ـ قەساو | خراب ـ خراو | خەبەر ـ خەوەر | قوربان ـ قوروان |
| سابون ـ ساوون | بیبەر ـ بیوەر | سەبز ـ سەوز | بەنەوشە ـ وەنەوشە |
| باران ـ واران | بەفر ـ وەفر | فەریب ـ فەریو | ئاب ـ ئاو |
| تاب ـ تاو | شەب ـ شەو | كەبک ـ كەوک | بەراز ـ وەراز |
| بەهار ـ وەهار | بێژەر ـ وێژەر | بەور ـ بەبر | تەبر ـ تەور |
| شەب ـ شەو | | | |

**تێبینی:** بەهۆی دیاردەی دەنگخواستن و دەنگوەرگرتن لەسەربنەمای فۆنۆلۆجیكی، لە هەندێک ناوچەی زوانی باكور دەردەكەوێت، ئەگەر فۆنی (ڕ) و (ت) لە زنجیرەفۆنێک بكەونە هاوتەنیشت لەگەڵ فۆنی (ت) و وشەیەک ساز بكەن، ئەمە تۆن و هێزی ئاهەنگی فۆنی (ت)،

دەبێتە (ط)ی قورسی عەرەبی، لە وشەی وەکو: (تاڵ، تاڵاو، تەڵە، تەپڵە، تڵپ) و (تەڕ، تەڕاو، تێڕ، تێڕامان) بەئاشکرا دەبیسترێت کە دەنگەکە، نزدیک فۆنی (ط)ی عەرەبیە. دەرکەوتنی فۆنی کۆن و لێکچووی وەکو؛ فۆنی (چ، ج) گران بۆ زوانی موکریانی و سلێمانی (ق، ع، ح) قورگی و ئەوکی (خ، غ) لە زۆرینەی زوانانی کوردی، هۆکارێکی واجگۆڕین و لێکچوونی مێژویی لەپشتە کە بەشێوەی نازانستی، زۆرکەس توشی نازانستی تێگەیشتنی فۆنۆلۆجیکی و بڕیاردانی فۆنۆلۆجیکی لەسەر زوانی کوردی، بەتایبەت هەنبانەیی وشە و لێکسیکی دەکات.

**ڕاهێنان**

١: پێنج وشە بنوسە پیتی (ت)ی تێدا بێت؟

٢: پێنج وشە بنوسە پیتی (پ)ی تێدا بێت؟

٣: پێنج وشە بنوسە پیتی (ب)ی تێدا بێت؟

٤: ئایا پیتی (پ، ت) هیچکات لە سەرەتای وشە دەرناکەون، بۆ؟

٥: پیتی (ب) و (پ) چ جیاوازیەک دەخەنە سەر واتای وشان و ئایا یەک دەنگن؟

# وانەی (٤)

**پیتی (خ.ج.چ.ح)،(Xx, Cc, Çç, Ĥĥ)**

پیتی لکاوی شەشەم و هەوتەم و هەشتەم و نۆیەمی نەبزوێنەکان و ئەلفبێ کوردی.

**.پیتی (خ)، (Xx)**

**پیتی شەشمی نەبزوێنەکان و ئەلفبێ کوردی.**

لە هەموبەشی وشە لە سەرەتا و نێوەڕاست و کۆتایی بەچوار نیگاری (خـ، ـخـ ـخ، خ) جێگیر دەبێت.

**ـ لە سەرەتای وشە بەشێوەی (خـ) دێت، وەکو:**

خاک Xak، خاو Xaw، خاڵ Xal، خەو Xew، خۆش Xoş، خوشک Xwşik، خانو Xanu، خاوەن Xawen، خوێ Xwê، خوێن Xwên، خینکان Xînikan، خۆر Xor، خاوێن Xawên.

**ـ لە نێوەڕاستی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (خـ) دێت، وەکو:**

مەخابن Mixabin، ئاخێوەر Axêwer، بەختیار Bextiyar، بەداخەوە Bedaxewe، چەرخە Çerxe، بەختەوەر Bextewer، شەختان Şextan، درەخت Direxit، زەخت Zexit.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـخـ) دێت، وەکو:**

خاڵخاڵۆکە Xalxaloke، پێخۆر Pêxor، جێخون Cêxun، دێخون Dêxun، پێخواس Pêxiwas، مێخۆش Mêxoş، دڵخۆش Dilxoş، سیخۆر Sîxor، لێخوڕ Lêxuŕ.

**ـ لە کۆتایی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (خ) دێت، وەکو:**

ئاخ Ax، شاخ Şax، کاخ Kax، ناخ Nax، شۆخ Şox، کۆخ Kox، چاخ çax، دۆزەخ Dozex، قەراخ Qerax، ساخ Sax، داخ Dax، سوراخ Surax، مەلەخ Melex.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـخ) دێت، وەکو:**

شێخ Şêx، تاریخ Tarîx، مێریخ Mêrîx، ڕیخ Ŕîx، سیخ Sîx.

**ـ لەم وشانە دەوری واج دەگرێت:**

ـ خار (خار)، دار (درخت)، شار (شهر)، زوان (دهان)، مار (مار)، یار (یار)، هار (هار)، قار (قهر)، تار (تار)، بار (بار).

ـ ناخ (درون)، نان (نان)، ناز (ناز)، ناو (نام).

**. پیتی (ج)، (Cc)**

**پیتی هەوتەمی نەبزوێنەکان و ئەلفبێ کوردی.**

لە هەموبەشێکی وشە وەکو دەستپێک، ناوەند، کۆتایی بەچوار نیگاری (جـ، ـجـ، ـج، ج) دەردەکەوێت.

**ـ لە سەرەتای وشە بەشێوەی (جـ) دێت، وەکو:**

جوان Ciwan، جۆلانە Colane، جۆگە Coge، جاشک Caşik، جاجکە Cacike، جەواڵ Cewal، جنچک Cinçik، جنجرۆک Cincirok، جوانمێر Ciwanmêr، جانو Canu، جەنگ Cenig، جەرد Cerid، جاڕز Caŕiz.

**ـ لە نێوەڕاستی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (جـ) دێت، وەکو:**

جوجکە Cucike، جرجە Circe، جنجل Cincil، جاجکە Cacike، لاجک Lacik، لاجانگ Lacanig، لاجان Lacan، خرجە Xirce، قرجە Qirce ، زرجە Zirce.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـجـ) دێت، وەکو:**

مجێور Micêwir، بنجۆڵ Bincol، مەنجەڵ Mencel، کونجکاو Kuncikaw، زەنجیر Zencîr، ڕەنجەڕۆ Ŕenceŕo، نێچیر Niçîr، هەنجیر Hencîr، زنجکاو Zincikaw، پەنجەر Pencer.

**ـ لە کۆتایی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (ج) دێت، وەکو:**

گورج Guric، سوج Suc، تاج Tac، ساج Sac، پرج Pirc، فڕوج Fiŕuc، بۆرج Boric، مۆج Moc، حوج Ĥuc، لاجەلاج Lacelac.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـج) دێت، وەکو:**

کۆڵنج Kolinc، قینج Qînic، پێنج Pênic، بنج Binic، ڕەنج Ŕenic، نارنج Narinic، قازانج Qazanic، باڵەنج Balenic، برنج Birnic ، فەرەنج Ferenic، هێڵنج Hêlinc.

**ـ لەم وشانە دەوری واج دەگێرێت:**

ـ جەرد (جهد)، بەرد (سنگ)، نەرد (نرد)، وەرد (شخم زدە)، زەرد (زرد).

ـ جان (جان)، بان (بام)، نان (نان)، شان (شان)، ڕان (ران)، هان (تحریک)، یان (یا).

**.پیتی (چ)،(Çç)**

**پیتی هەشتەمی نەبزوێنەکان و ئەلفبێ کوردی.**

لە هەموبەشێکی وشە بەچوار نیگاری (چ، ـچـ، ـچ، چ) دەردەکەوێت.

**ـ لە سەرەتای وشە بەشێوەی (چـ) دێت، وەکو:**

چاوەڕوان Çaweŕiwan، چیکڵدانە Çîkildane، چاند Çanid، چۆن Çon، چون Çun، چوون Çûn، چاک Çak، چنجرۆک Çincirok، چنار Çinar، چیمەن Çîmen، چیا Çiya، چەپەڵ Çepel.

**ـ لە نێوەڕاستی وشە لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـچـ) دێت، وەکو:**

وێچوون Wêçûn، هەڵچوون Helçûn، قالۆنچە Qalonçe، مچورک Miçurk، مچۆڵ Miçol، بچکۆڵ Biçkol، مڵچە Milçe، پێچکە Pêçke، باغچە Bax'çe، ڕێچکە Ŕêçke، جنچک Cinçik.

**ـ لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (چـ) دێت، وەکو:**

پەچک Peçik، مۆچک Moçik، داچاندن Daçandin، ڕۆچوون Ŕoçûn، موچەوانە Muçewane، شەوچرا Şewçira، مەچەک Meçek، ڕەچەڵەک Ŕeçelek، ڕاچەنین Ŕaçenîn، هەڵوچە Heluçe.

**ـ لە کۆتایی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (چ) دێت، وەکو:**

پەرچ Periç، خاچ Xaç، ماچ Maç، کۆچ Koç، پوچ Puç، فوچ Fuç، ڕۆچ Ŕoç، ورچ Wiriç، پرچ Piriç، پاچ Paç، مۆچ Moç، داپەچ Dapeç، چەکوچ çekuç.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـچ) دێت، وەکو:**

کچ Kiç، میچ Mîç، پێچ Pêç، ڕیچ Ŕîç، تیچ Tîç، ملپێچ Milpêç، کێچ Kêç، قێچ Qêç، بۆمچ Bomiç، بلێچ Bilêç.

**ـ لەم وشانە دەوری واج دەگرێت:**

ـ ماچ (ماچ)، مار (مار)، ماش (ماش)، ماد (ماد)، ماف (حق)، ماڵ (مال).

ـ چاند (فرهنگ)، باند (دستە)، شاند (هیات).

ـ چیمەن (چمن)، دیمەن (تصویر)، سیمەن (سیمین).

**.پیتی (ح)،(Ĥĥ)**

**پیتی تۆیەمی نەبزوێنەکان و ئەلفبێ کوردی.**

فۆنێکی تەواو کوردی نیە و توشی لێکچوونێکی مێژوی بوە و بەزۆر خوی بە سیستمی فۆنۆلۆجی زوانی کوردی ناگرێت و بەزۆر لە کاتی دەرکەوتن لەنێو وشانی کوردی دەردەکەوێت کە هاستی هێزێکی مێژویی لێکچوونی فۆنی لەپشتە و بەکاوەخۆیی هێزی دەنگەڕەسەنکەی کەوتوە. لەنێو زوانی کوردی ئەم پیت و دەنگە لە کۆنەوە جێگر بوە و سەدان وشە بەم پیتە لە پەرتوکەکانی کوردی نوسراون و بەکار هاتون.

ـ ئەم پیتە لە ڕێنوسی ڕاستچین ڕێک هاوشێوەی شێوەڕێنوسی عەرەبی لە هەر سێ بەشی وشە دەردەکەوێت و بەچوار شێوەی (ح، حـ، ـحـ ، ـح ) بەکار دێت.

**ـ لە سەرەتای وشە بەشێوەی (حـ) دەردەکەوێت، وەکو:**

حەیران Ĥeyran، حەوشە Ĥewşe، حەد Ĥed، حەکو Ĥeku، حەق Ĥeq، حەپلە Ĥeple، حەپۆل Ĥepol، حەب Ĥeb، حەیوان Ĥeywan، حۆل Ĥol، حەیا Ĥeya، حاڵ Ĥal، حەوسەلە Ĥewsele.

**ـ لە نێوەڕاستی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (حـ) دێت، وەکو:**

ناحەز Naĥez، نارٟحەت Naŕĥet، جاحێل Caĥêl، زەحمەت Zeĥmet، چاوحیز Çawĥîz، مەحبەت Meĥebet، موحمەد Muĥemed، ڕەحمەت Ŕeĥmetسەرحەد Serĥed، سیاحەت .Siyaĥet

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـحـ) دێت، وەکو:**

نەسیحەت Nesîĥet، وەسیحەت Wesîĥet، بێحەد Bêĥed، بێحاڵ Bêĥal، جحێڵ Ciĥêl.

**ـ لە کۆتایی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (ح) دێت، وەکو:**

تەح Teĥ، تەماح Temaĥ، تەرح Terĥ، تیمساح Tîmsaĥ، زەبەلاح Zebelaĥ، پەح Peĥ، نوح Nuĥ، ڕۆح Ŕoĥ، تیاح Tiyaĥ، فەتاح Fetaĥ، مەدح Mediĥ.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـح) دێت، وەکو:**

ناسح Nasiĥ، فاتح Fatiĥ، فەتح Fetiĥ، مەلیح Melîĥ، بلح Bilĥ، مەسیح Mesîĥ.

**ـ لەم وشانە دەوری واج دەگرێت:**

ـ حاڵ (حال)، ماڵ (مال)، شاڵ (شال)، یاڵ (موی گردن شیر)، تاڵ (تلخ).

ـ حەول (کوشش)، قەول (قول).

ـ حەز (اشتها)، ڕەز (تاکستان)، قەز (ابریشم خام)، نەز (نفس).

**ـ ئەم دەنگە لە زۆر ناوچەی موکریان، هەولێر، باڵەکایەتی، پشدەر و مەنگوڕایەتی بەدەنگی (ع) دەگۆڕدرێت و توشی لێکچوونی دەنگی دەبێت، وەکو:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| عەلی ـ حەلی | عەلادین ـ حەلادین | عەجەم ـ حەجەم | عەڕەب ـ حەڕەب |
| عەتیقە ـ حەتیقە | عەنتیک ـ حەنتیک | عەجیب ـ حەجیب | عەزیز ـ حەزیز |

**ـ لێکچوونی فۆنی (ح) لەگەڵ فۆنی (هـ)، وەکو:**

| | | |
|---|---|---|
| حەریر ـ هەریر | حەوا ـ هەوا | حەمزە ـ هەمزە |
| حەتا ـ هەتا | حەز ـ هەز | حەژ ـ هەژ |

ئەم لێکچوونە تەنیا بۆ خۆپاراستن لە عەرەبناسینی ڕەچەڵەکی وشەکان بوە، کە بەپێی ڕێساکانی فۆنۆلۆجی زوانی کوردی و عەرەبی زانستی نیە.

یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی هەر زوان، لێکچوونی مێژویی فۆنەکانە، لەم بەینەش لێکچوونی فۆنی (ژ)، (ج)، (چ)، (ژ) کە هەر چوار فۆنەکە لە مکانیزمی فۆنسازی ئەندامی مرۆڤ، دەکەونە بەشی بەستراوەیی و سەختەمەڵاشویی، ئەمە لێکچوونیان پتر لە فۆنەکانی دیکەوەیە، لێکچوونی فۆنی باسێکی قوڵی زوانە، بەتایبەت کە لە ڕەوتێکی مێژویی بێبەری نەبەوە و هەردەم لەگەڵ هاستی مێژویی و لێکچوونی ناتەواو و تەواو و نەرمبونی و پێکەوەهەڵنەکردنی فۆن بونە، پیتی (چ)، (ج)، (ژ)یش لەم فۆنانەن کە وەبەر ئەم دیاردەیە کەوتون، فۆنی (ز)یش بەهۆی سروشتی بەستراوەیی و لێواری مەڵاشویی نزدیک لەم سێ فۆنە، توشی لێکچوون لەگەڵ ئەم فۆنانە بونە.

بەتایبەت لە زوانەنوێیەکانی ئێرانی بەزۆر لەگەڵ ئەم چەشنە لێکچوونە ڕوبەڕو بوینەتەوە، وەکو:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ژەهر ـ زەهر | ژێ ـ زێ ـ جێ | ژین ـ زین | جوجە ـ ژوژە |
| چنجرۆک ـ جنچرۆک | جیوە ـ ژیوە | چەم ـ جەم | چەم ـ ژەم |
| زن ـ ژن | ژان ـ جان | زەنگ ـ ژەنگ | جەنگ ـ چەنگ |

باژ ـ باج بجیشک ـ پژیشک ـ پزیشک ئەرز ـ ئەرج کۆج ـ کوچ

چێر ـ ژێر ـ ژیر جەژن ـ چەشن ـ جەشن چفە ـ جفە جار ـ زوان

ژیرەکەن ـ چێرکەن ڕۆژ ـ ڕۆج ـ ڕۆچ ـ ڕۆش ژوڵە ـ جوڵە

جیکە ـ زیکە ـ جیقە ـ زیقە جریکە ـ زریکە ـ چریکە واژ ـ واج ـ واژە ـ واجە ـ واشە

هەژدە ـ هەجدە ـ هەشدە ـ هیژدە ـ هیجدە

لەم وشانە و کۆمەڵێک وشەی دیکە دەردەکەوێت کە بەهۆی لێکچوونی باوی مێژوویی لەنێوان فۆنانی (ج)، (ژ)، (چ) و (ز) نزدیکیەکی تایبەت هەیە، کە ئەم لێکچوونانە لەگەڵی فۆنی دیکەی وەکو فۆنی (ش) و (ک) و زۆرینەی فۆنەکانی دیکە بەزۆر وەبەرچاو دێن، کە باسەکە زۆر قوڵتر دەکات.

**تێبینی**: فۆنی (ج) و (چ) لە زۆر ناوچەی ناوەندی کوردستان و بەتایبەت زوانی موکریان و سلێمانی لە کاتی بێژەکردن ناسک و قورسی هەیە. کە ئەویش هۆکاری ئەمەیە کە ئەم فۆن ڕاستاوڕاست وەکو میرات بۆ گەلانی زوانەئاریان ماوەتەوە، هەروەتر هێرشی تورکان و پەلامارەکان بۆ ناوچانی کوردستان و دزەی جۆراوجۆری زوانی و فەرهەنگی، ئەم فۆنانە بەتایبەت لە ناوچەی موکریان و سلێمانی و کورمانجی، ئەم دو پیتە لەڕوی دیاردەی دەنگیەوە ناسک و قەڵەو بێژە دەکردرێن، وەکو:

لە وشەی (چیا) دەنگی (چ) لەگەڵ دەنگی (چ) چیان (گیان)، شێوەی ناسکی و نزمی دەربڕینی فۆنی هەیە، دەرکەوتنی فۆنی (ی) لەپێش فۆنی (گ) و (ک) ئێگجار باوە، کە دیاردەیەکی زوانیە. هەروەتر لە وشەی (چنور) بەبەراوەرد لەگەڵ هێزی فۆنی وشەی (چیا)، دەنگی (چ) کز و قەڵەوی هەیە، ئەم شێوەی فۆنەتیکیە لە زوانی کورمانجیش بۆ ئەم فۆنە یەکجۆرە و فۆنی (چ) هاستێکی سوکی و گرانی هەیە، واتە فۆنی (چ) لە فۆنەتیکی کورمانجی شێوەیەکی ناوازەی فۆنیمیکی هەیە و هەندێکجار ناسک و هەندێکجار گرانی هەیە، ئەم هاوبەشیەی فۆنەتکیکەش هاوبەشە لە زوانی دەڤەری سۆران و کورمانجی.

ئەم شێوازە بۆ دەنگی (ج)ش بەم شێوەیە، وەکو وشەی (جەڵدیان) و (جانو)، (جاڵجاڵۆکە)، (جەرگ)، بەهۆی هێزی فۆنەتیکی (ڵ) گران و بزوێنی بەرزی (ا) و هێزی کێشراوەی بزوێنی (ی) لێڵی فۆنەتیکی ساز دەکەن کە دەنگی (ج) کز و قەڵەوی تێدا دەربکەوێت.

**ڕاهێنان**

١: پێنج وشە بنوسە پیتی (خ)ی تێدا بێت؟

٢: پێنج وشە بنوسە پیتی (چ)ی تێدا بێت؟

٣: پینج وشە بنوسە پیتی (ح) تێدا بێت؟

٤: پێنج وشە بنوسە پیتی (ج)ی تێدا بێت؟

٥: کام لەم پیتانەی کە خوێندمان بەڕەچەڵەک کوردی نین؟

# وانەی (٥)

**پیتانی یەکەم و دوەم و سێیەمی و چوارەمی بزوێنی ئەلفبێ کوردی و سی و شەشەم و سی و هەفتەمی نەبزوێنەکانی ئەلفبێ کوردی.**

**چوار پیتی نەلکاوی (و، وو، ۆ، و) (Oo, Ww, Ûû, Uu)**

ـ ئەم چوار پیتە لە ڕێنوسی چەپچینی کوردی، چوار نیگاری جیاوازیان هەیە و هیچ کێشە و گرفتێک بۆ ناسینەوەی ئەم چوار فۆنە نیە، بەڵام لە ڕێنوسی ڕاستچینی کوردی، هەر چوار پیت یەکنیگارن، کەچی چوار فۆنی جیاوازن، کە بەم شێوازەن، هەروەتر دو فۆنی (وٓ، ۊ) لە ڕێنوسی کوردی دو واجی تایبەت و جیاوازن.

ـ (و) نەبزوێن و نیمچەبزوێن (Ww).

ـ (و) کورتەبزوێن، بۆرەی کورت (Uu).

ـ (وو) جوت واو، بزوێن و بۆرەی درێژ (Ûû).

ـ (ۆ) واوی شێواو، کراوە و بزوێنی درێژ (Oo).

**ـ پیتی واوی نەبزوێن لە ڕێنوسی چەپچین بەشێوەی خوارەوە دەردەکەێت:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| وریا Wirya | وێنە Wêne | وانە Wane | وەرە Were |
| وەستا Westa | وەک Wek | واک Wak. | |

**ـ پیتی کورتەبزوێنی واوی کورت (و)، (Uu) بەم شێوەیە دەردەکەوێت:**

| | | |
|---|---|---|
| کورد Kurd | گورگ Gurig | هونەر Huner |
| جوت Cut | خوشک Xuşik | گوڵ Gul |

**ـ پیتی (و)،(W) پیتی سی و شەشەمی نەبزوێنەکان و ئەلفبێ کوردی.**

هاوشێوەی پیتی (واوی) کۆنسۆنانتی فارسی و عەرەبیە و لەڕوی فۆن و پیت هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ (واو)ی عەرەبی و زوانانی دیکە نیە.

ـ پیتی نەبزوێن و بزوێنی (و) و (و) پیتێکن کە لە ڕێنوسی ڕاستچین یەک نیگاریان هەیە، کەچی لەڕاستی دو دەنگ و فۆنیم و واجی جیاوازن. هەرچەند (واو)ی کۆنسۆنانت بەنیوەبزوێنیش هەژمار دەکەرێت، بۆیە دەبێت بێژەری کورد چۆن لە وتوویژەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکات، ئاواش لە نوسین لەگەڵی ڕا بێت.

ـ ئەم دەنگە لە چوارچێوەی دەنگسازی دو دەنگی جیاوازیان هەیە، واتە (واو)ی یەکەم دەبێتە بەشی نەبزوێن و نیوەبزوێنەکان.

پیتی دوەم (و،u) دەنگێکی تەواو جیاوازی لەگەڵ واوی کۆنسۆنانت هەیە، کە دەبێتە بزوێنێکی کورت.

**ـ دەنگی یەکەم (و)،(Ww) نەبزوێنە، وەک لە وشانەی خوارەوە دەردەکەوێت:**

ـ پێکهاتەی لەگەڵ پیتەکانی (ت، هـ، م، ز، ن، خ، ڵ، ل، ش، س، و، ڕ، ژ، ێ، ی، ه):

(تاو، هەتاو، بەرتاو، خەو، لافاو، شەتاو، شەو، تاساو، ماستاو، وەستاو، ڕاوەستاو، تاوتاو، سوتاو، ئاو، شاڵاو، خوساو، هاوێنە، ئاوان، ڕوداو، سێڵاو، ڕۆژاوا، داماو، زاوا، زەوی، نەوی، وێنە، وریا، وەرە، وەرز، وزە).

ـ لە پێکهاتەی پیت و دەنگی (و، w) لەگەڵ چەند پیتی بزوێن و نەبزوێن چەندین وشە ساز بونە و لە هەمویان، پیتی (و) واوی نەبزوێنە.

**ڕێسای دەرخستنی بزوێن:**

**ـ ڕێسای یەکەم:**

گشتی ئەم وشەکوردیانەی کە ئەم نیگارەدەنگیە، واتە پیتی (و،w) دەکەوێتە سەرەتای وشەکەیان، بێگومان نەبزوێنە و بزوێن لە سەرەتای بڕگە و وشەی زوانی کوردی و ڕێنوسی ڕاستچین دەرناکەوێت، بەڕەچاونەگرتنی پیتی یارمەتیدەدەری (ئـ) کاتێک بزوێن بکەوێتە سەرەتای بڕگە، ئەمە بەپێی ئەم ڕێسایانە، بەسانایی دەتوانین بزانین بزوێنە یان نەبزوێن، وەکو:

(وێنە Wêne، وریا Wirya، وانە Wane، واز Waz، واران Waran، وەرە Were، وەڕی Weŕî، وەری Werî، وەک Wek، وەستا Wesita، وەنەوشە Wenewşe، وەرزین Werzîn، وەرز Weriz، وانە Wane، وەکو Weku، وەخەوەر Wexewer).

ـ هەرکات ئەم (و) کەوتە دەستپێک و سەرەتای وشەیەک، سەداسەد نەبزوێنی (W)یە.

**ـ ڕێسای دوەم:**

لە ڕێنوسی زوانی کوردی، دو بزوێن بەدوای یەکەوە دەرناکەون و هەرکات پێش یان پاش پیتی (و) هەرکام لەم ۱۱ دەنگ و بزوێنی (ۆ، و، وٓ، ۊ، وو، ێ، ی، ئ، ا، ە، بزرۆکە) دەرکەوتبن، ئەم پیتەی (و) دەبێتە نەبزوێن، وەک:

(Mewda)، مەودا): مە + و + دا = لەپێش پیتی کۆنسۆنانتی (و) کورتەبزوێنی (ـە) هاتوە، دەنگەکەی بوتە نەبزوێن.

(Sewda، سەودا): سە + و + دا = پێش پیتی کۆنسۆنانتی (و) کورتەبزوێنی /ـە/ هاتوە و پیتەکەی و دەنگەکەی وەستاو کردوە.

(Serwer)، سەروەر): پێش پیتی کۆنسۆنانتی (و) کورتەبزوێنی (ە) هاتوە، پیتەکە دەبێتە نەبزوێن.

(Wişe)، وشە): و + بزرۆکە + شە = پێش کۆنسۆناتی (و) نیمچەبزوێنی بزرۆکە ((i دەرکەوتوە، پیتی (و) بوتە نەبزوێن.

(کەو، شەو، خەو، تاو، ئاو، ناو، ڕوداو، هەتاو، شالاو): پێش پیتی کۆنسۆنانتی (و) کورتەبزوێنی (ـە) و بزوێنی درێژی (ا) هاتوە و دەنگەکە دەبێتە نەبزوێن.

**تێبینی**: پێچەوانەی ئەم ڕێسایە، هەرکام لە **۳۲** پیتی نەبزوێنەکان لەپێش و پاشی (و) دەربکەون، دەنگەکە دەبێتە (و، u) کورتەبزوێن.

ـ وێنەی دیکە بۆ نەبزوێنی (و).

(دەوەر Dewer، کەوەر Kewer، گەوەر Gewer، گەوهەر Gewher، شەو Şew، خەو Xew، بەو Bew، تەور Tewir، نەوت Newit، کەوت Kewit، کەوا Kewa، هەوا Hewa، نەوا Newa، هەتاو Hetaw، لافاو Lafaw، تاو Taw، شالاو Şalaw، پاوان Pawan، دەوران Dewran، پێلاو Pêlaw، سێلاو Sêlaw، مالاوا Malawa، پەروەردە Perwerde، جوانو Ciwanu، کوانو (Kiwanu.

ـ لە هەمو ئەم وشانەی سەرەوە، پێش یان پاش پیتی (و،w) بزوێنێک هاتوە و پیتەکە بوتە نەبزوێن.

**تێبینی**: لەنێو زوانی هەورامی فۆنێکی کۆنسۆنانتی (ۋ) دەردەکەوێت، کە ئەلۆفۆنی فۆنی، (و) و هیچ جیاوازی نیە، وەکو:

ۋاران ـ واران Waran　　ۋێنە ـ وێنە Wêne　　ۋەرە ـ وەرە Were

خۆرەتاڤ ـ خۆرەتاو Xoretaw ڤەرو ـ وەرو Weru تاڤ ـ تاو Taw

**.پیتی کورتەبزوێنی و ڤاوڵ (و)، (Uu).**

**پیتی یەکەمی بزوێنەکان و دێتە بەشی کورتەبزوێنەکانی کوردی.**

ئەم پیتە لەنێو زوانی فارسی، وەکو فۆن دەرناکەوێت، کەچی دەرکەوتنی بەشێوەی ڕێنوس لە زوانی فارسی، هاوشێوەی پیتی (اُ) لە سەرەتا و لە نێوەراستیش (ـُـ)یە، وەکو بێژەکردن، فارس و عەرەب توانایی بێژەکردنی ئەم فۆنەیان نیە، چون مەرزی زوان و فۆنەتیک و چاندیان لەگەڵ ئەم زوانە جیاوازی هەیە و فۆنێکی نامۆ و وەرگرتراوە و توانایی بێژەکردنی وەک کورد و تورک و زوانانی دیکەی نیە، بۆ وێنە وشەی:

| | | |
|---|---|---|
| اُستاد ـ ئوستاد Ustad | اُستان ـ ئوستان Ustan | اُرمیە ـ ئورمیە Urmîye |
| اُمید ـ ئومید Umîd | کُرد ـ کورد Kurd | تُرک ـ تورک Turk |
| گُرگ ـ گورگ Gurg | گُل ـ گوڵ Gul | بُلبُل ـ بولبول Bulbul |
| دوُ ـ دو Du | رُستَم ـ ڕوستەم Ŕustem | |

بۆ ناسینی ئەم پیتە، ڕەچاوی ڕێسای یەکەم دەکەین: هەرکات پیتی (و) کەوتە سەرەتای وشەی کوردی، ئەمە دەبێتەوە نەبزوێن، وەک:

وانە Wane، وێنە Wêne، وریا Wirya، واران Waran، وەستا Wesita، وەرین Werîn، وەستاو Wesitaw، وەکو Weku، وێچوون Wêçûn.

**ـ ڕێسای دوەم: پێش و پاش ئەم پیتە هەرکام لە پیتەنەبزوێنەکان دەرکەوتبن، پیتی (و) دەبێتە بزوێن، وەکو:**

(Kurd، کورد): ک + و + رد = پێش و پاش پیتی (و)، پیتی نەبزوێنی (ک) و (ر) دەرکەوتون، پیتی (و) بوتە کورتەبزوێنی (و،u).

(Gul، گوڵ): گ + و + ڵ = پێش و پاشی پیتی (و) نەبزوێنی (گ) و (ڵ) دەرکەوتون، پیتی (و) بوتە بزوێنە.

(Gurig، گورگ): گ + و + رگ = پێش و پاشی پیتی (و) پیتی نەبزوێنی (گ) و (ر) هاتون و پیت (و)، بوتە بزوێن.

ـ بۆ وێنە:

(گورگ Gurig، تورک Turk، خوشک Xwişk، هونەر Huner، قوڕ Quŕ، قور Qur، قول Qul، گوڵ Gul، قوڵ Qul، کوڕ Kuŕ، سوڕ Suŕ، جوت Cut، شوتی Şutî، کوتی Kutî، گوتی

Gutî، ڕوخسار Ŕuxsar، نوسەر Nuser، ڕێنوس Ŕênus، لێنوس Lênus، تێنوس Tênus، پێنوس Pênus، ڕوناک Ŕunak).

**ـ جیاوازی ئەم دو فۆن و پیتە بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە چ کاتێک بزوێن و نەبزوێنە.**

ـ پیتی نەبزوێن و نەلکاوی (و)،(Ww)، لە هاستی ڕێنوسەوە هیچ گۆڕانکاری فۆنی و دەنگی بەسەر نایەت و هاوشێوەی خۆی بێژە دەکرێت و دەنوسرێتەوە. لە سەرەتای و نێوەڕاست و کۆتایی بڕگە و وشە بەدو نیگاری (و، ـو) دەردەکەوێت.

**ـ لە سەرەتای وشە بەشێوەی (و) دەردەکەوێت، وەکو:**

وەرین Werîn، وەڕین Weŕîn، وێنە Wêne، وەرە Were، وەستا Wesita، وەستاو Wesitaw، وەکو Weku، وانێک Wanêk، وریا Wirya، وانە Wane.

**ـ لە نێوەڕاستی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (و) دێت، وەکو:**

مەواد Mewad، خوا Xwa، سەواد Sewad، کەوا Kewa، پاوان Pawan، لاوان Lawan، تاوان Tawan، دەوران Dewran، جەولان Cewlan، سەروەر Serwer، دەوەر Dewer، گەوهەر Gewher، تەوەر Tewer، لەوەڕ Leweŕ، پەروەردە Perwerde.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـو) دێت، وەکو:**

دیوان Dîwan، سەیوان Seywan، کەیوان Keywan، مەریوان Merîwan، پێوان Pêwan، شێواو Şêwaw، ئێوارە Êware، ئێوە Êwe، نێوان Nêwan.

**ـ لە کۆتایی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (و) دێت، وەکو:**

تاو Taw، خەو Xew، کەو Kew، ئاو Aw، گاو Gaw، ناو Naw، هەتاو Hetaw، ماستاو Masitaw، جێناو Cênaw، پاڵاو Palaw، قاناو Qanaw، شەتاو Şetaw، لافاو Lafaw، پتەو Pitew، پەیڕەو Peyŕew، تۆو Tow.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـو) دەردەکەوێت، وەکو:**

مێو Mêw ، شێو Şêw، هەتیو Hetîw، نەپەڵتیو Nepeltîw، پەڕیو Peŕîw، خێو Xêw.

**ـ لە کۆتایی وشە هەرکات پێشی پیتی بزوێن دەرکەوتبێت، دەبێتە (واو،w)ی نەبزوێن، وەکو:**

Şalaw)، شاڵاو): پێش پیتی (و) بزوێنی بەرزی (ا) هاتوە و پیتی (و) دەبێتە نەبزوێن، لە ڕێنوسی ڕاستچینی کوردی، دو بزوێن بەدوای یەکترەوە دەرناکەون و ئەم وێنانەی سەرەوە دەریدەخەن لەپاش پیتی بزوێنەکان پیتی (و) دەبێتە نەبزوێنی (و، w)

**ـ پیتی (وو)،(Ûû) ناسراو بەجوت واو و واوی درێژ، پیتی نەلکاو و دوەمی بزوێنەکانە.**

ـ هەندێک ناکۆکی لەسەر ئەم دو فۆنە دەردەکەوێت، کە نابێت و ناکرێت ئەم فۆنە لەیەکتر جیا بەکەینەوە و بەفۆنێکی سەربەخۆیان بناسێنین، واتا دەوترێت نابێت وەکو واج هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت، شارەزایانی فۆنۆلۆجی باشتر دەزانن، ئەرکی سەرەکی واج گۆڕینی واتای وشەیە. کاتێک واتەی وشەی نەگۆڕی، ئەمە نابێتە کێشە و ناکۆکی، فۆنی بزوێنی (و) و (وو) دو فۆن و واجن و ئەمەش نکۆڵی لێناکرێت و ڕەد ناکرێتەوە کە ئەم دوانە هەم فۆنن و هەم واج. دەرکەوتنی ئەم دو فۆنە لە بازنەیەکی مۆرفۆلۆجیکی واتەی وشەکەی دەگۆڕێت، بۆ وێنە لە وشەی:

گۆڵ ـ گوڵ ـ گاڵ ـ گێڵ ـ گەڵ Gel ـ Gal ـ Gêl ـ Gul ـ Gol

قۆڕ ـ قوڕ ـ قاڕ ـ قێڕ ـ قیڕ Qîŕ ـ Qêŕ ـ Qaŕ ـ Quŕ ـ Qoŕ

سۆک ـ سوک ـ سێک ـ ساک ـ سیک Sîk ـ Sak ـ Sêk ـ Sūk ـ Sok-Suk

دۆم ـ دوم ـ دەم ـ دام ـ دیم ـ دێم Dêm ـ Dîm ـ Dam ـ Dem ـ Dum ـ Dom

گۆم ـ گوم ـ گام ـ گم Gim ـ Gam ـ Gum ـ Gom

لەم وشانە ئەرکی واجی ئەم فۆنانە دەردەکەوێت، کەچی لە هەمان وشانە، بەدو فۆنی (و) و (وو) ، وەکو:

گوڵ ـ گووڵ Gûl ـ Gul　　قوڕ ـ قووڕ Qûŗ ـ Quŕ　　سوک ـ سووک Sûk ـ Suk

دوم ـ دووم Dûm ـ Dum　　گوم ـ گووم Gûm ـ Gum

لەم وشانە، ئەرکی فۆنەتیکی خۆی دەگەیەنێت و کەچی هێزی واجی نامێنێت و هیچ واتای وشەی ناگۆڕێت، کەچی بەزۆر ئەم وشانەی کە فۆنی (وو) ئەلۆفۆنی (و) نیە بەزۆر لەنێو زوانی کوردی، ناگەنە ٨ وشەی گرنگ کە دەبێت بەشێوەی جوت واو (وو) بنوسرێنەوە، کە ئەم وشانەن، کۆمەڵێک وێنەی دیکە هەیە کە ناشارەزای سیمەنتیکی و لێکسیکۆلۆجی هەست دەکات کە وشەی (قووت) و (قوت) و (قوڕ) و (قووڕ) و کۆمەڵێک لەم وشانە، واتایان جیاوازە، بەپشکنین و لێکۆڵینەوەی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی بەسانایی دەردەکەوێت کە ئەرکی واجیان نیە و لەڕاستیەوە واتایان هەریەک و یەک پلەی لێکسیکیان هەیە:

چون Çun (چونکە) - چوون Çûn (رفتن)، سوڕ Suŕ (راز، رمز) - سووڕ Sûŕ (چرخش)، کوڕ

Kuŕ (پسر) - کوورِ Kûŕ (خمیده)

لورِ Luŕ (لر) - لوورِ Lûŕ (زوزه)، شوتی Şutî (شست) - شووتی Şûtî (هندوانه)، بون Bun (هستند، بودند) - بوون Bûn (هستی)

واج و فۆنیمی ئەم دو دەنگە ئاشکرا و دو فۆنیمن و دەوری واج دەگرن. هەرکاتێک لە دەوری واج هاتنەدەر و واتای وشە و چەمکەکەیان نەگۆڕی، بۆ جواننوسی و پاراستنی ڕێسای نوسین و خوێندنەوە، بەپێی فۆنەتیک و دیاردەی تواندنەوە و قڕتاندن، بۆ ئەمەیە کە سەر لە فێرخواز و نوسەر و خوێنەر نەشێوێت و گرنگتر ئەرکی ڕێنوس، سانانوسین و جواننوسی زوانە، ناکرێت و نابێت سەرەتاییترین بەشی زوان ببێتە هاستەمترین بەش کە فێرخواز و خوێنەر و نوسەر جاڕز و زەدە بکات، ئەمەیە کە ئەم فۆنانەی کە واتای وشەیان نەگۆڕی، هەر بەکورتەبزوێنی (و) دەنوسرێنەوە، وەکو:

(نوسین Nusîn، ڕێنوس Ŕênus، نوسەر Nuser، لێبوردن Lêburdin، ببورە Bibure، چنور Çinur، لێنوس Lênus، تێنوس Tênus، ڕوداو Ŕudaw، پور Pur، تور Tur، نور Nur، ڕوناک Ŕunak، ڕون Ŕun، سوتان Sutan، سوک Suk، چروک Çiruk...تاد)، لەم وشانە بەپێی ڕێنوسی ڕاهاتوی تاکی کورد، ڕێسایەکە بەم شێوەیە کە (نووسین) و ئەم چەشنە وشانە کە وەکو میرات لە پەرتوکەکۆنەکان و سەرەتایەکانی فێرکاری زوانی کوردی بەکارهێندراون و ماونەتەوە، دەبێت هەر بەجوت واو بنوسرێنەوە و تەواوی ئەم وشانەی کە لە قاڵب و فۆنەکانیان فۆنی (ر، ک، ن) دەکەونە دوای ئەم فۆنە وەکو (پوور Pûr، توور Tûr، سوور Sûr، ژوور Jûr، کوور Kûr، توور Tûr، نوور Nûr، ڕوون Ŕûn، جوور Cûr، کوون Kûn، قوون Qûn، تووک Tûk، پووک Pûk، سووک Sûk، ڕووک Ŕûk) دەبێت سەداسەد بەشێوەی (وو) بزوێن بنوسرێن! کەچی لەم چەمکانە و چەند چەمکی دیکە چ بنوسین: (نوسین) چ (نووسین) چ (نوووسین) چ (نووووسین) چ (نووووووسین) و ...تاد، ئەمە هیچ واتای وشەکە ناگۆڕدرێت و هیچ گۆڕانکاری واجی لە هاستی فۆنۆلۆجی دەرناکەوێت و هیچ واتاگۆڕینی ئەم وشانە لە بازنەی مۆرفۆلۆجی و لێکسیکیەوە زەق نابن و دەرناکەون. هەروەتر بۆ گەشەکردنی زوان و سانافێربون بۆ فێرخواز و خوێنەر و نوسەر، کە شارەزای ئەم زوانە نین و ئەم زوانە، زوانی سەرەکیان نیە، پەنا دەبەین بۆ بەشی ئەکۆنۆمیکی زوان و ڕێسای کەموکشی و قڕتاندنی پیتی بێکەڵک و گەشەی زوان و ئاوەدان و بەربڵاوکردنی بەشێوەی سانا و هاسانکردنی زوان. دەرکەوتنی فۆنی (وو) لە ڕێنوسی کوردی، پیتێکی بێکەڵک و زۆرکراوە. لەنێو فۆنەتیکی زوانی ئینگلیزیش ئەم دیاردەیە

دەردەکەوێت، ئەوان بەشێوەی ڕێنوس لە یەک (و) کەڵک وەردەگرن، کەچی لە هاستی فۆنەتیک و بێژەکردنیان هەست بە (وو) دەکرێت، کەچی لە ڕێنوس هەر بە (و) دەنوسرێتەوە، هەربۆیە بۆ ئەم چەمک و وشانەی کە دەرکەوتنی فۆنی (و) و (وو) ئەرکی واج ناگرن چ بەکورتەبزوێنی (و) بنوسین یان بە (وو)ی درێژ هەریەکە و هیچ واتای وشە و چەمکەکە ناگۆڕن، واباشترە بەکورتەبزوێنی (و) بنوسرێنەوە. بەهۆی هەندێک بابەتی پسکۆلۆجیکی ـ دەرونی هەندێک تاکی کورد بەشێوەی کلاسیک لەسەر ڕێنوس دەمارگرژن. چون بەڕای ئەوان بەرەی کلاسیکی کورد کە هەر بەپیتی (وو) نوسراوەی نوسیوە و بۆی بەجێهێشتوە، نابێت و ناکرێت ئەم ڕێسایە بگۆڕدرێت، کەچی ڕێنوس بابەتێکی گرێبەستیە و هەردەم توشی گۆڕانکاری دەبێت، پێویست ناکات سەر لە نوسەر و خوێنەر و بەتایبەت فێرخواز بۆ ڕێسایەک کە ناکەوێتە بەرتیشیکی فۆنۆلۆجیکی و ڕێزمانی، پێشگری گەشەکردنی زوان بین و هۆگر و نوسەر و فێرخوازی ئەم زوانە، توشی کێشە بکەین، بەزۆر فۆنی (وو) ئەلۆفۆنی، فۆنی (او)ی فارسیە، واتە بەم شێوەیە کە: (او را، او رو، اون رو ـ ئوو را، ئو روو، ئون روو) دەرهاتوە، کەچی هەمان ئەلۆفۆن لەنێو فارسی، ئەلۆفۆن نیە و لەگەڵ پیتێکی دیکەی هاونیگاری خۆی، لێڵی واجی و فۆنی ساز ناکات، بەم شێوەیە، کورد، ئەلۆفۆنی (وو) کە ئەلۆفۆنی، فۆنی (و)یە، زۆر زەق و بەرز دەکاتەوە.

**تێبینی:** دو پیتی (و،u) کورتەبزوێن و (وو،û) بزوێنی درێژ لە سەرەتای وشە و بڕگەوە دەرناکەون و بۆ ئەمەی کە لە سەرەتای بڕگە و وشەی زوانی کوردی بەکاریان بێنین، کەڵک لە پیتی یاریدەدەری (ئـ) وەردەگرین، وکو:

| | | |
|---|---|---|
| او= ئو Uu | ئورمیە Urmiye | ئورامان Uraman |
| ئوفە Ufe، ئوتۆ Uto | ئوتۆبوس Utobus | ئوستاد Usitad. |

ـ پیتی (وو) لە کۆتایی وشە چ بە کورتەبزوێنی (و) بنوسرێت و چ بە واوی درێژی (وو)، بەپێی ڕێسای لەیەک جیاکردنەوەی بزوێن و نەبزوێن لەیەکتر، دەردەکەوێت کە فۆنی (و) لە کۆتایی وشە (و، u) بزوێنە یان (و، w) نەبزوێن. بۆ ئەمەی نەبێتە سەرلێشێواوی بۆ لەیەک جیاکردنەوەی دو پیتی (و) و (وو) لەم دۆخەیە لە ڕێسای تایبەتی دیاریکراوی بزوێن و نەبزوێنی (و) کەڵک وەردەگرین، واتە فۆنی (و) لە کۆتایی وشان، چ بە (و) بێت و چ بە دو واوی (وو) هیچ جیاوازی نیە، دەرکەوتنی شێوەی نوسینی (وو) لە کۆتایی وشەی کوردی، هێزی سترێسی فۆنی ئەم دەنگەیە، فۆنانی بزوێنی (ۆ، و، وو، ێ، ی، ا، ە، ۊ، وٙ، ێ) لەدواوە و کۆتایی وشە، سروشتێکی

کێشراوە و درێژ و بەهێزیان هەیە، سروشتی ئەم بزوێنانە لە کۆتایی وشە، بێژەر وا لێدەکات کە هەست بکات ئەم دەنگە بە وشەکەیەوە بکێشرێتەوە، هەر ئەم ڕێسایە بوە هۆکار تا هەست بکرێت کە فۆنەکە لە هەڵکەوتنی وشەیی دەبێت بکێشرێنەوە، چون هێز و سترێسی فۆنیان لەسەرە، واتە هەست دەکرێت کە ئەم فۆنە تاڕادەیەک و تەنانەت زۆر دەبێت بکێشرێتەوە، فۆنی (وو) ڕێک بەم ڕەوتەوەیە، دەرکەوتنی فۆنی بزوێن لە کۆتایی وشەی کوردی، بوە هۆکاری ئەمەی کە گشتی ئەم وشانەی کە کۆتاییان بەبزوێنە، بەشێوەی (وو) بنوسرێنەوە، کە چ پێویست ناکات کە بەدو (وو) بنوسرێنەوە، وەکو:

بەڵکو Belku، پەکو Peku، تەکو Teku، تاکو Taku، ماکو Maku، کوانو Kwanu، جوانو Ciwanu، ماندو Mandu، مینو Mînu، تینو Tînu، خانو Xanu، دو Du، زیندو Zîndu، یارو Yaru، پارو Paru، جاڕو Caŕu، مازو Mazu، زێرو Zêru، تانو Tanu، مێژو Mêju.

- پیتی کورتەبزوێنی (و، u) هەرکات لە سەرەتای ڕێنوسی وشەی کوردی دەربکەوێت، نەبزوێن و لە دۆخی بزوێن، پیتی (ئـ) وەردەگرێت و لە نێوەڕاستی وشەی کوردی دەردەکەوێت. ئەویش لە چەند وشەی تایبەت کە دەوری واج بگرێت لە بەرانبەر پیتی (وو) ئەگەر لە دۆخی واج هاتەدەر بە (و) کورتەبزوێن دەردەکەون، وەکو:

کوردستان Kurdistan، کورد Kurd، نوسین Nusîn، ڕوناک Ŕunak، گورگ Gurig، تورک Turk، قوڕ Quŕ، قور Qur، کوڕ Kuŕ، لوڕ Luŕ، خوشک Xwişk، ڕوخسار Ŕuxsar، شوت Şut، جوت Cut، پوت Put، کوتی Kutî، گوتی Gutî، شوتی Şutî، لوت Lut، توند Tund، کوڵ Kul، خول Xul، قوربان Qurban.

**ـ پیتی (ۆ)،(Oo) پیتی سێیەمی بزوێنەکان. ناسراو بەواوی شێواو و کراوە، بزوێنێکی درێژە.**

لە سەرەتای وشە و بڕگەی کوردی ڕێنوسی ڕاستچین دەرناکەوێت، بۆ ئەمەی کە لە سەرەتای وشە دەربکەوێت، پیتی هەمزە (ئـ) دەکەوێتە پێش ئەم پیتە.

**ـ لە سەرەتای وشە بەشێوەی (ئۆ) دێت، وەکو:**

ئۆخە Oxey، ئۆقرە Oqre، ئۆغر Ox'ir، ئۆباڵ Obal، ئۆگر Ogir، ئۆخژەن Oxjen، ئۆرین Orîn، ئۆدە Ode.

**ـ لە نێوەڕاستی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (ۆ) دێت، وەکو:**

زۆزان Zozan، ڕۆژان Ŕojan، ڕۆژگار Ŕojgar، ژۆژ Joj، ڕۆڵە Ŕole، دۆلک Dolik، دۆڵ Dol، ڕندۆڵ Ŕindol، گڕدۆک Girdok، مەندۆک Mendok، ڕۆمان Ŕoman، کۆساڵان Kosalan.

**ـ لە نێوەڕاستی وشە لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـۆ) دێت، وەکو:**

ڕزەڵۆک Ŕizelok، گۆچان Goçan، سەهۆڵ Sehol، کۆڵان Kolan، چۆمان Çoman، جۆلانە Colane، نۆبە Nobe، خۆم Xom، کۆچەر Koçer، شۆڕ Şoŕ، چۆل Çol، چۆکڵە Çokle، جۆگە Coge، جۆڵگە Colge.

**ـ لە کۆتایی وشە لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـۆ) دێت، وەکو:**

شنۆ Şino، شانۆ Şano، گەلۆ Gelo، ئاکۆ Ako، شاهۆ Şaho، تۆ To، بۆ Bo، دینۆ Dîno، جانۆ Cano، کیلۆ Kîlo، جیلۆ Cîlo، لالۆ Lalo، هەڵۆ Helo، کللۆ Killo.

**ـ لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (ۆ) دێت، وەکو:**

درۆ Diro، برۆ Biro ، بڕۆ Biŕo، واژۆ Wajo، ڕۆ Ro، چرۆ Ciro، کارۆ Karo، سارۆ Saro.

ـ ئەم پیتە لە زوانی عەرەبی و فارسی، لە سەرەتای وشە بەشێوەی (أُ) و لە نێوەڕاست و کۆتایی وشە بەشێوەی (ـُـ) دەردەکەوێت. لە ڕێنوسی کوردی ڕاستچین، بەشێوەی (ئۆ، ـۆ، ۆ) دەردەکەوێت، هەرچەند باسکرا بەرانبەری ئەم پیتە لە زوانی کوردی، فۆنی کورتەبزوێنی (و)یە

یان هەمان زەمە، بۆرە.

ئەگەر بڕوانینە ئەم وشانە خوارەوە لە ڕێنوسی زوانی فارسی و عەرەبی، ئەم پیتە بەم شێوەیە دەردەکەوێت، بۆ وێنەهێنانەوە و شێوازی چاکتر تێگەیشتن، کەڵکم لە ئەلفبێ بەرانبەری فۆنی عەرەبی وەرگرتوە، وەکو:

| | | |
|---|---|---|
| گُل ـ گۆل Gol | جُلوُ ـ جۆلۆ Colo | صُبح ـ سۆبح Sobĥ |
| بُلبُل ـ بۆلبۆل Bolbol | سَنبُل ـ سەنبۆل Senbol | نوُ ـ نۆ No |
| توُ ـ تۆ To | مُهر ـ مۆهر Mohr | کُد ـ کۆد Kod |
| بُرد ـ بۆرد Bord | خُورد ـ خۆرد Xord | تُرد ـ تۆرد Tord |

تێبینی: لەنێو زوانی کوردی، نابێت ئەم واجە لەگەڵ فۆنی کورتەبزوێنی (و) تێکەڵ بکردرێت، وەکو:

ـ گوڵ: گوڵی باغچە. Gul

ـ گۆل: گۆم و دەریاچە Gol

ـ گۆڵ: ڕەگەزی نێر، بەتایەبەت بۆ ئاژەڵەکانی وەک سەگ و گوێدرێژ بەکاری دێت. Gol

ـ گول: چەشنە نەخۆشیەکە (جذام) Gul

ـ قۆڕ: ڕەگەزی نێر قۆڕ دەبێت، فشە Qoŕ ـ قوڕ: گڵ Quŕ

ـ خۆڵ: خاک Xol خول : دورە Xul

**ڕاهێنان**

١: پێنج وشە بۆ پیتی (و) و (و) بنوسە و بڵێ کام بزوێن و کام نەبزوێنە؟

٢: پێنج وشە بۆ پیتی (وو) بنوسە؟

٣: جیاوازی پیتی کورتەبزوێنی (و) لەگەڵ بزوێنی درێژی (وو) چیە؟

٤: چەند وشە بنوسن کە پیتی (و) هەم نەبزوێن و هەم بزوێنی تێدا بێت.

٥: چۆن جیاوازی نێوان دو پیتی (و) دەردەکەوێت؟

# وانەی (٦)

**پیتی (د، ز، ژ، س، ش)،(Dd, Zz, Ss, Şş)**
پیتانی نۆیەم، دوازدەیەم، سێزدەیەم، چورادەیەم و پازدەیەمی نەبزوێنەکان و ئەلفبێ کوردی.

**.پیتی (د)، (Dd)**
ـ پیتی نەلکاوی (د)،(Dd) پیتی نۆیەمی نەبزوێنەکان و ئەلفبێ کوردی، پیتێکی نەلکاو و نەبزوێنە.
ئەم پیتە بەدو نیگاری (د، ـد) دەردەکەوێت.
**ـ لە سەرەتای وشە بەشێوەی (د) دێت، وەکو:**
دایک Dayik، دادە Dade، دارمان Dařman، دابڕان Dabřan، دادگە Dadge، دانیشتن Danîştin، دەرگە Derge، دەوەر Dewer، دنیا Dinya، دەوران Dewran، دور Dur، دڵنیا Dinya، دەنگ Deng، دەست Dest.

**ـ لە نێوەڕاستی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (د) دێت، وەکو:**
دادە Dade، گەدە Gede، شەدە Şede، سەدە Sede، سێزدە Sêzde، خواردن Xwardin، ناردن Nardin، بردن Birdin، کردن Kirdin، ڕادە Řade، زادە Zade، زەردایی Zerdayî.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـد) دێت، وەکو:**
زیندو Zîndu، کوندە Kunde، سۆندە Sonde، باڵندە Balinde، دڕندە Diřinde، خوێندن Xwêndin، ڕێبەندان Řêbendan، خوێدان Xwêdan، بەنداو Bendaw، دڕاندن Diřandin، چاندن Çandin، کەنداو Kendaw.

**ـ لە کۆتایی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (د) دێت، وەکو:**

کورد Kurd، سەد Sed، بەرد Berid، سارد Sarid ، خوارد Xwarid، نارد Narid، کرد Kirid، برد Birid، زەرد Zerid، ڕەد Řed.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـد) دێت، وەکو:**

توند Tunid، قەند Qenid، چاند Çanid، خوێند Xwênid، دواند Diwanid، ستاند Sitanid، ڕند Řind، سوێند Siwênd، گوند Gund، هونەرمەند Hunermend، بیرمەند Bîrmenid، بەند Benid.

**ـ لەم وشانە دەوری واج دەگرێت:**

ـ سود (سود)، سور (قرمز)، سوپ (سوپ).

ـ بردن (بردن)، برین (زخم).

.پیتی نەلکاوی (ز)،(Zz)

**پیتی دوازدەیەمی نەبزوێنەکان و ئەلفبێ کوردی.**

لە سەرەتا و نێوەڕاست و کۆتایی وشەی زوانی کوردی، بەدو شێوەی (ز، ـز) دەردەکەوێت.

**ـ لە سەرەتای وشە بەشێوەی (ز) دێت، وەکو:**

زانست Zanisit، زێ Zê، زرێوان Zirêwan، زرێبار Zirêbar، زێڕین Zêŕîn، زەنگین Zengîn، زانا Zana، زگماک Zigmak، زاوا Zawa، زواناوە Zarawe، زەوی Zewî، زانکۆ Zanko، زانیار Zaniyar، زەرد Zerid.

**ـ لە نێوەڕاستی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (ز) دێت، وەکو:**

بەرزین Berzîn، فەرزین Ferzîn، لەرزین Lerzîn، ڕزەڵۆک Ŕizelok، دەرزی Derzî، خۆزگە Xozge، ڕزیو Rizîw، تەزیو Tezîw، شێوازمەند Şêwazmenid.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـز) دێت، وەکو:**

سێزدە Sêzde، بیزا Bîza، تیزاو Tîzaw، خێزان Xêzan، لێزان Lêzan، هێز Hêz، بێز Bêz، قیزوەن Qîzwen، ڕێزان Ŕêzan، بێزوان Bêzar.

**ـ لە کۆتایی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (ز) دێت، وەکو:**

ڕاز Ŕaz، ساز Saz، هۆز Hoz، حەز Ĥez، هاڵۆز Haloz، فێرخواز Fêrxiwaz، ناز Naz، بەناز Benaz، قاز Qaz، شاناز Şanaz، پیواز Pîwaz، هاوڕاز Hawŕaz، هەوراز Hewraz، سۆز Soz.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـز) دێت، وەکو:**

خیز Xîz، میز Mîz، زیز Zîz، ڕێز Ŕêz، ڕیز Ŕîz، گوێز Giwêz، هێز Hêz، پارێز Parêz، بێز Bêz، تەورێز Tewrêz.

**ـ لەم وشانە دەوری واج دەگرێت:**

ـ زو (زود)، دو (دو)، بو (بود، شد)، خو (منش)، قو (قو)، تو (توت)، مو (مو).

ـ شێواز (حالت)، شێوان (پریشان)، شێواو (اشفته).

ـ ڕیز (ردیف)، ڕیخ (سرگین)، ڕیف (قاچ)، ڕیس (ریسنده)، ڕیژ (بیماری جذام).

**.پیتی نەلکاوی (ژ)،(Jj)**

**پیتی سێزدەیەمی نەبزوێنەکان و ئەلفبێ کوردی.**

لە هەموبەشانی وشە بەدو نیگاری (ژ، ـژ) دەردەکەوێت.

**ـ لە سەرەتای وشە بەشێوەی (ژ) دێت، وەکو:**

ژوان Jiwan، ژیان Jiyan، ژینۆ Jîno، ژین Jîn، ژیلا Jîla، ژاڵە Jale، ژاکاو Jakaw، ژینگە Jînge، ژان Jan، ژەنگ Jenig، ژیڤان Jîvan، ژاکان Jakan، ژاکڵین Jaklîn، ژەهر Jehir، ژەمیار Jemiyar، ژمارە Jimare.

**ـ لە نێوەڕاستی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (ژ) دێت، وەکو:**

ئەژنۆ Ejno، برژانگ Birjanig ، برژان Birjan، ژۆژان Jojan، خوژە Xoje، ڕۆژان Ŕojan، ڕۆژگار Ŕojgar، بازاڕ Bajaŕ، جەژن Cejin، بەژن Bejin، بەرژەوەندی Berjewendî، هەژار Hejar، ڕۆژیار Ŕojyar، شۆڕەژن Şoŕejin، مێوژاو Mêjaw، قوژبن Qujbin.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـژ) دێت، وەکو:**

ڕێژوان Ŕêjwan، جێژوان Cêjwan، مێژو Mêju، مێژۆکە Mêjuke، مێژوناس Mêjunas، بژار Bijar، مژار Mijar، وێژەر Wêjer، توێژەر Tiwêjer، تاوڕێژ Tawŕêj، مژانگ Mijanig، بێژەر Bêjer.

**ـ لە کۆتایی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (ژ) دێت، وەکو:**

حەژ Ĥej، کەژ Kej، ڕۆژ Ŕoj، سۆژ Soj، دژ Dij، ڕژ Ŕij، دەمارگرژ Demaŕgiŕij، ژۆژ Joj، مێوژ Mêwij، گێوژ Gêwij.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـژ) دێت، وەکو:**

تیرێژ Tîrêj، شیرێژ Şîrêj، تیژ Tîj، نوێژ Niwêj، سارێژ Saŕêj، قیژ Qîj، شاکیژ Şakîj، درێژ Dirêj، گێژ Gêj، وێژ Wêj، قرێژ Qiŕêj.

**ـ لەم وشانە دەبێتە واج:**

ـ مژار (موضوع)، مشار (اره)، مقار (ابزوانی در نجاری).

ـ بەژن (قد)، بەبن (ریشە دار).

ـ ڕاژان (تکان)، ڕاسان (بلند شدن)، ڕازان (خوابیدن)، ڕامان (اندیشە داشتن)، ڕادان (جلو بردن).

**.پیتی لکاوی (س)،(Ss)**

**پیتی چواردەیەمی نەبزوێنەکان و ئەلفبێ کوردی.**

ئەم پیتە لە ئەلفبێ زوانی عەرەبی سێ نیگاری هەیە، کەچی بەسێ شێوازی فۆن دەردەبڕدرێت، وەکو: (س، ص، ث) لە زوانەکانی ناعەرەبی و عەجەمی دراوسێی عەرەبی کە شارەزایی فۆنەتیکی عەرەبیان نیە، بۆ هاستی ڕێنوس سەر لە نوسەر دەشێوێنێت. بەڵام لەنێو زوانی کوردی تەنیا یەک پیتی (س) هەیە، لە هەموبەشێکی وشە بەچوار جۆری (سـ، ـسـ، ـس، س) دەردەکەوێت.

**ـ لە سەرەتای وشە بەشێوەی (سـ) دێت، وەکو:**

سابیر Sabîr، سەرکەوتن Serkewtin، سەربەرزی Serberzî، سنە Sine، ساوان Sawan، ساوا Sawa، سۆز Soz، سوسەن Susen، سروە Sirwe، سیما Sîma، سەودا Sewda، سەروەر Serwer، سەیوان Seywan، ساکار Sakar.

**ـ لە نێوەڕاستی وشە لەپاش پیتی لکاو بەشێوە (ـسـ) دێت، وەکو:**

ویست Wîsit، مسۆگەر Misoger، دیسان Dîsan، مست Misit، پیسی Pîsî، وێسگە Wêsge، مەسینە Mesîne، بیست Bîsit، بێساران Bêsaran.

**ـ لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (سـ) دێت، وەکو:**

ڤێرسین Vêrsîn، بەست Besit، ڕاست Ŕasit، خواست Xwasit، بەستەنی Bestenî، ڕستە Ŕiste، دەست Desit، وەستاو Wesitaw، تەسەل Tesel ، بەسە Bese، پەستە Peste، وەستا Wesita، پرسە Pirse، بەستراو Besitiraw ، پەرستگە Perisitge.

**ـ لە کۆتایی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (س) دێت، وەکو:**

باس Bas، ترس Tiris، ڕەساس Ŕesas، هەیاس Heyas، ڕێواس Ŕêwas، کراس Kiras، گێلاس Gêlas، خلاس Xilas، مێرخاس Mêrxas، نەلاس Nelas، پێخواس Pêxiwas، لێنوس Lênus، پێنوس Pênus، ڕێنوس Ŕênus.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـس) دێت، وەکو:**

پیس Pîs، قڕنیس Qirnîs، ئەنیس Enîs، دڵپیس Dilpîs، پۆلیس Polîs، تەلیس Telîs، چڵێس çilês.

**.پیتی لکاوی (ش)،(Şş)**

**پیتی پازدەیەمی نەبزوێنەکان و ئەلفبێ کوردی.**

لە هەموبەشێکی وشە لە سەرەتا و نێوەڕاست و کۆتایی، بەچوار سیمای (شـ، ـشـ، ـش، ش) جێگر دەبێت.

**-لە سەرەتای وشە بەشێوەی (شـ) دێت، وەکو:**

شار Şar، شابالْ Şabal، شەمالْ Şemal، شنە Şine، شێواو Şêwaw، شێواز Şêwaz، شۆڕش Şořiş، شەپۆل Şepol، شەتاو Şetaw، شوان Şiwan، شنۆ Şino، شیروان Şîrwan، شێو Şêw، شۆخ Şox.

**-لە نێوەڕاستی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (شـ) دێت، وەکو:**

پرشەدار Pirşedar، عەشق Eşiq، تەشەر Teşer، قەشە Qeşe، ڕەشایی Řeşayî، ڕەشەمە Řeşeme، پەشێو Peşêw، مەلاشو Melaşu، نەشێو Neşêw، پەشۆکاو Peşokaw، ڕەشبەڵەک Řeşbelk، تەشقەڵە Teşqele، پڕشەنگ Pirşenig.

**-لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـشـ) دێت، وەکو:**

تەنیشت Tenîşit، گەیشت Geyşit، ڕۆیشت Řoyşit، هێشو Hêşu، مشەوەش Mişeweş، مشەما Mişema، هێشان Hêşan، ئیشتیا Îştya، مێشولە Mêşule، تێشو Têşu، تیشک Tîşik، مریشک Mirîşik، پڕیشک Piřîşik.

**-لە کۆتایی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (ش) دێت، وەکو:**

خۆش Xoş ، پوش Poş، چاوڕەش çawřeş، مەش Meş، پاش Paş، ماش Maş، ئاش Aş، دالاش Dalaş، پەلاش Pelaş، داپۆش Dapoş، خڕۆش Xiřoş، پەرۆش Peroş، توش Tuş، مێخۆش Mêxoş، پێشکەش Pêşkeş.

**-لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـش) دێت، وەکو:**

پێش Pêş، هێش Hêş، مێش Mêş، گامێش Gamêş، دڵکێش Dilkêş، بالانیش Balanîş، سەرکێش Serkêş.

**ـ لەم دۆخەیە بەشێوەی واج دەردەکەوێت:**

ـ خۆشاو (شربت کشمش)، خۆناو (شبنم)، خۆڵاو (گلاب).

ـ مێشولە (پشە)، مێڕولە (مورچە).

**تێبینی:** بەهۆی دیاردەی لێکچوونی دەنگ و هاستەکانی لێکچوونی تەواو و ناتەواو، گۆڕینی چوار دەنگی (س، ش، ز، ژ) لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان و زوانەئێرانیان باوە، وەکو وێنە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ناسک ـ نازک | گەسک ـ گەزک | بەرستر ـ بەرزتر | دەسرازە ـ دەزرازە |
| ڕەساس ـ ڕەزاز | بەساس ـ بەزاز | دەرس ـ دەرز | کەرەفس ـ کەرەفز |
| پاراستن ـ پارازتن | خواستن ـ خوازتن | | |

**لێکچوونی (د) بۆ پیت و فۆنی (ز) بۆ کوردیناساندی ڕەگی ئەڤێستایی وشەکە:**

ئوستاد ـ ئوستاز  دەریا ـ زەریا  داماد ـ زاماد  پێشنیاد ـ پێشنیاز

**ـ لێکچوونی دەنگی (ژ)ی گڕ، کاتێک وەپێش دەنگی کپی (ت) دەکەوێت، بەدەنگی (ش)، وەکو:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕۆژتان ـ ڕۆشتان | مژتن ـ مشتن | کوژتن ـ کوشتن | ناژتن ـ ناشتن |
| ڕژتن ـ ڕشتن | تیژتر ـ تیشتر | داڕژتن ـ داڕشتن | نوێژتان ـ نوێشتان |

**ـ لێکچوونی پیتی (ز) بۆ (ژ)، وەکو:**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژن ـ زن | ژین ـ زین | ژێ ـ زێ | دژ ـ دز | ژەهر ـ زەهر |
| بازوان ـ باژار | بازێن ـ باژێن | برژان ـ برزان | هەژاند ـ هەزاند | |

**ـ لێکچوونی دەنگی (ش) بۆ (ژ) وەکو:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| مەشغەڵ ـ مەژغەڵ | مەشغوڵ ـ مەژغوڵ | مژانگ ـ مشانگ | مژار ـ مشار |
| مێشولە ـ مێژولە | وشە ـ وژە | واشە ـ واژە | |

**تبینی:** ئەلفبێ عەرەبی پیتی (ژ)ی تێدا نیە، بەرەی زمانەوانی کوردیش بۆ ئەمەی خۆ لەژێرهەژمون و جیاناساندنی زوانی عەرەبی و جیاوازی ئەلفبێەکەی بناسێنێت و بێنێتەدەر و نیشان بدات، فۆنی (ش)ی بۆ (ژ) توشی لێکچوون کردوە.

**ڕاهێنان**

١: پێنج وشە بنوسە پیتی (ش)ی تێدا بێت؟

٢: پێنج وشە بنوسە پیتی (س)ی تێدا بێت؟

٣: پێنج وشە بنوسە پیتی (ژ) و (ز)ی تێدا بێت؟

٤: پێنج وشە بنوسە پیتی (د)ی تێدا بێت؟

٥: ئایا پیتی (د) و (ر) بەشی بزوێنەکانن و پیتی (ژ)ش نەبزوێنەکانە؟

# وانەی (٧)

**پیتی نەلکاوی (ر ، ڕ)،(Rr, Ŕŕ) پیتی دەیەم و یازدەیەمی نەبزوێنان و ئەلفبێ کوردی.**

ـ ئەم دو پیتە نەبزوێن و کۆنسۆنانتە، دو نیگار و دەنگی جیاوازیان هەیە کە لە سیستمی دەنگسازی دو پلەی تایبەتیان هەیە.

**.پیتی(ر)،(Rr)**

**ناسراو بە (ر) کز و سوک یان ناسک.**

ئەم پیتە هێزێکی تایبەتی لە بێژەکردن هەیە و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەمەی کە لە زوانی کوردی، وەکو واجێک هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکردرێت، واتە وەکو واج و فۆنێک دەور دەگێرێت.

**.پیتی (ڕ)، (Ŕŕ)**

**کە بە (ڕ)ی گڕ و قەڵەو و ئەستور ناسراوە، پیتێکی نەلکاوە و دەنگێکی پوکیە.**

ـ بەڕوانینێک بۆ ئەم وشانەی خوارەوە، لە پێکهاتەی دو دەنگی، واجی (ڕ) و (ر)، دەردەکەوێت ئەم دو دەنگە خاوەن فۆنی جیاوازن و دەبنە واجێکی بەهێز و واتای وشە تەواو دەگۆڕن، وەکو:

| | |
|---|---|
| کەر Ker (خر) | کەڕ Keŕ (کر، ناشنوا) |
| برین Birîn (زخم) | بڕین Biŕîn (بریدن) |
| وەرین Werîn (ریزش) | وەڕین Weŕîn (پارس کردن) |
| سور Sur (سرخ) | سوڕ Suŕ (راز) |
| قور Qur (دقت) | قوڕ Quŕ (گل) |
| مەر Mer (مگر) | مەڕ Meŕ (گوسفند) |
| دەر Der (در) | دەڕ Deŕ (سگ مادە) |

| | |
|---|---|
| توره Ture (ادبیات) | تورە Tuŕe (خشمگین) |
| گۆر Gor (مانند) | گۆڕ Goŕ (گور) |
| باران Baran (باران) | باڕان Baŕan (صدای بز) |
| شۆر Şor (سور) | شۆڕ Şoŕ (چابک) |
| لار Lar (کچ) | لاڕ Laŕ (لاغر) |
| ئاور Awir (آتش) | ئاوڕ Awiŕ (به عقب نگریستن) |
| برۆ Biro ( ابرو) | بڕۆ Biŕo (برو) |
| پەری Perî (پری) | پەڕی Peŕî (پرید) |

**تێبینی:** لە ڕێنوسی ڕاستچین، پیت و فۆنی (ر)ی کز ناکەوێتە سەرەتای وشە و لە مکانیزمی دەنگسازی زۆرینەی زوانەکانی زوانی کوردی، فۆنی (ر) لە سەرەتای وشەی کوردیەوە دەرناکەوێت. هەندێک کەس بەم بڕوایەن کە چون سروشتی زوانی کوردی بەم شێوازەیە کە هیچ وشەیەک بەپیتی (ر)ی سوک دەست پێناکات، کەواتە گرنگ نیە کە پیتی (ر)ی سەرەتای وشە بەشێوەی (ڕ)ی گران لە نوسین دەربکەوێت، کەچی ئەمە نازانستیە و هاستێکی فۆنەتیکی و فۆنۆلۆجیکی نیە.

ـ ئەم شێوە نوسین بەهەر مەبەستێک بێت، نازانستیە، وەکو:

ـ(Rêbwar ریبوار): پیتی (ر) لێردەدا دەنگی کزە، ئەگەر بەدروستی ئەم پیتە بێژە بکردرێت، دەردەکەوێت کە هاستەمە بێژەری کورد، بەتایبەت کوردی ناوەندی، ئەم وشەیە بە (ر) کز بێژە بکات.

ئەم شێوازە نوسینە لەم وشانەی خوارەوە، بەپێی بنەما و ڕێسای فۆنۆلۆجیکی زوانی کوردی نازانستین:

(ریبوار Rêbwar، ریناس Rênas، رۆژ Roj، ریژە Rêje، رێ Rê، ریبەندان Rêbendan، رۆژهەلات Rojelat، رۆژاوا Rojawa.)

ـ لە ڕێنوسی ڕاستچین پیتی (ڕ) گران، لە سەرەتا و ناوەند و کۆتایی وشە بەدو نیگاری (ڕ، ـڕ) تەواو بەکار دێت.

**ـ لە سەرەتای وشە بەشێوەی (ڕ) دێت، وەکو:**

ڕێناس Ŕênas، ڕامان Ŕaman، ڕۆژاوا Ŕojawa، ڕۆژهەلات Ŕojhelat، ڕزیو Ŕizîw،

ڕەنگ Ŕenig، ڕەش Ŕeş، ڕەزبەر Ŕezber، ڕێزوان Ŕêzwan، ڕێبوار Ŕêbwar، ڕاکار Ŕakar، ڕەشەمە Ŕeşeme، ڕێواس Ŕêwas، ڕێچکە Ŕêçke، ڕەچەڵەک Ŕeçelek.

**ـ لە نێوەڕاستی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (ڕ) دێت، وەکو:**

تورە Tuŕe، درین Diŕîn، وەڕین Weŕîn، لاپەڕە Lapeŕe، تێپەڕین Têpeŕîn، پەڕینەوە Peŕînewe، ئاوڕدانەوە Awiŕdanewe، مەنگوڕایەتی Menguŕayetî، درندە Diŕinde، سووڕێن Sûŕín.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـڕ) دێت، وەکو:**

کڕینKiŕîn ، فڕۆکە Fiŕoke، سڕین Siŕîn، بڕین Biŕîn، بڕوانامە Biŕwaname، شڕە Şiŕe، شپڕێو Şipŕêw، ئەمڕۆ Emŕo، بڕیار Biŕyar.

**ـ لە کۆتایی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (ڕ) دێت، وەکو:**

کەڕ Keŕ، مەڕ Meŕ، لاڕ Laŕ، خاڕ Xaŕ، تەڕ Teŕ، شەڕ Şeŕ، کووڕ Kûŕ، کوڕ Kuŕ، گۆڕ Goŕ، میزەڕۆ Mêzeŕo، چاوەڕوان çaweŕwan، قوڕ Quŕ.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـڕ) دێت، وەکو:**

هێڕ Hêŕ، تێڕ Têŕ، وێڕ Wêŕ، پڕاوپڕ Piŕawpiŕ، زێڕ Zêŕ، باڵافڕ Balafiŕ، دێڕ Dêŕ، لاتێڕ Latêŕ .

**.پیتی (ر)،(Rr).**

یەکێک لە پیتەنەبزوێنەکانە کە لە سەرەتای ڕێنوسی وشەی زوانی کوردی دەرناکەوێت، لە زوان و زوانی کورمانجی هەندێکجار (ر)ی ناسک لە سەرەتا بڕگە و وشە دەردەکەوێت، کەچی بەزۆری زۆر تەنیا لە نێوەڕاست و کۆتایی وشە بەدو نیگاری (ر، ـر) بەکار دێت، لە نێوەڕاستی وشە کاتێک لەپاش پیتی نەلکاوەوە بێت، بەشێوەی (ر) دەردەکەوێت، وەکو:

کوردستان Kurdistan، جاران Caran، باران Baran، سارا Sara، کارا Kara، وریا Wirya، دەریا Derya، هەورامان Hewraman، مەریوان Merîwan، ئاران Aran، بیرەوەری Bîrewerî، ناردن Nardin، یادگاری Yadgarî.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـر) دێت، وەکو:**

بێریڤان Bêrîvan، نێچیرڤان Nêçîrvan، مراوی Mirawî، مردو Mirdu، ترشۆک Tirşok، ترێ Tirê، سروشت Siruşit، قرژاڵ Qirjal، پرسیار Pirsyar.

**ـ لە کۆتایی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (ر) دێت، وەکو:**

جار Car، هاوار Hawar، هەوار Hewar، چوار Çiwar، خوار Xwar، دەوار Dewar، تەور Tewir، کەوەر Kewer، تەوەر Tewer، جۆر Cor، خۆر Xor، دیار Diyar، ژیار Jiyar، هەژار Hejar.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـر) دێت، بۆ وێنە:**

داپیر Dapîr، سیر Sîr، شیر Şîr، سابیر Sabîr، پەنیر Penîr، نێچیر Nêçîr، هەنجیر Hencîr، بیر Bîr، وەزیر Wezîr، ژیر Jîr، هەژیر Hejîr.

**ڕاهێنان**

١: پێنج وشە بنوسە پیتی (ر)ی تێدا بێت؟

٢: پێنج وشە بنوسە پیتی (ڕ) تێدا بێت؟

٣: جیاوازی پیتی (ڕ) و (ر) چیە؟

٤: ئایا پیتی (ڕ) هیچکات لە سەرەتای وشەی زوانی کوردی، دەرناکەوێت؟

# وانەی (٨)

**پیتانی لکاوی (ع، غ، ف، ڤ، ق)،(' , Qq, Xx, Ff, Vv)**

پیتانی شازدەیەم، هەفدەیەم، هەژدەیەم، نۆزدەیەم و بیستەمی نەبزوێنەکان و ئەلفبێ کوردی.

**پیتی (ع)، (')**

**پیتی شازدیەمی زوانی کوردی.**

بەپێی ڕێسای فۆنەتیکی زوانی کوردی، ئەم فۆنە بەڕەچەڵەک کوردی نین کەچی بەپێی بازنەی فۆنۆلۆجیکی و لێکچوونی فۆنی سازبونە و لە درێژەی فۆنگۆڕین و لێکچوونی تایبەتی مێژویی توشی لێکچوون بونە، ئەم فۆنە لەگەڵ فۆنی تایبەتی (ق، ج، چ، ح، خ، غ، ش، س، ژ، ز) هاستێکی لێکچوونی فۆنی مێژوییان هەیە و تایبەت بەیەک زوانی تایبەت و نامۆ نین، سیستم و مکانیزمی فۆنسازی زوانی کوردی بەشێوە ڕەسەن ئەم فۆنانە ساز دەکات و بەکاریان دێنێت و لە هاستی لێکسیکی و مۆرفۆلۆجیایی ئەم فۆنانە، هێزی لێکچوونی خۆیان دەردەخەن.

تاکو هێستا و لە کۆنەوەش کورد ئەم فۆنەی بەکارهێناوە، پیتی (ح) و (ع) لە هەڵکەوتنیان لەنێو ئەم وشانەی کە کورد بەکاریان دێنێت، دەردەکەوێت بنچینەی کوردیان نیە و لە زوانانی دیکەی وەکو عەرەبی هاتونەتە نێو زوانی کوردی و ئەم وشانەی لەنێو زوانی کوردیدانە سەلمێنەری ئەم ڕاستیەن، کەچی دەبێت هاستی لێکچوونی فۆنیان لە لێکچوونێکی مێژویی تاوتۆ بکەین. ئەم فۆنانە وەکو بەشەگر، بۆ کورد ماونەتەوە و لە کۆنەوە بەکار هاتون، سەداسەدی ئەم وشانە بەڕەچەڵەک سەر بە زوانانی ئەفرۆئاسیایی و سامی نین، هەربۆیە من وەکو فۆنێکی تەواو نامۆ، نایناسێنم، چون کۆمەڵێک وشە بەشێوەی لێکچوونی فۆنۆلۆجی مێژویی، توشی ئەم گۆڕانکاریانە و لێکچوونانە، هاتون.

ـ لە ناوچەی موکریان و باڵەکایەتی و هەولێر و چەند ناوچەی دیکەی کوردستان، بەهۆی دیاردەی تێکەڵکردن پیتی (ع) و (ح) توشی لێکچوون دەبن، کە نابێت و ناکرێت ئەم لێکچوونە

لە هاستی ڕێنوس بەکاریان بێنن و تەنانەت لە سیستمی دەنگسازی زوانی کوردی بەشێنەیی و بەتەواوی توانایی سازکردی ئەم فۆنانەی هەیە و نابێت پەنا بۆ لێکچوون ببەین، لێکچوونی پیتی گڕی (ع) لەگەڵ پیتی کپ و ئەوکی (ح)، وەکو:

عەرەب ـ حەرەب    عەجەم ـ حەجەم    عەلی ـ حەلی
عومەر ـ حومەر    عیسا ـ حیسا    عەلادین ـ حەلادین.

**ـ یان پێچەوانەکەی:**

موحەمەد ـ موعەمەد    حەسەن ـ عەسەن    حەمید ـ عەمید
موحسین ـ موعسین    ناحیە ـ ناعیە

**ـ لێکچوون لەگەڵ پیتی هەمزە، وەکو:**

عەزیز ـ ئەزیز ـ ئازیز    عوسمان ـ ئوسمان    عەشق ـ ئەشق    عاشق ـ ئاشق
عەلی ـ ئەلی    عادڵ ـ ئادڵ    عەقڵ ـ ئەقڵ    عەزاب ـ ئەزاب
عێراق ـ ئێراق    عەرەب ـ ئەرەب    عارەبانە ـ ئارەبەنە

**ـ پیتی (ع)، (') لە هەمو بەشێکی وشە وەکو سەرەتا و نێوەڕاست و دواوەی وشە، بەچوار نیگاری (عـ، ـعـ، ع، ـع) دەردەکەوێت.**

**ـ لە دەستپێکی وشە بەشێوەی (عـ) دێت، وەکو:**

عاشق 'aşiq، عەرەب 'ereb، عارەبانە 'arabane، عەلی 'elî، عەجەم 'ecem، عەتار 'etar، عاڕەق 'aŕeq، عەتیقە 'etîqe، عەبا 'eba، عەزیم 'ezîm.

**ـ لە نێوەڕاستی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (عـ) دێت، وەکو:**

شاعیر Şa'îr، موعەلیم Mu'elîm، مەعنا Me'na، دوعا Du'a، کەعبە Ke'be، جەعبە Ce'ba، داعبا Da'ba، موکەعەب Muke'eb، موعین Mu'în.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـعـ) دێت، وەکو:**

شیعر Şî'r، مەسعود Mes'ud، شعور Şi'ur، معیدە Mi'de، نعۆری Ni'orî، بعۆک Bi'uk، بێعار Bê'ar.

**ـ لە کۆتایی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (ع) دێت، وەکو:**

یەسوع Yesu'، مەتاع Meta'، وازع Waz' ، وەزع Wezi'، مۆزوع Mozu'، نۆع No'، تەوەقۆع Teweqo'.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـع) دێت، وەکو:**

تاڵع Tali'، قانع Qani'، مانێع Manê'، سەریع Serî'، ساتێع Satê'، مایع Mayi'.

**.پیتی (غ)، (X'x')**

**پیتی هەفدەیەمی نەبزوێنەکان و ئەلفبێ کوردی.**

ئەم پیتە وەکو پیتێکی ڕەسەن، دەبێتە ئەلۆفۆنی دەنگی (خ) و تاڕادێک لێڵی لە ڕەسەن بونی ئەم فۆنە دیارە کە فۆنێکی ڕەسەنی کوردی بێت. لەم وشانەی بەم پیتە دەنوسرێنەوە، دردەکەوێت کە ئەم پیتە بنچینەیەکی پەتی کوردی نیە و هاوشێوەی پیتانی دیکە، توشی لێکچوونێکی مێژویی بوە و زۆرجار لە جێگەی پیتی (خ) بەکاری دێت و ئاڵوگۆڕ دەکرێت، کە هاوڕێسای زمانەوانی نیە، بەم شێوەیە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| باغ ـ باخ | غەم ـ خەم | سواغ ـ سواخ | تۆڵغ ـ تۆڵخ |
| تیغ ـ تیخ | یاساغ ـ یاساخ | سابڵاغ ــ سابڵاخ | داغ ـ داخ |
| غیرەت ـ خیرەت | غونچە ـ خونچە | دۆزەخ ـ دۆزەغ | |

**ـ پیتی (غ) لە هەمو بەشێکی وشە بەچوار نیگاری (غـ، ـغـ، ـغ، غ) دێت و دەور دەگێرێت.**

**لەسەرەتای وشە بەشێوەی (غـ) دێت، وەکو:**

غەم X'em، غاپۆرە X'apore، غلۆر X'ilor، غار X'ar، غەرەز X'erez، غەدر X'edir، غەزاڵ X'ezal.

**ـ لە نێوەڕاستی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (غـ) دێت، وەکو:**

نەغەدە Nex'ede، تەرەغە Terex'e، جەغز Cex'iz، مەغز Mex'iz، مۆغناتیس Mox'natîs، باغڵەمە Bax'leme، باغەوان Bax'wan، مەغرور Mex'rur، ئاغەل Ax'el، ئاغا Ax'a.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـغـ) دێت، وەکو:**

لغاو Lix'aw، شغارتە Şix'arte، شغاب Şix'ab، بغور Bix'ur، قەڵغان Qelx'an، تیغەرە Tîx'ere، تیغە Tîx'e، بێغەوش Bêx'ewiş، پەیغەمبەر Peyx'ember، تەبلیغات Teblîx'at.

**ـ لە کۆتایی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (غ) دێت، وەکو:**

قۆچاغ Qoçax'، قۆناغ Qonax'، ساغ Sax'، باغ Bax'، داغ Dax'، سابڵاغ Sablax'، قەرەداغ Qeredax'، قوڵقوڵاغ Qulqulax'، وڵاغ Wilax'، پاڵاغ Palax'، مەبلەغ Meblex'.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـغ) دێت، وەکو:**

باڵغ Balix'، تیغ Tîx'، بەڵغ Belix'، جیغ Cîx'، دەریغ Derîx'، تەبلیغ Teblîx'، قەرەباڵغ

'Qerebalix'، بەرجیغ 'Bercîx'.

**تێبینی**: لە وشەی هاوشێوەی غەم و خەم، بۆ وێنە دەنوسرێت: (ڕۆژگاری خەم) چەمکی (خەم) واتای (خمیدگی) دەدات و وشەی (غم) واتای جەخار و کڵۆڵ و پەژارە، (غم) لەم چەمکەیە، دەبێتە ڕۆژگارێک کە کووڕە و خواربوتەوە، نەک ڕۆژگارێک کە غەمگیناوی و غەمبارە، لە وشەی (غەم و خەم، داخ و داغ) دەبێتە واج، واتای وشەکەی گۆڕیوە.

**.پیتی (ف)،(Ff)**

**پیتی هەژدەیەمی نەبزوێنەکان و ئەلفبێ کوردی.**

لە هەموبەشی وشە جێگیر دەبێت و بەچوار نیگاری (فـ، ـفـ، ف، ـف) دەردەکەوێت.

**ـ لە دەستپێکی وشە بەشێوەی (فـ) دێت، وەکو:**

فەڕش Feŕiş، فرۆش Firoş، فەرهەنگ Ferhenig، فریا Firya، فینکە Fînke، فریشتە Firíşte، فرەنج Firenic، فیتو Fîtu، فەرزاد Ferzad، فەرهاد Ferhad.

**ـ لە نێوەڕاستی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (فـ) دێت، وەکو:**

ڕفۆک Ŕifok، ڕفێدە Ŕifêde، دەفر Defir، نەفەر Nefer، بەتفەڕ Betfeŕ، ئەفسانە Efisane، وەفا Wefa، خەفەت Xefet، دەفتەر Defter، بەفر Befir، بەفرین Befirîn، مەشکەفی Meşkefî.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـفـ) دێت، وەکو:**

لفکە Lifke، l تێفکرین Têfikrîn، سیفر Sîfir، گفتۆگو Giftogu، مفتە Mifte، کفتە Kifite، جفتیار Ciftiyar، لێفە Lêfe.

**ـ لە کۆتایی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (ف) دێت، وەکو:**

جاف Caf، ماف Maf، مەناف Menaf، ساف Saf، تەناف Tenaf، فاف Faf، دەف Def، لرف Lirif.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـف) دێت، وەکو:**

خەڵێف Xelêf، کەیف Keyif، قیف Qîf، شیف Şîf، کیف Kîf.

**.پیتی (ڤ)،(Vv)**

**پیتی نۆزدەیەمی نەبزوێنەکان و ئەلفبێ کوردی.**

ئەم پیتە بەزۆر لە دیالێکتی باکور و نێوەڕاست باوە، لە زوانی هەورامی بەشێوەی (ۋ) و بەزۆر لە زوانی کورمانجی بێژە دەکرێت، هەڵبەت لە زوانی فارسی دەبێتە فۆن و بێژە دەکرێت، بەڵام بەشێوەی ڕێنوس، نانوسرێت وەکو:

وشەی ئەڤەڵ Evel، دۆڤۆم Dovom، سێڤۆم Sêvom، کەڤتەر Kevter، مۆڤەتێش Mofetêş، تەڤەلۆد Tevelod...تاد.

ئەم فۆنە، لە تێکەڵی دو فۆنی (ف)+(و،w) واوی نەبزوێن پێکدێت و کاتی بێژەکردنی ددانەکانی سەرەوە تەواو لەگەڵ لێوی خوارەوە وەیەکدەکەون و برەهەوایەک لە سیەکان و لوت دەدرێتە دەرەوە، ئەم پیتە لە هەموبەشێکی وشە جێگر دەبێت و بەچوار جۆرەنیگاری (ڤـ، ـڤـ، ڤ، ـڤ) دەردەکەوێت.

**ـ لە دەستپێکی وشە بەشێوەی (ڤـ) دێت، وەکو:**

ڤیان Viyan، ڤینگە Vînge، ڤێرسین Vêrsîn، ڤراوێن Viravên، ڤێیار Vêyar، ڤیار Viyar، ڤەکی Vekî، ڤەور Vewir، ڤڕین Viŕîn.

**ـ لە نێوەڕاستی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (ڤـ) دێت، وەکو:**

ئاڤاشین Avaşîn، باڤان Bavan، دەڤەر Dever، جێژڤان Cêjvan، گەڤەر Gever، تەڤەر Tever، ئاڤان Avan، ئەڤین Evîn، تاڤگە Tavge، گۆڤار Govar، زاڤا Zava، دلۆڤان Dilovan، شەڕڤان Şeŕvan، مەڕڤان Meŕvan، نێچیرڤان Nêçîrvan.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـڤـ) دێت، بۆ وێنە:**

بێریڤان Bêrîvan، شڤان Şivan، بڤە Bive، گڤە Give، شیڤان Şîvan، میڤان Mîvan، ژیڤان Jîvan، دیڤۆک Dîvok، سیڤان Sîvan.

**ـ لە کۆتایی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (ڤ) دێت، وەکو:**

چاڤ Çav، ناڤ Nav، گاڤ Gav، باڤ Bav، داڤ Dav، ڕاڤ Ŕav، ئاڤ Av، کەڤ

Kev، شەڤ Şev.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـڤ) دێت، وەکو:**

گڤ Giv، گیڤ Gîv، تیڤ Tîv، ئارشیڤ Arşîv، نێگاتیڤ Nigatîv، بەرسڤ Bersiv.

**ـ دەنگی (و،w) لە زوانی کورمانجی بەبەراوەرد لەگەڵ زوانەکانی دیکەی کوردی، لەگەڵ پیتی (ڤ) توشی لێکچوون دەبێت، وەکو:**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| چاو ـ چاڤ | باو ـ باڤ | گاو ـ گاڤ | ئاو ـ ئاڤ | کەو ـ کەڤ |
| چاوان ـ چاڤان | باوان ـ باڤان | تاوان ـ تاڤان | ڕاو ـ ڕاڤ | زاوا ـ زاڤا |

.پیتی (ق)، (Qq)

**پیتی بیستەمی نەبزوێنەکان و ئەلفبێ کوردی.**

لە هەموبەشێکی وشە جێگر دەبێت و بەچوار نیگاری (قـ، ـقـ، ق، ـق) دەردەکەوێت.

ئەم دەنگە وەکو دەنگێکی ڕەسەنی کوردی، خۆ دەرناخات و ئەم وشانەی بەم پیتی ساز دەبن، بەزۆر وشەیەکی پەتی کوردی نین، هەرچەند ئەم فۆنەش لە درێژەی لێکچوونی فۆنی مێژویی توشی لێکچوون بوە.

چ فۆنی (غ) و فۆنی (ق)یە، بەزۆر توشی لێکچوون لەگەڵ فۆنی (خ) و (ک) کراون، واتە فۆنی وشەیان توانیوە بگۆڕن، وشەی وەکو (سوراک) بوتە بە (سوراخ ـ سوراغ)، (مەلەک) بوتە (مەلەخ، مەلەغ)، وشەی (کەرچەنگ) بوتە (خەرچەنگ، غەرچەنگ)، هێستاش تورکی کەفکازی کە خۆی وشەی (کەفکاز) لەنێو زوانی ئەوان کراوە بە (قەفقاز)، ئەم فۆن لێکچوونەش نابێت بەهەڵە وشەکەی بگۆڕدرێت، تورکانی ئۆیغۆری و کەفکازی و ئازەران توانایی سازکردنی فۆنی (ک) و (خ)یان نیە، بۆیە ئەم فۆنانە دەکەن بە (ق) یان (غ)، فۆنی (غ) و (خ)ش فۆنێکی قورگی و ئەوکین و لەیەک نزدیکن، لەم وشانەی کە بەوێنە بۆم نوسین، وشەی (سوراک، مەلەک/ کەرچەنگ)، ئەوان ئەم وشانەیان هەر لە ئەڤێستایی و پەهلەوی و زوانەئێرانیان وەرگرتوە، بەڵام بەشێوەی فۆنەتیکی خۆیان بێژەیان دەکەن، وەکو:

سوراک ـ سوراغ ـ سوراق

کە دێتەوە نێو زوانی کوردی و فارسی، چون فۆنەکەی، فۆنێکی ژینگەیی ئەم ناوچەیە و فۆنی سەرەکی وشەکەیە دەبێتەوە (خ = سوراخ).

کە ئازەریەک بێژەی بکات دەبێتەوە:

(سوراک ـ سوراخ ـ سوراغ ـ سوراگ، سوارچ)

بەم شێوەیە ئەم فۆنان توشی لێکچوون بونە و ئەمەش نابێتە واج و واتای وشەکە بگۆڕێت و وشەکە بەهی ئازەری و تورکان بناسرێت.

چەمکی (بەردبواقێ) لە چەمکی (بەردبوارێ) کە لە ناوچەی شاری سەقز باوە، وەکو ئاسەوارەکەی لە لێکچوونی ئەم فۆنانە، بەجێماوە، ئەمانە لێکچوونی فۆنن کە بەدرێژایی هەزوانان ساڵە ڕویانداوە، ئێمە نابێت لە ڕەواڵەتی وشان بڕوانین، دەبێت کاری مەیدانی ئیتیمۆلۆجی و لێکچوون و گۆڕینی فۆنایان بۆ بکەین.

**ئەم پیتە لە دەستپێکی وشە، بەشێوەی (قـ) دێت، وەکو:**

قو Qu، قارەمان Qareman، قاوت Qawit، قەرەڕەش Qereŕeş، قەت Qet، قەزا Qeza، قەیسی Qeysî، قاز Qaz، قەڵات Qelat ، قەڵا Qela، قەڵەو Qelew، قامچی Qamçî، قەیس Qeyis، قەڵەم Qelem.

**ـ لە نێوەڕاستی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (قـ) دێت، وەکو:**

چەقۆ Çeqo، باقۆ Baqo، تەقی Teqî، باقڵە Baqle، تاقەت Taqet، باقی Baqî، بوقژە Buqje، سەقەت Seqet، فەقەت Feqet، بەقەت Beqet، ڕەقیب Ŕeqîb.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـقـ) دێت، وەکو:**

مقەست Miqesit، بڵیقان Bilîqan، شقارتە Şiqarte، مقاش Miqaş، هێسقان Hsqan، سقوت Siqut، مقەوا Miqewa.

**ـ لە کۆتایی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (ق) دێت، وەکو:**

زەنبەق Zenbeq، عارەق 'aŕeq'، بۆق Boq، تەق Teq، ڕەق Ŕeq، شەق Şeq، مراق Miraq، تەڵاق Telaq، متبەق Mitbeq، تەقەتەق Teqteq.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـق) دێت، وەکو:**

ڕەفیق Ŕefîq، تەریق Terîq، لق Liq، عاشق، 'aşiq عشق 'işiq'، فتق Fitiq، تۆفیق Tofíq، تەستیق Testîq.

**ڕاهێنان**

١: پێنج وشە بنوسە پیتی (غ) و (ع)ی تێدا بێت؟

٢: پێنج وشە بنوسە پیتی (ق) و (ڤ)ی تێدا بێت؟

٣: پینج وشە بنوسە پیتی (ف)ی تێدا بێت؟

٤: کام لەم وشانە، وشەی سەرەکین و بۆچی سەرەکین؟
باخ؟
خەم؟
تیخ؟
نەخەدە؟
باغەوان

# وانەی (٩)

**پیتی (یـ، ێ)،(Êê, Ee)**

پیتی پێنجم و شەشەمی بزوێنەکان، سێ پیتی نەلکاو.

**.پیتی (ە، ـە)،(Ee)**

پیتی پێنجەمی بزوێنەکان و کورتەبزوێنکی زوانی کوردیە، ناسراو بەسەرەی کورت.

هاوشێوەی بزوێنەکانی دیکەی زوانی کوردی لە سەرەتای وشە دەرناکەوێت و بۆ ئەمەی کە بمانهەوێت لە سەرەتای وشە بەکاری بێنین، کەڵک لە پیتی یارمەتیدەدەری (ئـ) وەردەگرین.

**ـ لە سەرەتای وشەی کوردی بەشێوەی (ئە) دەردەکەوێت، وەکو:**

ئەسرین Esrîn، ئەڤین Evîn، ئەمیر Emîr، ئەتو Etu، ئەتۆ Eto، ئەوان Ewan، ئەژنۆ Ejno، ئەسپینگ Espînig، هەستێرە Hstêre، ئەسپەناخ Espenax، ئەستۆ Esto، ئەشکەوت Eşkewit.

**ـ لە ناوەندی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (ە،ـە) دێت، وکو:**

دەر Der، دەرکە Derke، ڕەزبەر Ŕezber، ڕەوەز Ŕewez، زەرد Zerid، دەوران Dewran، ژەنگ Jenig، ڕەنگ Ŕenig، دەنگ Denig، بێژەر Bêjer، دەورە Dewer، سەروەر Serwer، کەوەر Kewer، سەر Ser، کەڕ Keŕ، کەو Kew، خەو Xew، شەو Şew، مەڕ Meŕ، مەودا Mewda، سەودا Sewda، شەل Şel، مەل Mel، شەوگار Şewgar، کۆچبەر Koçber، دڵبەر Dilber، گەورە Gewre، گەوەر Gewer، گەوهەر Gewher.

**ـ لە کۆتایی وشە لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـە) دێت، وەکو:**

دەرکە Derke، زانستگە Zanisitge، شلە Şile، مەلە Mele، سەلە Sele، کۆمەڵگە Komelge، پەلە Pele، جۆلانە Colane، کولانە Kulane، هێلانە Hêlane، لە Le.

**ـ لە کۆتایی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوە (ە) دێت، وەکو:**

دە De، سەدە Sede، شەدە Şede، زێوە Zêwe، نەوە Newe، گەدە Gede، ڕێژە Ŕêje، هێوارە Hware، لۆدە Lode، قۆرە Qore، نۆرە Nore، کورە Kure، تورە Tuŕe.

ـ لە ڕێنوسی عەرەبی و فارسی، ئەم پیتە لە نێوەڕاست و کۆتایی وشە بەشێوەی (ـَ) و لە دەستپێکی (اَ) دەردەکەوێت.

ـ ئەم دەنگە واتە دەنگێک کە لە سەرەوەی زوان و لێوە ساز دەبێت و لە کاتی درکاندنی، دەنگەکە فڕێ دەدرێتە بۆلای سەرەوە زوان و لوت. لە زوانی کوردی بە (سەر، سەرە) ناسراوە و لە ڕێنوسی زوانی کوردی بەشێوەی (ئە، ە، ـە) دێت، بەبەراوەرد لەگەڵ ئەم وشانەی خوارەوە و لە ڕێنوسی ڕاستچین، چۆینەتی نوسینی ئەم پیتە دەردەکەوێت:

| | | | |
|---|---|---|---|
| اَرگ ـ ئەرگ | اَسپ ـ ئەسپ | أسَمَر ـ ئەسمەر | أکبَر ـ ئەکبەر |
| أحَد ـ ئەحەد | أصغَر ـ ئەسغەر | دَر ـ دەر | سَر ـ سەر |
| هَر ـ هەر | کَر ـ کەڕ | بَر ـ بەر | بَست ـ بەست |
| مَست ـ مەست | دَست ـ دەست | پَست ـ پەست | هَمَدان ـ هەمەدان |
| چَمَدان ـ چەمەدان | صَمَد ـ سەمەد | مُحَمَّد ـ مۆحەمەد | |

**ـ لەم وشانە دەوری واج دەگرێت:**

ـ بەسە (بسە)، باسە (خبرە)

ـ مەلە (شنا)، مەلا (پیشوای آیینی)

ـ بەش (سهم)، باش (خوب)، بۆش (میانی).

ـ لە ڕێنوسی زوانی فارسی بەهۆی دیاردەی هاونوسی (Heteronyms)، لەم دیاردەیە وشەکان یەکنیگارن بەڵام شێوەی دەنگی و واتای جیاوازیان هەیە. بەهۆی وەرگرتن و قەرزی ڕێنوسی فارسی سەرلێشێواوی بۆ نوسەر و خوێنەر ساز دەکات و خوێنەر دەبێت بەپێش و پاشی ئەم وشانەی کە لە ڕستە دەردەکەوێت، بزانێت مەبەستی نوسەر چیە، لەم چەند نمونەیە، ئەم مەبەستە دەردەکەوێت:

ـ مردم، مردم، مردم

ـ سێ وشەی یەکنیگارین، کە بەم وشانە کە دەکەونە پێش و پاش و هەڵکەوتنیان لە ڕستە

دەردەکەوێت، نوسەر چ مەبەستێکی هەیە، بەبەراوەرد لەگەڵ ڕێنوسی کوردی ئەم وشانە وەکو خوارەوە دەردەکەون:

ـMerdom مەردۆم (خەڵک) فارسی = مردم، ڕێنوسی عەرەبی: مَردُم

ـMerdem مەردەم (پیاوم) فارسی = مردم، ڕێنوسی عەرەبی: مَردَم

ـMordem مۆردەم (مردم) فارسی = مردم، ڕێنوسی عەرەبی: مُردَم

ـMelêk مەلێک (شاه) فارسی = ملک، ڕێنوسی عەرەبی: مَلِک

ـMolik مۆلک (وڵات) فارسی = ملک، ڕێنوسی عەرەبی: مُلک

ـMêlik مێلک (دارایی) فارسی = ملک، ڕێنوسی عەرەبی: مِلک

ـMelek مەلەک (فریشتە) فارسی = ملک، ڕێنوسی عەرەبی: مَلَک

ـ Ton تۆن (هەزوان کیلۆ) فارسی = تن، ڕێنوسی عەرەبی: تُن

ـTen تەن (لەش) فارسی = تن، ڕێنوسی عەرەبی: تَن

ـTon تۆن (کۆنسێرو) فارسی = تن، ڕێنوسی عەرەبی: تُن

ـTen تەن (چەند کەس) فارسی = تن، ڕێنوسی عەرەبی: تَن

ـGul گوڵ (گوڵ) فارسی = گل، ڕێنوسی عەرەبی: گُل

ـGol گۆڵ (گۆڵی تۆپێ) فارسی = گل، ڕێنوسی عەرەبی: گُل

ـGêl گێل (گێل) فارسی: گل، ڕێنوسی عەرەبی: گِل

ـ لەنێو زوانی کوردی، وشەی وەک: (خاو، مان، لک، یارمەتی، ڕستە، ڕاپەڕین، کەل، پەڕ، سەر، هەر...تاد) دەکەونە بەرتیشکی ڕێسای هاونیگاری (homography)، لەم ڕێسایەوە، وشەکان یەکنیگار و ڕێنوسن، بەڵام واتای جیاوازیان هەیە، هەڵبەت ڕێسای لێکسکی بۆ ئەم بەشە لەنێو زوانی فارسی و کوردی هاوبەشە و لە هەمو زوانێک ئەم دیاردەیە دەردەکەوێت، بەشێکی لێکسیکی بەناو هاوبێژ (homonym) واتە (همآوا) وەکو بەشی چالاکی فەرهەنگی دەردەکەوێت، بەتایبەت لەنێو زوانی کوردی، لەم بەشە، وشان بەیەک شێوەی هاوفۆنی دەردەکەون، واتا شێوەی فۆنی وشان بەشێوەی ئەلفبێ و پیتیان هاوسەنگ و یەکن و هیچ جیاوازیان نیە، وەکو وشەی (بیر) کە دەکەوێتە بەشی هاوبێژی فەرهەنگی، لەم وشانە بەکۆمەڵ

لەنێو زوانی کوردی دەردەکەون، کە بەپێی هاستی سینتەکسی ـ ڕستەیی دەردەکەوێت کە لە ڕەوتی تایبەتی نوسینەوە لە کەسی یەکەم نوسەر بۆ کەسی دوەم خوێنەر بەپێی ڕستە دەردەکەوێت کە مەبەستی نوسەر چیە.

(Êê)،(ێ).

**پیتی شەشومی بزوێنەکان.**

لە ڕێنوسی ڕاستچینی کوردی، بەچوار نیگاری (ئێـ، ـێـ، ێ، ـێ) لە سەرەتا و نێوەڕاست و کۆتایی وشە دەردەکەوێت. پیتی ژێر- ژێرە، واتە دەنگەکە فڕێ دەدرێتە ژێرەوەی زوان و بەشێوەی فڕێدان بەرەوخوارەوەی زوان، دەدرکێندرێت. بەپێی ڕێسای دەرنەکەوتنی بزوێنەکان لە سەرەتای وشەی زوانی کوردی، کەڵک لە پیتی (ئـ) وەردەگرین و بەشێوەی (ئێـ) دێت، وەکو:

ئێوە Êwe، ئێمە Ême، ئێش Êş، ئێگجار Êgcar ، ئێرە Êre، ئێشکگر Êşikgir.

**ـ لە نێوەڕاستی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (ێـ) دێت، وەکو:**

ڕێگە Ŕêge، ڕێچکە Ŕêçke، ڕێبوار Ŕêbiwar، ڕێناس Ŕênas، ڕێزان Ŕêzan، ڕێبەندان Ŕêbendan، ڕێپێوان Ŕêpêwan، ڕێبەر Ŕêber، زێڕ Zêŕ، زێوان Zêwan، ژێدەر Jêder، ژێرخان Jêrxan، دێرینە Dêrîne، دێر Dêr، وێنە Wêne، وێران Wêran، دێهات Dêhat.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـێـ) دێت، وەکو:**

سێبەر Sêber، پێوەڕ Pêweŕ، لێهاتو Lêhatu، شێواو Şêwaw، شێواز Şêwaz، لێوان Lêwan، لێوار Lêwar، خێزان Xêzan، بێواز Bêwaz، هێما Hêma، تێڕامان Têŕaman، سێو Sêw، خێوار Xêwar، سێڵاو Sêlaw، مێژو Mêju، لێجکە Lêcke.

**ـ لە کۆتایی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (ێ) دێت، وەکو:**

ئەرێ Erê، ڕێ Ŕê، مێ Mê، دێ Dê، نوێ Niwê، خوێ Xwê، گوێ Gwê، پێرێ Pêrê، کێ Kê، جێ Cê، پەسوێ Peswê.

ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـێ) دێت، لە زۆر وشە، دەوری هامرازی بانگکردن و هامرازی ناسینی ڕەگەزی مێیە لە زوانی کورمانجی، ناوچەی باڵەکایەتی، موکریان و چەند ناوچەی دیکەی کوردستان دەگرێت و لە زوانی کورمانجی دەبێتە، هاوەڵناو و مۆرفیمی ناسینی ڕەگەزی نێر، وەکو:

**لە سۆرانی:** (کچێ Kiç ê، ژنێ Jin ê، دایکێ Dayik ê، دڵێ Dil ê، گوڵێ Gul ê، نازێ Naz ê،

کیژێ Kîj ê، خوشکێ Xwişk ê، پورێ Pur ê).

**لە کرمانجی:** (کەکێ Kek ê، بابێ Bab ê، ئاپێ Ap ê، مامێ Mam ê، خاڵێ Xal ê، پۆرێ Por ê، خورتێ Xurit ê).

ـ شێوەی فۆنی ئەم پیتە، بەبەراوەرد لەگەڵ ئاهەنگی بێژەکردنی دەنگەنەبزوێنەکانی ئەلفوبێ، بەزۆرکردنی ئەم فۆنە بەدواوەیان، بەسانایی دەردەکەوێت، وەکو:

(بێ Bê، پێ Pê، تێ Tê، جێ Cê، چێ Çê، خێ Xê، حێ Ĥê، دێ Dê، ڕێ Ŕê، رێ Rê، زێ Zê، ژێ Jê، مێ Mê، نێ Nê، لێ Lê، کێ Kê، گێ Gê، عێ 'ê، غێ x'ê...).

**تێبینی:** ئەم فۆنە لە ڕێنوسی عەرەبی و فارسی لە سەرەتای وشە بەشێوەی (اِ) و (إ) دەردەکەوێت، لە نێوەڕاست و کۆتایی وشە بەشێوەی (ـِ) دێت کە ناسراوە بە (کسرە). لە زوانی کوردی ئەم پیتە هاوشێوەی نیە. لە زوانی کوردی پیتی (ێ)یان بەرانبەری (ـِ) داناوە، (کسرە) بەهۆی ئەمەی کە دەنگێکی کورتی هەیە و بزوێنی ژێری (ێ)، فۆنێکی درێژە، بەبەراوەرد لەگەڵ فۆنی عەرەبی، دەبێتە دەنگی کورتی (ی). کەسرە دەنگی لە ژێرەی نزمتر و لە (ی) بەرزترە. کاتێک لەگەڵ وشەی زوانی عەرەبی و فارسی دەردەکەوێت، شێوەی کورتی (ی) دەگرێت و بەشێوەی کورت جێگەی (کسرە) دەگرێت، دەرکەوتنی ژێڕەی عەرەبی بەبەراوەرد لەگەڵ ڕێنوسی کوردی جێگربونی نیە و توشی لێکچوون لەگەڵ پیتی (ە، ی، ێ، بزرۆکە) دەبێت و سەداسەد بەرانبەری ئەم پیتە لەنێو زوانی کوردی پیتی (ێ) نیە.

**کسرە لە عەرەبی و فارسی، ئەرکی ناساندن و وەسف دەگرێت، لە زوانی کوردی هامرازی ناساندن پیتی بزوێنی (ی)یە. جێگۆڕکی (ێ) لەگەڵ (کسرە)ی عەرەبی لەبری (کسرە) پیتی (ێ)یان بەکار هێنابو، وەکو:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| إسلام ـ ئیسلام | إبلیس ـ ئیبلیس | إنسان ـ ئینسان | شِعر ـ شیعر |
| شاعَر ـ شاعیر | إمارات ـ ئیمارات | إمام ـ ئیمام | اِشتباه ـ ئیشتباه |
| کتابِ من ـ کتێبی من | | شبِ تاریک ـ شەوی تاریک | |
| سالِ سخت ـ ساڵی سەخت | | استادِ زبان ـ ئوستادی زبان، زمان | |

**تێبینی:** لە ئەلفبێ زوانی عەرەبی و فارسی، فۆنی دواوەی هەمو وشەکان کە بەپیتی (ـە) دەردەکەون، لە زوانی کوردی دەبێتە فۆنی (ێ)، لە ڕێنوس و فۆنەتیکی فارسی جیاوازیان هەیە، وەکو فۆن بێژە دەکرێت بەڵام وەکو ڕێنوس ڕەچاو ناگیرێت، وەکو:

| | | | |
|---|---|---|---|
| بَستەِ ـ بەستێ | رَفتەِ ـ ڕەفتێ | شِکَستەِ ـ شێکەستێ | نِشَستەِ ـ نێشەستێ |
| خَستەِ ـ خەستێ | مُردەِ ـ مۆردێ | بازَندەِ ـ بازەندێ | خَزَندەِ ـ خەزەندێ |
| هَستەِ ـ هەستێ | | | |

**ـ لەم وشانە دەوری واج دەگرێت:**

ـ زێوان (نگهبان گور)، زیوان (تکان، جنبش).

ـ خێر (خیر)، خۆر (خورشید)، خشر (زویر)، خڕ (کنکاش).

ـ پێرێ (پریروز)، پورێ (خاله).

ـ دێر (بیت)، دیر (دیر)، دار (درخت)، دۆر (زمانه).

ـ قێز (حالت بهم خوردن)، قاز (قاز)، قۆز (شیک).

**تێبینی:** هەندێکجار بارێکی قورسی دەنگی کپ بۆ دەنگی گڕ دەگوازرێتەوە، وەکو لێکچوونی دەنگی (ێ) بۆ (ی):

| | | | |
|---|---|---|---|
| مێوان ـ میوان | لێوان ـ لیوان | هێستا ـ هیستا | بسکێت ـ بسکیت |
| لێجکە ـ لیجکە | لێخن ـ لیخن | گێسک ـ گیسک | دێوەخان ـ دیوەخان |
| تێژ ـ تیژ | پەنێر ـ پەنیر | گوریس ـ گورێس | گویز ـ گوێز |
| کیرد ـ کێرد | ژێر ـ ژیر | | |

**ـ لێکچوونی (ـە) لەگەڵ (ێ)، وەکو:**

| | | |
|---|---|---|
| پەیان ـ پێیان | تەیان ـ تێیان | پێشکێش ـ پێشکەش |
| تێگێشتن ـ تێگەیشتن | پەیوەندی ـ پێوەندی | |
| یێکێک ـ یەکیەک | هێندێک ـ هەندێک | بەخێربێن ـ بەخەیربێن |

**ڕاهێنان**

١: پێنج وشە بۆ پیتی (ۆ) بنوسە؟

٢: پێنج وشە بۆ پیتی (ە) بنوسە؟

٣: پێنج وشە بنوسە پیتی (ێ) تێدا بێت؟

٤: جیاوازی پیتی (ێ) و (ە) لە چ دایە؟

٥: ئەم وشانە کامەیان هەڵەن و بۆچی هەڵەن؟

ێیستا

ۆێنە

دەڕۆەکە

ورج

داێک

ۆانە

هێستاکانە

# وانەی (١٠)

**پیتی (ک، گ)،(Kk, Gg)**

پیتی لکاوی بیست و یەک و بیست و دوەمی نەبزوێنەکان و ئەلفبێ کوردی.

**.پیتی (ک)،(Kk)**

دەنگێکی نەرمەمەڵاشوییە.

هاوشێوەی نەبزوێنانی زوانی کوردی، لە هەمو بەشێکی وشە بەچوار نیگاری (کـ، ـکـ، ـک، ک) دەردەکەوێت.

**ـ لە دەستپێکی وشە بەشێوەی (کـ) دێت، وەکو:**

کوردستان kurdistan، کەیوان Keywan، کەو Kew، کەژیار Kejyar، کەژوان Kejwan، کەژاڵ Kejal، کوێستان Kwêsitan، کاروان Karwan، کۆمار Komar، کارۆ Karo، کەنیشک Kenîşik، کیژ Kîj، کیسەڵ Kîsel.

**ـ لە نێوەڕاستی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (کـ) دێت، وەکو:**

پەکو Peku، تاکو Taku، تورەکە Tureke، چوکە Çuke، زوکە Zuke، لۆکە Loke، دوکەڵ Dukel، چۆکڵە Çokle، کاکڵە Kakle، کاکۆڵ Kakol، بەرکۆڵ Berkol، داکۆکی Dakokî، ناکۆکی Nakokî.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـکـ) دێت، وەکو:**

مەشکە Meşke، ڕشکە Ŕişke، لێجکە Lêcke، خینکان Xînkan، شینکە Şînke، فینکە Fînke، شەویلکە Şewîlke، قدیلکە Qidîlke، نکۆڵی Nikolî، مەمکە Memke، ملوانکە Milwanke.

**ـ لە کۆتایی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (ک) دێت، وەکو:**

خاک Xak، کاک Kak، باوک Bawik، چاک Çak، گڕدۆک Girdok، تنۆک Tinok، توک Tuk، کەرکوک Kerkuk، پەرتوکPertuk ، گەڕۆک Geŕok، بەرۆک Beřok، ڕوناک Ŕunak.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـک) دێت، وەکو:**

دایک Dayik، خوشک Xwişik، ناسک Nasik، لاسک Lasik، فێنک Fênik، تاریک Tarîk، باریک Barîk، جارێک Carêk، کاتێک Katêk، باوێشک Bawêşik، کەروێشک Kerwêşik، هەرمێشک Hermêşik، توێلک Tiwêlik.

**تێبینی:** لە کۆتایی وشانی کوردی لەبری پیتی (ک) کەڵک لە پیتی (ك)ی وەردەگرێت، کەچی شیاوترە لەبری پیتی (ك) لە پیتی (ک) کەڵک وەربگیرێت.

دایك: دایک    کاك: کاک    ناسك: ناسک    تەسك: تەسک

**.(گ)،(Gg)**

**پیتێکی لکاو و بیست و دوەمی نەبزوێنەکان و ئەلفبێ کوردیە.**

لەنێو زوانی کوردی بەچوار نیگاری (گ، گـ، ـگـ، ـگ) لە وشە دەردەکەوێت و لە هەموبەشێکی وشە جێگر دەبێت.

**ـلە سەرەتای وشە بەشێوەی (گـ) دێت، وەکو:**

گاڕان Gaŕan، گەرم Gerim، گیان Giyan، گەسک Gesik، گەزیزە Gezîze، گەل Gel، گوڵ Gul، گاوان Gawan، گەشت Geşit، گەیشت Geyişit، گەنم Genim، گیرۆدە Gîrode، گڵ Gil، گەلاوێژ Gelawêj.

**ـلە نێوەڕاستی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (گـ) دێت، وەکو:**

هۆگر Hogir، ئەگەر Eger، یاگە Yage، مەگەر Meger، تەگەر Teger، مەرگەوەر Mergewr، دادگە Dadge، ڕەگەز Ŕegez، دوڕگە Duŕge، وەرگێڕ Wergêŕ، هەگبە Hegbe.

**ـلەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـگـ) دێت، بۆ وێنە:**

دڵگەرم Dilgerim، پنگە Pinge، زانستگە Zanisitge ، دەنگۆ Dengo، تەنگانە Tengane، تونگە Tunge، ئەنگوستیلە Engustîle، تاڤگە Tavge، جێگە Cêge، پێگە Pêge، دەنگدانەوە Denigdanewe، بێگەرد Bêgerid، زرینگە Zirînge، خڕینگە Xiŕînge، مانگا Manga.

**ـلە کۆتایی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (گ) دێت، وەکو:**

ڕەگ Ŕeg، کارگ Karig، سەگ Seg، مەرگ Merig، جەرگ Cerig، گورگ Gurig، پۆڕگ Poŕig، قوڕگ Quŕig، بەرگ Berig، جوانەمەرگ Ciwanemerig، زگ Zig.

**ـلەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـگ) دێت، وەکو:**

زەنگ Zenig، ڕەنگ Ŕenig، هەنگ Henig، ژەنگ Jenig، مەنگ Menig، شەنگ Şenig، دەنگ Denig، بەرتەنگ Bertenig، مەرزەنگ Merzenig، دڵتەنگ Diltenig، بەردەنگ Berdenig.

**تێبینی:** بەهۆی دیاردەی هاوبەش لەنێو زۆرینەی زوانەهیندوئەورووپیان و دیاردەی فۆنەتیکی، فۆنەکان لەم قۆناغە، بۆ فۆنی دیکە توشی نەرمبونەوە و لێکچوونی دەبن. لە زوانی کوردی ئەم دیاردەیە دەردەکەوێت و هەرکاتێک چوار دەنگ و پیتی (وێ، وی، ێ، ی) لەپێش دەنگی (ک، گ) دەربکەون، بەزۆر و بەگشتی بەتایبەت لە ناوچەی موکریان و هەولێر و بەشێکی سلێمانی و باڵەکایەتی و چەند ناوچەی دیکەی کوردستان، ئەم دەنگانە بەدەنگی (چ، ج) توشی لێکچوونی دەبن و بێژەی دەکردرێن، واتە لە گشت ئەم وشانەی کە پێش ئەم چوار دەنگە (وێ، وی، ێ، ی) دەردەکەون، بەشێوەیەکی سیستمەتیک و سروشتی، دەنگەکە لە (ک) و (گ) دەکەوێت و بە (ج، چ) دەگۆڕدرێن، وەکو:

(گیان): لەدوای پیتی (گ) پیتی (ی) دەرکەوتوە، دەنگەکە دەگۆڕدرێت و بەشێوەدەنگێکی نێوان (چ) و (ژ) بێژە دەکرێت، وەک "چیان"، (جیان) تەواو هەڵەیە!

(گێلاخە): لەدوای پیتی (گ) دەنگی (ێ) دەرکەوتوە، بەشێوەدەنگی نێوان (چ) و (ژ) بێژەی دەکرێت، وەکو: چێلاخە.

**ـ بەپێی فۆنەتیک دەبێت ئەم وشانە بەفۆنی خۆیان بنوسرێنەوە، وەکو:**

چیلۆ ـ کیلۆ　　چیان ـ گیان　　چێلاخە ـ گێلاخە　　چیفان ـ گیرفان، گیفان

چیسەڵ ـ کیسەڵ　　هەنچون ـ هەنگوێن　　چیر ـ گیر　　چێشە ـ کێشە

چیران ـ گیران　　چێزەر ـ گێزەر　　چۆز ـ گوێز　　چۆر ـ کوێر

چێلان ـ کێلان　　چیلان ـ گیلان　　چوێ ـ کوێ　　چێ ـ کێ

لەچوێ ـ لەکەوێ　　چۆ ـ گوێ　　چۆێجکە ـ گوێجکە

★تێبینی: زۆر کەس لە هاستی ڕێنوسی، بەشێوەی پیتی (چ) کەڵک وەرناگرن و لە پیتی(ج) کەڵک وەردەگرن.

لەم هاستەوە ئێمە لەگەڵ دیاردەیەکی فۆنۆلۆجی ناسروشتی ڕوبەڕو دەبینەوە، کاتێک کە لێکچوونی ناتەواوی ئەم دو فۆنە (ک، گ) بەدەرکەوتنی چوار واجی تێکەڵ و سەربەخۆ، شێوەی فۆنەتیکیان توشی لێکچوون دەبێت، واتە بەگشتی هەر وشەیەک کە پیتی (ک، گ) تێدا بێت و لەپێشیان فۆنی (وێ، وی، ێ، ی) دەربکەون، گۆکردن و بێژەیان دەبێتە (چ، ج) کە ئەم دو فۆنەش بەتایبەت لە ناوچەی موکریان، گران و سوکی بێژەیی هەیە، ئەم دیاردەفۆنەتیکیە ئەگەر بێنینە سەر بارێکی لێکسیکی و مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجیکی، دەردەکەوێت کە ئەم

لێکچوونە سروشتی و فۆنۆلۆجیکی نیە، چون ئەگەر ئاخێوەرانی ئەم بنزوانانە بەتایبەت ناوچەی موکریان، لە هاستی لێکسیکی و ڕێزمانی وشەیەکیان کۆ کرد و بیانهەوێت بیکەنە کۆ، ئەم لێکچوونە بەشێوەی سروشتی نامێنێت، کاتێک وشەی (کارگ) گردان بکەن، لە سێیەم کەسی کۆ، ئەم بابەتە دەردەکەوێت کە بێژەکردنەکە توشی لێکچوون لەگەڵ پیتی (چ، ج) نابێت، و بەشێوەی (کارگ + یان) بێژە دەکرێت، واتە فۆنی (گ) لەگەڵ ئەمەی کە فۆنی (ی) کەوتوتە پێشەوەی، کەچی دەنگەکە ناکرێتە فۆنی (چ). یان وشەی (بانگ، بانک) بەشێوەی (بانگ، بانک + یان) گردان دەکەن و هاستی فۆنۆلۆجیەکەی نابێتە (بانچ، بانج + یان)، ئەمەیە کە هێزی دەنگی ناسروشتی (چ، ج) تەنیا لێکچوونێکی نوێیە و نەیتوانیوە بەگشتی دزە بکاتە نێو ڕێسای فۆنۆلۆجیکی زوانی کوردی.

**ڕاهێنان**

١: پێنج وشە بنوسە پیتی (ک) تێدا بێت؟

٢: پێنج وشە بنوسە پیتی (گ) تێدا بێت؟

٣: هۆکاری لێکچوونی دەنگی ئەم وشانە چیە؟
کیسەڵ/ گیرفان/ کیلۆ/ گێلاخە.

٤: چ کاتێک ئەم دو دەنگەی (چ) و (ج) دەگۆڕدرێن؟

٥: لەم وشانەی خوارەوە، کامەیان دروستن، بۆچی دروستن؟
کێشە
هەنگوین
چوێ
چۆ
گیان
چێلاخە
چێلاس

# وانەی (١١)

**پیتی (ڵ، ل، م، ن)، (Ĺĺ, Ll, Mm, Nn)**

پیتانی بیست و سێ، بیست و چوار، بیست و پێنج و بیست و شەشومی نەبزوێنەکان و ئەلفبێ کوردی.

**پیتی (ڵ)، (Ĺĺ)**

**بیست و سێیەمی نەبزوێنەکان و ئەلفبێ کوردیە. ناسراو بە لامی گڕان و قەڵەو و ئەستور.**

ئەم پیتە بەشێوەی ڕێنوس، تایبەت بە ئەلفبێ کوردیە، بەڵام بەشێوەی فۆنیم هاوبەشە لەگەڵ زۆرینەی زوانەکانی دیکەی دنیایە. هیچکات پیتی (ڵ) گڕان، هەوتەکدار، لە سەرەتای وشەی زوانی کوردی دەرناکەوێت و دێتە زنجیرە و پۆلبەندی بزوێنەکان و هاوشێوەی پیتی (ر)ی سوک و ١١ پیتی بزوێن، کۆی ئەم پیتانەی کە ناکەونە سەرەتای وشەی زوانی کوردی لە باری ڕێنوسیەوە، دەبنە ١٤ پیتی (ا، ۆ، و، وو، ۆ، ۆ، ێ، ی، ێ، ر، ڵ، ە، بزرۆکە)، کە ١١ پیت بزوێنن و ٣ نەبزوێنن.

پیتی (ڵ) گران و قورس و (ر)ی سوک، لە سەرەتای وشەی زوانی کوردی دەرناکەون. ئەمە دیاردەیەکی دەنگسازی زوانی کوردیە، پیتی (ڵ)ی قەڵەو لە سەرەتای وشەوە ناتوانێت بدرکێندرێت و تەنیا لە نێوەڕاست و کۆتایی وشە بەکار دێت. هەندێک کەس لە سەرەتای وشە، بەشێوەی (ڵێڵ، ڵاڵ) بەکاری دێنن، دیارە بەهۆی دیاردەی زمان سفی و پسکی زمان (زبان پیچان) ئاشکرایە کە زۆرکەس توانایی بێژەکردنی فۆنی (ڕ) و (ڵ) و (ش) و (س) و (ق) و (گ) و (ک) و (ج) و (چ) و (ح) و (ع) و فۆنەکانی دیکەی زوانی هەر ئەلفبێیەک، کاتێک بەشێوەی زنجیرەفۆنێکی بەستراوەیی و بێبڕینەوەی هەناسەیی بەدوای یەکەوە بێن، لێڵی فۆنی تێدایە. بەجێگۆڕککردن و لێکچوونی خێرایی ئەم فۆنانە لەبری یەک، فۆنەکان بێژە دەکردرێن. دەرکەوتنی دو فۆنی گڕان و سوک، هاوشێوەی (ڵ) و (ل) بەدوای یەکتر و لە زنجیرەدەنگێک،

دەبێتە هۆی تەوژمخستن و گەیاندنی بای دەرچوویی بۆ سەر فۆنی سوک و ناسک. هێنانەوەی وێنەی هاوشێوەی (ڵاڵ، لێڵ...تاد)، دەگەڕێتەوە بۆ ئەمەی کە لە سوچێکی فۆنەتیکی دیاردەی پسکزمانی، دەرکەوتنی (ل) ناسک لەپاش (ڵ) گران، چون بەزۆر دەردەکەوێت کە زۆرینەی ئەم (ل)یانەی کە لەپاش (ا) دێن، لە زوانی کوردی، ئەمە (ڵ) گرانن و دەرکەوتنی (ل) ناسک لەپێش (ا) و هاوزنجیری (ڵ)ی گڕ، دەبێتە هۆی گرانی بونی (ل) ناسک. وەکو هەڵکەوتنی فۆنی (س) لە نزدیک فۆنی (ش) یان پێچەوانەی ئەمە دەردەکەوێت، ئەگەر ئێمە چەند وشە وەکو زنجیرەوشەیەکی هاوشێوەی وشەگەلی (دوشەمانە سبەی سێشەمەکەی شەمەکەی شەوی سبیەنەکەی شەوەسارده)، (لقی لکەکلکەکەی تاقەی کەلی کەلاوەی کۆڵان، لانکەی کەلاوەی کەلی تاقەیە) ڕیز بکەین، ئەمە گەلێجار وەکو یاریەک، بەخێرایی و زوزو بێژەکردنیان بێبڕینەوەی هەناسەیی بەکارمان هێناوە و ئەگەر بیانخەینە تەنیشت یەکەوە و بەشێوەی بێبڕینەوەی هەناسە ڕیتیمی فۆنەکانی بدرکێنین، توشی دیاردەی فۆنگۆڕین و لێکچوون دەبین، واتا فۆنی (س) و (ش) و (ل) و (ڵ) و (ک) و (ق) و (ا) و (ه)...تاد، جێگۆڕک دەکرێن و توشی دیاردەی پسکی زمان دەبن، ڕێک ئەم شێوەیە لەگەڵ فۆنی گران و ناسکی (ڵ، ل، ڕ، ر) هاوشێوەن، (لێڵ و ڵاڵ) گەر بڕوانینە فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی زوانی کوردی، ئەمە دەکەوێتە بەر ڕێسای فۆنۆلۆجی و فۆنەتیکی.

**ـ ئەم پیتە هەرکات لە نێوەڕاستی وشە لەدواوەی پیتی نەلکاو دەربکەوێت، بەشێوەی (ڵـ) دەردەکەوێت، وەکو:**

گوڵاڵە Gulale، گڵۆڵە Giglole، دڵۆپە Dilope، هاڵۆز Haloz، باڵندە Balinde، باڵهەڵگر Balhelgir، دڵگیر Dilgîr، دڵبەر Dilber، دۆڵاخ Dolax، بەڵێن Belên، پەڵە Pele، شاڵاو Şalaw، نەڵۆس Nelos، داڵاش Dalaş، قاڵاو Qalaw، کۆڵان Kolan.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـڵـ) دێت، وەکو:**

گڵۆڵە Gilole، کڵۆڵ Kilol، مڵو Milo، پێڵاو Pêlaw، گڵاو Gilaw، مڵە Mile، سڵاو Silaw، سێڵاو Sêlaw، بڵاو Bilaw، کێڵگە Kêlge، کڵاو Kilaw، گڵکۆ Gilko، پڵتە Pilte، شڵپە Şiple.

**تێبینی:** کاتێک پیتی (ل) لەدوای دەنگ و فۆنی (ا) بزوێنی بەرز و بزوێنی (ێ) دەربکەوێت، بەزۆر بەشێوەی (ڵ)ی گران دەردەکەوێت، وەکو وێنە:

(لاڵ، شاڵ، ناڵ، خاڵ، حاڵ، ماڵ، ساڵ، ئاڵ، داڵ، تاڵ، یاڵ، کاڵ، باڵ، خەیاڵ، کەژاڵ، کەماڵ، داڵان، تاڵان، قاڵاو، شاڵاو، پاڵاخ، پاڵاو، پاڵەوان، تاڵاو، شاڵیار، ئاڵا، داڵاش، داماڵین، ڕۆماڵ، جۆماڵ، خۆماڵی، گوڵاڵە، شەلاڵ، خوێنتاڵ، لێوئاڵ، کشتوکاڵ، بەرماڵ، بەیتاڵ، بەژنوباڵا، گۆپاڵ، پایماڵ، پێزاڵ، خاڵگە، لاپاڵوو، نەواڵ، پاڵەوان، غەزاڵ، بنپیاڵە، بنباڵ، بنەماڵە، باڵندە، کوتاڵ، ماڵدار، باڵدار، دەرماڵ، بڵاڵۆک، ئاڵدار، سیپاڵ، تیژباڵ، هەڤاڵ، ئاواڵ، بێخاڵ، پاڵوپشت، خاڵۆژن، خاڵۆزا، خاڵخاڵۆکە، خاڵدار، ماڵوێنجە، جاڵجاڵۆکە، بێزاڵە، شمشاڵ، بەنەواڵ، پاڵپشتی، دەسماڵ، بەتاڵ، شاتاڵ، داڵاهۆ، پاڵاوتن، باڵابەرز، سکاڵا، باڵوێز، باڵۆڵە، ئاڵۆز، قاڵۆنجە، باڵەنجە، باڵەخانە، باڵین، پێڵاو، ئێڵەک، گێڵ، لارەهێڵ، بەتێڵانە، سێڵە، سێڵاو، بولێڵە، بومەلێڵ، لێڵ، جحێڵ، بـکێڵ، خێڵ، هێڵ، وێڵ، وێڵان، شێڵان، سمێڵ، سێڵ، تێڵ، ڕەهێڵە، بێڵۆتە، بێڵەوە، بێڵ، بەرەوسێڵ، بەرسێڵ، بەربەسێڵ، بەربێڵ، فێڵباز، کێڵان، تەوێڵە، وێڵاش، دانەوێڵە، چێڵ، تێڵە، هێڵان، دێڵ، شێڵە).

**ـ لە کۆتایی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (ڵ) دێت، وەکو:**

چەقەڵ Çeqel، تەقەڵ Teqel، خەیاڵ Xeyal، مەتەڵ Metel، چاڵ Çal، ماڵ Mal، یاڵ Yal، داوەڵ Dawel، کلۆڵ Kilol، گلۆڵ Gilol، کیسەڵ Kîsel، پەڵ Pel، دڵ Dil.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـڵ) دێت، وەکو:**

خێڵ Xêl، هێڵ Hêl، لێڵ Lêl، کێڵ Kêl، وێڵ Wêl، کشپڵ Kişpil، جەحێڵ Ceĥêl، سمێڵ Simêl، دێڵ Dêl، بێڵ Bêl.

.پیتی (ل)، (Ll)

**پیتی بیست و چوارەمی نەبزوێنەکان.**

لە هەموبەشێکی وشە بەچوار نیگاری (لـ، ـلـ، ـل، ل) دەردەکەوێت.

**ـ لە سەرەتای وشە بەشێوەی (لـ) دێت، وەکو:**

لاوێن Lawên، لالە Lale، لیمۆ Lîmo، لێوان Lêwan، لێجکە Lêcke، لێزان Lêzan، لاوان Lawan، لاسک Lasik، لێخوڕ Lêxuŕ، لاواز Lawaz، لەڕزۆک Leŕzok، لە Le، لەگەڵ Legel، لالۆ Lalo.

**ـ لە نێوەڕاستی وشە لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـلـ) دەێت، وەکو:**

چلە Çile، شیلان Şîlan، دیلان Dîlan، بلوێر Bilwêr، بلیمەت Bilîmet، شلێر Şilêr، ملکەج Milkec، گلێرە Gilêre، گلەیی Gileyî، ملوانکە Milwanke، ملپێچ Milpêc.

**ـ لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (لـ) دەێت، وەکو:**

دەلال Delal، چالاک Çalak، پەلامار Pelamar، پەلار Pelar، پەلە Pele، مەلە Mele، کەللە Kelile، گەلان Gelan، جەلان Celan، دلۆڤان Dilovan، گەلاوێژ Gelawêj.

**ـ لە کۆتایی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (ل) دێت، وەکو:**

مەل Mel، قەل Qel، هەل Hel، جەل Cel، تەل Tel، شەل Şel، لەل Lel، زەل Zel، دەلال Delal، کول Kul، سەل Sel، گول Gul، زل Zil.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـل) دێت، وەکو:**

چل Çil، جل Cil، خێل Xêl، تێل Têl، کێل Kêl، سیل Sêl، پیل Pîl، قیل Qîl، مەیل Meyil.

**ـ ئەم دو پیتە، دو فۆن جیاواز و لە زوانی کوردی فۆنن و دەوری واج دەگرن، وەکو:**

| | |
|---|---|
| ـ پەلە (عجلە) | ـ پەڵە (لکە) |
| ـ بەلەک (ساق) | ـ بەڵەک (دورنگ) |
| ـ دال (ردیف) | ـ داڵ (لاشخور) |
| ـ کولاو (داس چوب بری) | ـ کوڵاو (جوشیدە، بختە شدە) |

| | |
|---|---|
| ـ سۆل (دمپایی) | ـ سۆڵ (سور) |
| ـ تۆل (جنین) | ـ تۆڵ (انتقام) |
| ـ کوڵ (جوش اب) | ـ کول (کند) |
| ـ گوڵ (گل) | ـ گول (جذامی) |
| گۆل (استخر) | ـ گۆڵ (نر، گل فوتبال) |
| ـ مەلە (شنا) | ـ مەڵە (نگو) |
| ـ دۆل (بچە) | ـ دۆڵ (درە) |
| ـ پەل (بال پرندە) | ـ پەڵ (سنگ) |
| ـ قوول (حیوان دم بریدە) | ـ قووڵ (عمق) |
| ـ چل (٤٠) | ـ چڵ (شاخە). |

**ـ لەنێو زوانی کوردی ئەم پیتە بەم شێوەیە دەرناکەوێت:**
ڵاوێن، ڵاوان، ڵیمۆ، ڵێوان، ڵاڵ، ڵاسک، ڵالە، ڵەیلا، ڵالۆ، ڵانکە، ڵاو، ڵولە، ڵێڵ، ڵاڵ...تاد.

★**تێبینی:** لە ناوچەی باڵەکایەتی و هەولێر و چەند بەشی دیکەی کوردستان، ئەم پیتە بەشێوەی (ر) ناسک بێژە دەکەرێت، واتا لێکچوونی پیتی (ڵ) بە (ر) کە دیاردەیەکی باو و مێژوویی لەنێو زوانەکانە، وەکو:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| خاڵم ـ خارم | دڵم ـ درم | مەڵبەند ـ مەربەند | ساڵ ـ سار | تلیاک ـ تریاک |
| سڵام ـ سرام | چڵمن ـ سلمن | گوڵم ـ گورم | وەڵام ـ وەرام | |

**.پیتی لکاوی (م)،(Mm)**

**پیتی بیست و پێنجەمی نەبزوێنەکان و ئەڵفوبێی کوردی.**

هاوشێوەی زۆرینەی نەبزوێنەکان لە سەرەتا و نێوەڕاست و کۆتایی وشە بەچوار نیگاری (مـ، ـمـ، ـم، م) دەردەکەوێت.

**ـ لە سەرەتای وشە بەشێوەی (مـ) دێت، وەکو:**

ماد Mad، مێژو Mêju، میتان Mîtan، میترا Mîtra، میوان Mîwan، مار Mar، مەرگ Merig، مەستان Mesitan، مانگ Manig، ماسی Masî، مەودا Mewda، مریشک Mirîşik، مێشک Mêşik، مردو Mirdu، مۆز Moz، مێوژ Mêwij، مەنگ Menig، مەڵاشو Melaşu، مژانگ Mijanig.

**ـ لە نێوەڕاستی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (مـ) دێت، وەکو:**

دارمان Dařman، زەمان Zeman، دەڵەمە Deleme، زمان Ziman، قارەمان Qareman، شەمامە Şemame، دامان Daman، ڕامان Řaman، شەماڵ Şemal، ئامانج Amanic، ڕامیار Řamiyar، سامیار Samiyar، زەمەند Zemenid، ژمارە Jimare، ژەمیار Jemiyar، ساماڵ Samal.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـمـ) دێت، وەکو:**

نیشتیمان Nîşitîman، پەیمان Peyman، سیما Sîma، لیمۆ Lîmo، دیمەن Dîmen، چیمەن Çîmen، سێمان Sêman، سمێڵ Simêl، شمشاڵ Şimşal، دەسماڵ Desimal، سمۆرە Simore، سمکۆ Simko.

**ـ لە کۆتایی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (م) دێت، وەکو:**

بەردەم Berdem، هەردەم Herdem، فام Fam، غەم X'em، قەڵەم Qelem، نزم Nizim، بەزم Bezim، سەردەم Serdem، گوڵەندام Gulendam، نهۆم Nihom، مۆم Mom، بەرچەم Berçem.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـم) دێت، وەکو:**

نەسیم Nesîm، وەهم Wehim، شەونم Şewnim، ئاوریشم Awrîşim، ماڵم Malim،

تەپونم Tepunim، شڵم Şilim، سڵم Silim، گەنم Genim.

**.پیتی (ن)،(Nn)**

**پیتی بیست و شەشەمی نەبزوێنەکان و ئەلفبێ کوردی.**

بەچوار نیگاری (نـ، ـنـ، ـن، ن) لە سەرەتا و ناوەند و کۆتایی وشە دەردەکەوێت.

**ـ لە دەستپێکی وشە بەشێوەی (نـ) دێت، وەکو:**

نیشتیمان Nîşitîman، ناوازە Nawaze، نازدار Nazdar، نزم Nizim، نۆک Nok، نەبەز Nebez، نەختێک Nextêk، ناسک Nasik، نیسک Nîsik، نشێو Nişêw، نۆژەن Nojen.

**ـ لە نێوەڕاستی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (نـ) دێت، وەکو:**

هانی Hanî، ڕێبەندان Ŕêbendan، گیانلەبەر Giyanleber، سەڵماندن Selmandin، بەناز Benaz، شاناز Şanaz، بازنە Bazine، زەردەخەنە Zerdexene، چاند Çanid، پەند Penid، ڕەند Ŕenid، گوڵبەند Golbenid، گیابەند Giyabenid، جاڕنامە Caŕname، ڕەنجە Ŕence، ڕەنجدەر Ŕenicder، بارنامە Barname.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـنـ) دێت، وەکو:**

دینۆ Dîno، وێنە Wêne، تینو Tînu، هاوێنە Hawêne، شێنەیی Şêneyî، ژینا Jîna، مێینە Mêyne، خینکان Xînkan، شینگێر Şîngêr، بێنەوا Bênewa، شنە Şine.

**ـ لە کۆتایی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (ن) دێت، وەکو:**

نیشتیمان Nîşitîman، کوردستان Kurdistan، گیان Giyan، باران Baran، ڕەبەن Ŕeben، تەمەن Temen، کاروان Karwan، سامان Saman، قارەمان Qarean، باوانBawan ، ئاڤان Avan، پاوان Pawan، بەران Beran.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـن) دێت، وەکو:**

برین Brîn، تین Tîn، شین Şîn، ناوین Nawîn، ئەڤین Evîn، بارین Barîn، هەسرین Hsrîn، غەمگین X'mgîn، ڕەنگین Ŕengîn، زەنگین Zengîn، دێرین Dêrîn، خوێن Xwên.

**تێبینی:** ئەم دو پیتە لەڕوی دیاردەی فۆنەتیکی و پێکەوەهەڵنەکردن و وێکنەچوون ـ

دیسسمیلاسیۆن (Dismmilation) و نەرمبونی هاستی فۆنۆلۆجی، زۆرجار پێکەوە هەڵناکەن و توشی لێکچوون دەبن، واتە پیتی کپی (ن) و بەستراوەیی و لێوی (م)، کاتێک دەکەونە لای یەک جێ دەگۆڕن، وەکو چەند وشە بۆ وێنە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| بەرانبەر ـ بەرامبەر | شەنبە ـ شەمبە | تەنبەڵ ـ تەمبەڵ | پەنبە ـ پەمبە |
| هەنبانە ـ هەمبانە | چەنبەر ـ چەمبەر | جۆنبێش ـ جۆمبێش | گۆنبەز ـ گۆمبەز |
| دەنبوس ـ دەمبوس | جانباز ـ جامباز | نانەجیم ـ نانەجیب. | |

**ڕاهێنان**

١: پێنج وشه بنوسه که پیتی (ڵ) تێدا بێت؟

٢: پێنج وشه بنوسه که پیتی (ل)ی تێدا بێت؟

٣: بۆچی پیتی (ڵ) له سەرەتای وشه دەرناکەوێت؟

٤: پیتی (ل) چۆن بێژه دەکرێت؟

٥: کام لەم وشانه نادروستن، بۆچی نادروستن؟

لاوێن

لاو

ڵاوا

ڵەڕزۆک

لەیلا

ڵاوان

ڵاوۆ

# وانەی (١٢)

**پیتی (ی، ی، هـ)،(Hh ،Yy, Îî)**

- پیتی بیست و هەوتوم و بیست و نۆیەمی نەبزوێنەکان و ئەلفبێ کوردی، پیتی پێنجەمی بزوێنەکان.

-سێ پیتی لکاوی ڕێنوسی ڕاستچین.

پیتی (ی) لە ڕێنوسی کوردی بەشی ڕاستچین، یەک نیگاریان هەیە، هاوشێوەی دو پیتی (وw ،) و (و،u ) کە دو فۆنی جیاوازن، بەڵام یەک سیمایان هەیە. دو پیتی (ی) یەکیان بزوێنی درێژە، ئەمەی دیکەشیان نیمەبزوێن و وەستاوە. لە ڕێنوسی چەپچین دو پیت و نیگاریان بۆ داناوە، واتە فۆنی (ی) پیتی (î) بزوێن و فۆنی (ی) نیگاری نەبزوێنی (Yy)یان بۆ داناوە. ئەم کێشەیە لە ڕێنوسی چەپچین چارەی بۆ کراوە و کێشەی نوسینیان نیە. بەڵام لە ڕێنوسی ڕاستچین، بۆ فێرخواز و نوسەر دەبێتە هۆی سەرلێشێواوی و کێشە و ناکۆکی لە کاتی بەکارهێنانی ئەم پیتە.

**.پیتی (ی)،(Îî)**

**پیتی پێنجەمی بزوێنەکان.**

پیتی (ی، î) هاوشێوەی بزوێنەکان، لە سەرەتای وشە و بڕگەی ڕێنوسی ڕاستچین دەرناکەوێت و لە نێوەڕاست و کۆتایی وشە بەپێنج نیگاری (ئیـ، ـیـ، یـ، ـی ،ی)، دەردەکەوێت.

**لە سەرەتای وشە و بڕگەی زوانی کوردی لە پیتی یارمەتیدەدەری (ئـ) کەڵک وەردەگرێت، لە دەستپێکی بڕگە و وشەی زوانی کوردی، بەشێوەی (ئیـ) دەردەکەوێت، وەکو:**

ئیرمان Îrman، ئینە Îne، ئیمشەو Îmşew، ئیتر Îtr، ئیسک Îsik، ئیوان Îwan، ئیروان Îrwan، هیشتیا Hîştya، ئیشک Îşik، ئیلام Îlam، ئیمە Îme.

**-لە نێوەڕاستی وشە لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـیـ) دێت، وەکو:**

ئاڤاشین Avaşîn، ڤێرسین Vêrsîn، نیشتیمان Nîşitîman، شیر Şîr، پیر Pîr، میر Mîr، خیز Xîz، تیژ Tîj، پشتیوان Piştîwan، سیر Sîr، شیروان Şîrwan، میوان Mîwan، تیرێژ Tîrêj، پیرەمێرد Pîremêrid.

**ـ لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (یـ) دێت، وەکو:**

دیسان Dîsan، مەریوان Merîwan، دیوان Dîwan، زیوان Zîwan، زیندان Zîndan، دیوار Dîwar، ژیوار Jîwar، ژیندەر Jîner، ڕیز Ŕîz.

**ـ لە کۆتایی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (ی) دێت، وەکو:**

زی Zî، شادی Sipî، یاری Yarî، تاژی Tajî، سپی Sipî، کۆتایی Kotayî، ڕەشایی Ŕeşayî.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەزۆر بەشێوەی هامرازی وەسف و ناساندن دەور دەگێرێت و زۆر کەم دەبێتە بەشی سەرەکی وشە و بەشێوەی (ـی) دێت، وەکو:**

کوردستانی Kurdistan î، شنۆیی Şino yî، سنەیی Sine yî، بانەیی Bane yî، زیندانی Zîndan î، ویرانی Wêran î، جوانی Ciwan î، شایی Şa yî، پیسی Pîs î، شیرینی Şîrîn î، بادینی Badîn î، سۆرانی Soran î.

**تێبینی:** ئەم ڕێسایە خزراوەتە نێو ڕێنوسی کوردی کە کاتێک وشە بەپیتی بزوێنی درێژی (ی) کۆتایی هاتبێت، دەبێت پیتی (ی) پێناسە نەکەوێت و بەشێوازی (یی، ییی) بنوسرێتەوە، وەکو:

(شنۆیی، بانەیی، سنەیی، کۆتایی، شاییی، بەرزاییی، زاناییی، سەوزاییی، سپاییی، پانتاییی، بەریناییی، درێژاییی، پەمۆیی، قاوەیی، نزماییی، سووراییی، جوانیی، شاییی)، کە هیچ ڕێسایەکی فۆنەتیکی پشت ئەم شێوەنوسینە ناگرێت و تەنیا حەزێکی نوسینی ڕێنوسیە کە بێجگە لە سەرلێشێوانی فێرخواز و نوسەر، هیچی دیکە نیە (بگەڕێوە بەشی هامرازەکان، پرشەدارێکی زمانەوانی ٢).

دەرکەوتنی شێوەی نەبزوێن، بزوێنی (یی) لەپاش ١٠ بزوێنەکانی (ۆ، و، وو، ۊ، وٓ، ە، ا، ی، ێ، ۍ) لەگەڵ پیتی (ی، î) جیاوازە، لەپاش ئەم بزوێنانە گەر پیتی (ی) دەربکەوێت، بەهۆی دەرنەکەوتنی دو بزوێن بەدوای یەکتر، لە پیتی یارمەتیدەدەری (ی، y)، کەڵک وەردەگیرێت. پیتی (ی) دەچێتە سەر ئەم هاوەڵناوانە و دەوری ناساندن و وەسف دەگرێت و دەبێتە دیاریخەر، وەکو:

(قاوەیی، خەنەیی، شێنەیی، پەمۆیی، شینایی، ڕەشایی، بانەیی، سنەیی، کۆیی، خۆیی، هەڵویی،

کاهویی، ئاڵوبالویی، نۆیی، درێژایی، زەردایی، وەنەوشەیی، دوانەیی).

**ـ ڕێسای جیاکردنەوەی ئەم دو فۆنەجیاوازە و یەکنیگاریە لە زوانی کوردی و بەشی ڕاستچین:**

**ـ ڕێسای یەک:**

**هەرکات لە سەرەتای وشە و بڕگە بێت سەداسەد نەبزوێنە، وەکو:**

| | |
|---|---|
| یار Yar | یادگار Yadgar |
| یاری Yarî | یەک Yek |
| یارسان Yarsan | یاقووت Yaqût |

**ـ ڕێسای دوەم:**

**هەرکات پێش و پاشی ئەم پیتە، پیتێکی نەبزوێن دەرکەوتبێت، ئەم پیتە دەبێت فۆنی (ی،î )، وەکو:**

ـNîşitîman) نیشتیمان): پێش پیتی (ی)، نەبزوێنی (ت) و پاشی نەبزوێنی (م) دەرکەوتوە، دەنگی ئەم پیتە دەبێتە بزوێن، (ی، î) چون لە زوانی کوردی، دو بزوێن بەدوای یەکەوە نایەن.

ـŞîr) شیر): پێش پیتی (ی) پیتی (ش) و پاشی پیتی (ر) هاتوە، دەنگەکە دەبێتە بزوێنی (ی، î).

ـ هەرکات پێش و پاشی ئەم (ی)یە، هەر کام لە **٣٢** نەبزوێنەکانی زوانی کوردی دەرکەوتبن، ئەم دەنگە دەبێتە (ی،(î بزوێن.

**.پیتی (ی)،(Yy)**

**پیتی بیست و نۆیەمی کۆنسۆنانتەکان و ئەلفبێ کوردی.**

سروشتی ئەم فۆنە، لەگەڵ فۆنی (و) نیمەبزوێنە، واتە وەکو سێیەم ئەرکی ئەلفبێ و فۆنەتیکی خۆی، توانایی نیمەبزوێنیشی هەیە و لە هاستی لێکسیکی و مۆرفۆلۆجی زوانی کوردی، یارمەتیدەدەری ئەم بەشە دەبێت. ئەم پیتە بەسێ شێوە لە ڕێنوسی ڕاستچین بەکار دێت، وەکی هەمو نەبزوێنەکان لە هەرسێ بەشی وشە جێ دەگرێت و هەرکات لە سەرەتای وشە و بڕگە دەربکەوێت، نەبزوێنە و بەشێوەی (یـ، ـیـ، ی) دەردەکەوێت.

**ـ لە سەرەتای وشە بەشێوەی (یـ) دێت، وەکو:**

یاد، یار، یادگار، یاران، یاقوت، یەک، یەستار، یارسان، یەزیدی، یەکێتی، یەکگرتویی

یاد Yad یار Yar یەک Yek یارسان Yarsan یاری Yarî

یابان Yaban یازدە Yazde یاگە Yage یەزیدی Yezîdî.

**ـ لە نێوەڕاستی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (یـ) دێت، وەکو:**

دایک Dayik، سەیران Seyran، پەیمان Peyman، سەیوان Seywan، کەیوان Keywan، قەیران Qeyran، حەیران Ĥeyran، هەیاس Heyas، میدیا Mîdiya، پەریا Periya، ساریا Sariya، ئاریا، Ariya سەیدەوان Seydewan.

ـ لەم وشانەی سەرەوە پاش و پێش پیتی (ی) بەزۆر بزوێنی بەرز و بزوێنی نزمی (ا، ە) دەرکەوتون و پیتەکەی دەکەنە نەبزوێن. بەپێی ئەم ڕێسایە دەردەکەوێت کە ئەم پیتە چ کاتێک دەبێتە نەبزوێنی (ی، y) و چ کاتێک بزوێنی (ی، î)

ـ لە وشەی وەکو (دایک) پێش پیتی (ی)، بزوێنی بەرزی (ا) هاتوە و پیتەکەی کردوتە نەبزوێن.

سەیوان: پێش پیتی (ی)، کورتەبزوێنی (ـە) هاتوە و پیتەکەی کردوتە نەبزوێن.

**ـ لە کۆتایی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (ی) دێت، وەکو:**

کەی Key، حەی Ĥey، نەی Ney، مەی Mey، تاکەی Takey، پەی Pey، بێپەی Bêpey.

**تێبینی:** ئەم پیتە، بەزۆر لە نێوەڕاستی وشە، بەشێوەی نەبزوێن دەردەکەوێت، وەکو:
(پەیمان، مەیدان، ئەیوان، نەیار، شەیدا، لەیلا، سەیران، تەیدا، پەیدا، پەیڕەو، کەیوان، ئەیجە، ئەیڕۆ، دەیجور، نەیکەی، نەیڕەنگ، هەیکەڵ، تەیر، بێمەیل، مەیمون، پەیکان، پەیکەرە، میدیا، سەیوان، حەیوان، ڕەیحان، حەیران، شەیتان، قەیتان، لەیلان).

.پیتی (هـ)،(Hh)

**پیتی بیست و هەوتومی نەبزوێنەکان و ئەلفبێ کوردی.**

لە نوسینەوەی، بەدو شێوەی (هـ، ـهـ) پەیدا دەبێت، ئەم پیتە هاوشێوەی زۆرینەی نەبزوێنەکان لە هەموبەشی وشە دەردەکەوێت.

**ـ لە دەستپێکی وشە بەشێوەی (هـ) دێت، وەکو:**

هانی Hanî، هێمن Hêmin، هەژار Hejar، هێرش Hêriş، هەنیسک Henîsik، بەهار Behar، هێدی Hêdî، هاروێ Harwê، هاوڕێ Hawŕê، هێشو Hêşu، هێرۆ Hêro، هەناسە Henase، هەزوان Hezar، هۆرە Hore، هۆز Hoz، هەنوکە Henuke، هەوێن Hewên.

**ـ لە نێوەڕاستی وشە لەپاش پیتی نەلکاو بەشێوەی (هـ) دێت، وەکو:**

ڕۆژهەڵات Ŕojhelat، خۆرهەڵات Xorhelat، تاوهەڵات Tawhelat، شاهۆ Şaho، دالاهۆ Dalaho، مەهیار Mehyar، ژەهر Jehir، شەهێن Şehên، شەهلا Şehla.

**ـ لەپاش پیتی لکاو بەشێوەی (ـهـ) دێت، وەکو:**

دەمهەوێت Demhewêt، کێها Kêha، بێهۆش Bêhoş، نهێنی Nihênî، نیهان Nîhan، جیهان Cîhan، کهار Kihar، گهاندن Gihandin، جێهێشتن Cêhêştin، دەستهەڵات Desithelat.

**ـ لە کۆتایی وشە بەدەگمەن بەشێوەی (هـ) دێت، وەکو:**

مەهـ Meh، جەهـ Ceh، شاهـ Şah، گوناهـ Gunah.

**تێبینی:** ئەم پیتە بەشێوەی ڕێنوس، لەگەڵ پیتی کورتەبزوێنی (ە)، توشی جێگۆڕکی و لێکچوون دەبێت. پیتی (هـ) وەکو پیتی کورتەبزوێنی (ە) لە کاتی نوسینی، دەنوسرێتەوە، کەچی دو فۆنی تەواو جیاوازن. دەنگی کورتەبزوێنی (ە) لە وشە بەدو نیگاری (ە، ـە) دەردەکەوێت و کاتێک بەشێوەی (ـە) بێت، نابێتە (هـ، ـە)ی دواین پیتی لکاوی ڕێنوسی عەرەبی و فارسی، هەم دەنگ و هەم نیگاریان جیاوازە، وەکو بەم شێوەیە دەدردەکەوێت:

ـ Hejar هەژار: پیتی نەبزوێنی (هـ) + پیتی کورتەبزوێنی (ە،ـە) = هەژار.

ـ Henase هەناسە: پیتی نەبزوێنی (هـ) + پیتی کورتەبزوێنی (ە،ـە) = هەناسە.

وێنەی زۆرتر بۆ ئەم باسە:

هەمەدان Hemedan، هەڵۆەدا Helweda، هەڵۆ Helo، هەتاو Hetaw، دەستهەڵات Desithelat، ڕۆژهەڵات Ŕojhelat، خۆرهەڵات Xorhelat، گەهەیشتن Geheyştin، هەتیو Hetiw، هەرمان Herman، هەردەم Herdem، هەوێردە Hewêrde، هەویر Hewîr.

**ڕاهێنان**

١: پێنج وشە بنوسە پیتی (هـ) تێدا بێت؟

٢: پێنج وشە بنوسە پیتی (ی) بزوێنی تێدا بێت؟

٣: پێنج وشە بنوسە پیتی (ی) نەبزوێنی تێدا بێت؟

٤: دە وشە بنوسە بۆ پیتی (ی) و دیاری بکە کام بزوێن و کام نەبزوێنە؟

٥: چۆناوچۆن دو پیتی (ی) لەیەک جیا بکەینەوە؟

٦: جیاوازی نێوان دو پیت و دەنگی (ە) و (هـ) چیە؟

# وانەی(١٣)

**بزرۆکە (i)**

کورتەبزوێن و نیمچەبزوێن (Semivowel)، لەنێو زوانی عەرەبی بە (الکسرة المختلسة)، لە فارسی (کسره کوتاه)، ناسراوە بزوێنێکی زۆر کورتە.

هەشتمین دەنگی بزوێنی زوانی کوردیە.

لە ڕێنوسی ڕاستچین، وەکو فۆن دەردەکەوێت، بەڵام هیچ نیگارێک و پیتێکی نیە. یەکێک لە جیاوازیەکانی ڕێنوسی ڕاستچین و چەپچین، پیتی (i) بزرۆکەیە کە لە ئەلفبێ ڕاستچین بە بزرۆکە ناسراوە و هۆکاری ناوەکەشی ئەمەیە کە ئەم دەنگە لە ڕێنوسی ڕاستچین وەکو دەنگ ـ فۆن دەردەکەوێت، بەڵام وەکو پیت، بزرە.

ئەم فۆنە وەکو سازکردنی دەنگ، هێزدار و بێهێزی هەیە، واتە لە هەندێک وشە بەهێزتر خۆ دەردەخات، بەڵام لە هەندێک وشە، تاڕادێک کورتە کە پێویست بەنوسینی ناکات. ئەم فۆنە بوتە کێشە و گرفتێکی بەرچاو بۆ ڕێنوسی بەشی ڕاستچین، لە ڕێنوسی چەپچین بەهۆی ئەمەی کە نیگاریان بۆ ئەم فۆنە هەڵبژاردوە، کێشەکە چارەسەرکراوە، بەڵام لە ئەلفبێ ڕاستچینی زوانی کوردی بەهۆی بزربونی ئەم پیتە بەتایبەت بۆ بڕگەبەندی وشەی کوردی، توشی کێشە و گرفتمان دەکات. هاستی فۆنۆلۆجی زوانی کوردی دەیسەلمێنێت کە لە هەر بڕگەیەک دەبێت بزوێنێک هەبێت، بۆ ئەمەی بێژەر بتوانێت فۆنەکە بدرکێنێت و دەری ببڕێت، دەبێت لەنێوان هەردو نەبزوێن یەک بزوێن پەیدا بێت بۆ ساکاردەربڕینی دەنگەکان و سازبونی بڕگەکە.

لە هاستی فۆنەتیکیشەوە، هەموکات پیتی ڕاست نەبزوێن و پیتی چەپ بزوێنە، واتە پیتی یەکەم کۆنسۆنانتە و پیتی دوەم ڤاوڵە، ئەم ڕێسای فۆنەتیکیە.

ئەگەر بڕوانینە ڕێسای فۆنولۆجی، دەردەکەوێت لە زوانی کوردی، لە یەک تا سێ نەبزوێن

بەسەریەکەوە دەردەکەون، لە هەندێک کاتی تایبەت و جیاواز وەکو چوارچێوەی بڕگەبەندی فۆنۆلۆجی زوانی کوردی لە وشەی وەکو: (ڕۆیشت Ŕoyşit/ گەیشت Geyşit/ هێستر Hêstir/ پێشتر/ Pêştir) لەم هاستە، نوسینی بزرۆکە دەکەوێتە بەر دیاردەی فۆنەتیکی زوانی کوردی و دیالێکتەکانی دیکە جگە لە زوانی کورمانجی، پیتی کورتەبزوێنی ـ نیمچەبزوێنی بزرۆکە بەپێی هاستی هێزی دەنگی و فۆنی هێزدار و بێهێز، دەردەکەوێت.

بزرۆکە ئەم کورتەدەنگەیە کە دەکەوێتە نێوان دو نەبزوێن، واتە لەنێوان دروستبونی نەبزوێنی یەکەم بۆ نەبزوێنی دوەم لە دمەوە نەختێک هەوا دەردەچێت کە ئەم بزرۆکەیە دروست دەکات. واتە بەپێی ڕێسای فۆنەتیکی زنجیرەی فۆنی کۆنسۆنانت و ڤاوڵەکان، کە پیتی یەکەم نەبزوێن و پیتی دوەم بزوێنە، لە وشەی (بن) لە گواستنەوەی دەنگی پیتی (ب) بۆ پیتی (ن) نەختێک هەوا دەردەچێت و لە بێژەی پیتی (ب)وە، جوتبونی لێوەکان پێش دەرچوونی ئەم هەوایە دەگرێت و لە دەنگی (ن)وە، جوتبونی پێشەوەی زمان و پێشەوەی مەڵاشو، پێش دەرچوونی هەوای دەگرێت، بەڵام تاکی قسەکەر لێوەکانی لەیەک دەکاتەوە و پێشەوەی زمانی بەرز دەکاتەوە بۆ پێشەوەی مەڵاشوی تۆزێک هەوا لەم کارەوە دەردەچێت و بەم بڕە هەوایە بزرۆکە دروست دەکرێت. واتە بەدڕی و زبری دەدرێتەدەر و لەم چوارچێوەیە کە پیتی یەکەم نەبزوێن و پیتی دوەم بزوێنە و ئەم بزوێنەش دەبێتە هەستونی بڕگەیی ئەم وشەیە، ساز بوە.

لە ئەلفبێ زوانی کوردی و ڕێنوسی ڕاستچین، دەنگەکەی ئاشکرایە، بەڵام پیتەکەی بزرە، کەچی لە ڕێنوسی چەپچین بەم شێوازە نیە و نیگاری ئەم دەنگە پارێزراوە، وەکو لەم وشانەی خوارەوە دەردەکەوێت:

(کز Kiz، من Min، ژن Jin، مل Mil، دڵ Diĺ، دل Dil، چڵ çiĺ، جل، Cil، گڵ Giĺ، ون Win، بن Bin، گن Gin، کاکم Kakim، دادم Dadim، مردن Mirdin، کڕین Kiŕîn، فڕین Fiŕîn، برین Birîn، پل Pil، کل Kil، مست Mist).

ـ گەر هەرکام لە پیتەکانی ئەلفبێ کوردی، وەکو بێژەکردن، بدەین بەئاخێوەری کورد و داوای بێژەکردنیان بەشێوەی سروشتی فۆنەتیکی ڕەسەنیان بکەین، ئەمە بەشێنەیی ئەم دەنگە بەشێوەی ڕێسای فۆنەیکی خۆی (ڕاست کۆنسونانت) و (چەپ ڤاوڵ) دەردەکەوێت، وەکو:

(بi، پi، تi، جi، حi، خi، چi، مi، نi...تاد)، کە بێهیچ کێشەیەک، دەنگی بزرۆکە دەردەکەوێت، واتە پیتی یەکەم نەبزوێن و پیتی دوەم بزوێنە.

**تێبینی:** ئەم پیتە زۆرجار وەکو ئەلۆفۆن بۆ فۆنی (ی، ێ، ە، و) لەنێو زوانی کوردی دەردەکەوێت، بەهێزکردنی ئەم فۆنە بۆ فۆنی (ی، ێ، ە، و) زۆرجاری ئەرکی واجی نیە، لەم کتێبە

بەسانایی دەبیندرێت لە بەشی چەپچین کە وێنەم بۆ ڕێنوسی چەپچین بەکارهێناوە، وەکو دەرکەوتنی بزرۆکە، هێزی دەنگی خۆی دەخاتە سەر فۆنی پێشەوەی خۆی و لە هاستی بڕگەبەندی، یەک وشەی یەک بڕگەیی دەکاتە دو بڕگە و سێ بڕگەیی، لە وشەی وەکو:

(کڕ ـ کێڕ ـ کیڕ)، (پڕ، پێڕ، پیڕ)، هێزی دەنگی بزرۆکە بەهێزکراوە و بوتە فۆنی (ێ، ی)، بەڵام ئەرکی واجی نیە.

بەتایبەت کاتێک وشەیەکی نامۆ دێتە نێو ئەم زوانە، کاتێک ئەم فۆنانەی تێدا بێت (ە، ێ، ی، و) لەگەڵ بزرۆکە توشی لێکچوون دەبن. لە وشەی زوانی کوردی وەکو: (پسک، مشک، بسک، فستق، ڕشک، زڕینگ، زنج...تاد) و دەیان وشەی لەم شێوە، بزرۆکەی نزدیکی فۆنی لەگەڵ (ە، ێ، ی) لە گشت فۆنەکانی دیکە زۆرترە و دەتوانێت ئەلۆفۆنی ئەم فۆنانە بێت، وەکو (پەسەک، مەشەک، فەستەق، زەڕینەگ، زەنەج)، (پیسیک، میشیک، بیسیک، فیستیق، ڕیشیک، زیڕینیگ، زینیج)، (پێسێک، مێشێک، بێسێک، فێستێق، ڕێشێک، زڕێێنگ، زێنێج)، بۆیە بەڕای تاکی من، بزرۆکە ناتوانێت پێوەری بڕگەبەندی بێت.

بزرۆکە لە کورتکردنەوەی دەنگەکانی (و) و (ی) پەیدا دەبێت، لەم پەیدابونەیە دەنگی بزرۆکەی (و) لە بزرۆکەی (ی) درێژتر دەردەکەوێت، ئەم دیاردەیەش بوتە هۆکار کە بزرۆکە پتر بەدەنگی (ی) بناسرێت، بەهاستی بەراوەردکردن لەگەڵ ڕێنوسی ڕاستچین کە بزرۆکە تەواو چالاک و بەهێز دەردەکەوێت لە وشەی وەکو: (گن، من، دڵ، کز، کپ، مردن، دادم، کاکم...تاد) دەرکەوتنی (و) و (ی) دەچێتە ژێربالّی واجیەوە و واتای وشەکە دەگۆڕێت، کەچی لە ڕێنوسی چەپچین بەهۆی دەرکەوتنی (i) توشی ئەم دیاردەیە نابین، بۆ چاکتر تێگەیشتن، سەیرێکی ئەم وشانە بکەین:

Niye نییە: ن + بزرۆکە + ی نەبزوێن + ە = نیە.

Çiye چییە: چ + بزرۆکە + ی نەبزوێن + ە = چیە.

Çiya چییا: چ + بزرۆکە + ی نەبزوێن + ا = چیا.

Kurdiye کوردییە: کورد + بزرۆکە + ی نەبزوێن = کوردیە

لە هەندێک وشە کە زۆرجار دەبێتە هۆی ناکۆکی لەنێوان نوسەر و خوێنەر، بەتایبەت لە دۆخی دەرکەوتنی سەرەتای وشە، ئەمە بزرۆکە چالاک و بەهێزە، لە وشەی وەکو:

Wişe ووشە: و + بزرۆکە + شە = وشە.

Wiric وورج: و + بزرۆکە + ر + بزرۆکە + ج = ورج.

Wize ووزە: و + بزرۆکە + زە = وزە.

Win وون: و + بزرۆکە + ن = ون.

Wite ووتە: و + بزرۆکە + تە = وتە.

Çawig چاووگ: چاو + بزرۆکە + گ: چاوگ.

Payiz پاییز: پای + بزرۆکە + ز: پایز.

Ayin ئایین: ئای + بزرۆکە + ن: ئاین.

ـ لە ڕێنوسی زوانی کوردی، لە هەردو ڕێنوسی ڕاستچین و چەپچین، ئەم پیتە تەنیا لە نێوەڕاستی وشە بەکار دێت و لە سەرەتا و کۆتایی وشە دەرناکەوێت، وەکو:

..Dilovan،Dilber ،Kurdistan ،Birîn ،Kirîn ،Mirin ،Mil ،il ،Min D،Nîşitîmanim

**ڕاهێنان**

١: پێنج وشە بنوسە بزرۆکەی تێدا بێت؟

٢: بزرۆکەی ئەم وشانە دیاری بکە؟
کوردم
سەرکەوتن
کوردستان
باوکم
دڕک
تێگەیشتن.

٣: لە ڕێنوسی ڕاستچین، بزرۆکە چۆن دەنوسرێت؟

# وانەی (١٤)

**بڕگەبەندی**

**بڕگە، کەرتە (Syllable)،(هجا)**

هەڵکەوتن و پێکهاتەی دو یان چەند فۆنی بزوێن و نەبزوێن لەلای یەکتر کە بەیەک هەناسە یان بێبڕینی هەناسە لە دم و زوان بەجارێک دێنەدەر بڕگە دەوترێت، لە هەر بڕگەیەکیش، بزوێنێک هەیە و بزوێن و دەنگدارەکان لە سەرەتای بڕگەوە دەرناکەون، لە ڕێسای فۆنەتیکی پیتی یەکەم بزوێن و پیتی دوەم نەبزوێن، پەیڕەوی دەکات.

ـ بڕگە بەبزوێن دەست پێناکات و بزوێن ناکەوێتە سەرەتای بڕگە، بەڵام دەتوانێت بەبزوێن کۆتایی بێت.

ـ لە یەک وشە هەرچەند بزوێنێک هەبێت، ئەمەندەش بڕگە دەکرێت، بەڵام دەرکەوتنی کورتەبزوێنی بزرۆکە، لێڵیەکی زۆری بۆ هاستی بڕگەبەندی زوانی کوردی سازکردوە، ئەم پیتە هەندێکجار بەهێز و هێندێکجار بێهێز دەردەکەوێت کە لەگەڵ فۆنی (یٚ، ی، ە) هاستی ئەلۆفۆنی هەیە، هێزدارکردنی ئەم نیمچەفۆنە لە بەشی بڕگەبەندی توشی کێشەمان دەکات، (بڕوانە بەشی بزرۆکە).

**جۆرەکانی بڕگە:**

**ـ بڕگەی زوانی کوردی لەڕوی ڕێسای فۆنۆلۆجیەوە، بە ٦ جۆر ڕیزبەندی دەکرێت.**

ـ ١: بڕگەی کورت ـ ٢: بڕگەی درێژ ـ ٣: بڕگەی کراوە

ـ ٤: بڕگەی داخراو. ـ ٥: بڕگەی فۆنەتیکی ـ ٦: بڕگەی فۆنۆلۆجی

**-چوارچێوەکانی بڕگەبەندی زوانی کوردی:**

**-بڕگەی کورت، کورتەبزوێنێکی تێدا بێت:**
دە De، لە Le، سە Se، بە Be، بی Bî، سی Sî...تاد.

**-بڕگەی درێژ، بزوێنێکی بەرزی تێدا بێت:**
ڕێ Ŕê، زا Za، نا Na، نۆ No، تۆ To، خۆر Xor، ڕۆژ Ŕoj...تاد.

**-بڕگەی کراوە: ئەم بڕگانە کۆتاییان بەپیتی بزوێنە، وەکو:**
شنۆ Şino، سنە Sine، ڕێ Ŕê، مێ Mê، نێ Nê، دۆ Do، جێ Cê، چێ Çê، کێ Kê، با Ba، ڕا Ŕa، زا Za...تاد.

**-بڕگەی داخراو: ئەم بڕگانە کۆتاییان بەپیتی نەبزوێنە، وەکو:**
مار Mar، دار Dar، خار Xar، خوار Xwar، خوارد Xwarid، بەرد Berid، سارد Sarid، زەرد Zerid، مەرگ Merig، باڵ Bal، کورد Kurd...تاد.

- **بڕگەی فۆنەتیکی:** بەشێوازێک لەنێو زوانەکانی جیهانەوە هاوبەشە و گرێدراوە بەهەناسەوەرگرتن و شێوازی کارکردنی ئەندامانی ئاخاڤتن. لەم چوارچێوەیە، گشتی زوانەکانی جیهان جیاوازیان لە شێوەی لێکدانی فۆنیمەکان دەردەکەوێت، واتە هەر زوانەی ڕێسای تایبەتی خۆی هەیە و ئەم لێکدانە پێوەندی تایبەتی بە فۆنۆلۆجیەوە هەیە.

**-بڕگەی فۆنۆلۆجی:** بزوێن، لە گشت زوانەکانی جیهان، نێوکی بڕگە پێکدێنێت، تێکڕا ئەم چەند پێکهاتەیە، دەبێت چەند پیت و فۆنی وەستاو و نەبزوێنیش بەشدار بن، زنجیرەبەستن و دەرکەوتنی ئەم فۆنانە لەلای یەک لە هەر زوانێکەوە جیاوازی خۆی هەیە.
★**تێبینی:** باسی بڕگەی فۆنەتیکی و فۆنۆلۆجی، تەنیا بۆ ناساندنێکی کورت بو.

**★چوارچێوەکان و قاڵبی بڕگە لە زوانی کوردی:**
-بزوێن و واکەکان بەکۆدی: V
-Vowel ڤاوڵ، بزوێن (واکە)
-وەستاوە و نەبزوێنەکانیش بەکۆدی: C
-Conconant، کۆنسۆنانت، وەستاو، نەبزوێن (همخوان)

**- چوارچێوەکانی بڕگەبەندی زوانی کوردی، بەگشتی ٩ جۆرن، کە ٧ جۆر شێوەی گشتی زوانی کوردیە و زوانی کورمانجیش بەهۆی دەرکەوتنی بزوێن لە سەرەتای بڕگە، دەیکات ٩ شێوە.**

**١- CCVCC:**

خوارد، بژانگ، بژاند، ڕژاند، خزاند، ستاند، مژاند، شکاند، کڕاند، فڕاند، مریشک، پلوسک، دروست، پزوسک.

**٢- CVCCC:**

ڕۆیشت، گەیشت، هێستر، هێشتن، ویستن، ڕاستن، بەستن.

**٣- CVCC:.**

ڕاست، بەرد، سارد، نارد، دەنگ، ڕەنگ، زەنگ، مەست، دەست، هەست، خەست، دۆست، پێست، مێشک، هەشت، مِشک، پِسک.

**٤- CCVC:.**

کڕین، دڕین، سڕین، خشۆک، مشار، مژار، چنار، چنور، کراس، چڕان، بلۆق.

**٥- CCV:.**

شنۆ، ڕنۆ، بنو، درۆ، بڕۆ، برۆ، کڵۆ، چلە، ملە، سلە، ورە، وزە، برا، درا، قسە، ترێ، شلە.

**٦- CVC:**

دار، شار، ماڵ، خاڵ، کەو، شەو، خەو، مەل، شەل، هەل، خۆڵ، خول، پۆل، کۆل، گۆل، گول، گۆڵ، گۆل.

**٧- CV:**

با، دە، زو، لە، سە، خۆ، تۆ، نۆ، بۆ، تو، مو، ڕۆ، ڕێ، نێ، مێ، سێ، سی.

**٨- CCCVC:**

ستران

**تێبینی:** لە زوانی کورمانجی چون بزوێن لە سەرەتای وشە و بڕگە دەردەکەوێت، چوارچێوەکانی بڕگەبەندی کوردی تاکو ٩ جۆر دەڕوات و چەند چوارچێوەی دیکەش هەن، کە بەشێوەیەکی کەم و ناسەرەکی و زوانەکی دەردەکەون، هاوشێوەی:

**CVCVCC**
قولەنگ، باڵەنج، ئامانج، قۆڵینج، ڕاماند، سیسارک، تەنیشت.

**CVCVCV**
کولۆڵە، گلۆڵە، کولێرە، کوژەکە، کولەکە، کاژیلە، مێرولە، ئێوارێ.

**CVCVC**
درێژ، سارێژ، ئامێز، ڕۆژین، نۆژین، باران، بارین، بەران.

**CCVCCV**
برێشکە، تریشقە، سڕاندی، کڕاندی، نڕاندی.

**- ڕێسای بڕگەبەندی**
بڕگەبەندی - کەرتەکردن یان (بخشبندی) لەنێو زوانی کوردی، بەم شێوەیە:
وشەکە، کەرتە دەکەین، لە هەر بڕگەیەک بێگومان بزوێنێک بەشدارە، وەکو وشەی:
کار= ا، یەک بڕگەیە.
یادگار: یاد + گار = ا، ا، دو بڕگەیە.
ڕامان: ڕا + مان = ا، ا، دو بڕگەیە.
کۆساڵان: کۆ + سا + ڵان = ۆ، ا، ا، سێ بڕگەیە.
کوزەڵە: کو + زە + ڵە = و، ە ، ە، سێ بڕگەیە.
دەپاڕانەوە: دە + پا + ڕا + نە + وە = ە، ا، ا، ە، ە، پێنج بڕگەیە.
ئاواتەخوازم: ئا + وا + تە + خوا + زم = ا، ا، ە، ا، بزرۆکە، پێنج بڕگەیە.

**ڕاهێنان**

١ـ پیت چیە؟

٢ـ پێنج وشە بنوسە و بڕگەبەندی بکە؟

٣ـ پیتەبزوێنەکان چەنددانەن؟

٤ـ پێنج وشە بنوسە پیتی بزوێنی تێدا بێت؟

٥ـ پێنج وشە بنوسە پیتی نەبزوێنی تێدا بێت؟

٦: ئەم وشانە چەند بڕگەن؟
دارستان
کوردستان
ڕێبەندان
سەهۆڵبەندان
بەفرانبار
نێچیروان

# وانەی (١٥)

**گیرە، دولایی**

گیرە یان شەددە کە هەمان (تشدید) ڕێزمانی عەرەبیە. لەنێو زوانی عەرەبی هێمای (ـّ) هەیە. لە ڕێنوسی کوردی ئەم دیاردیە هیچ نیگارێک و پیتێکی بۆ دانەندراوە و بۆ پاراستنی ئەم دەنگە لە هاستی ڕێنوس بەشێوەی دەرکەوتنی دو پیت بەکار دێت وەکو (شەممە، موحەممەد، مەککە، حەتتا، جەددە...تا)، واتە لەسەر پیتەکە درێژەی دەنگی دەگری و پیتەکە بەشێوەی بێژەکردن، دوبارە دەکەیتەوە. ئەم دیاردەی (Gemination) وەکو لێڵیەکی ڕێنوس هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت. لە هاستی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و باری لێکسیکی زوانی کوردی، چەند وشە بەشێوەی دوجار نوسینەوەی پیت دەردەکەوێت. ئەم دیاردەیە هاوشێوەی واج لە زوانی کوردی دەرناکەوێت، کەچی لە هەندێک زوانی، زوانەهیندوئەوروپیانەوە بەرچاوە. ئەم دیاردەیە لە زوانی کوردی بەشێوەی نەبزوێن، وەکو واج دەردەکەوێت، کەچی لە بازنەی فۆنۆلۆجی زوانی کوردی و ڕێسای دو بزوێن بەدوایەکەوەنەهاتن، دیاردەی abalaut)) بەکەم دەردەکەوێت و تاڕادێک هەر نیە، واتە ئەمەی کە دو پیتی بزوێن لەگەڵ یەک دەربکەون و وەکو دوجار نوسینەوە بیانوسین لەنێو زوانی کوردی نیە، کەچی لە بەشی کۆنسۆنانتەکان ئەم دیاردەیە لەنێو زوانی کوردی بەشێوە دوجار نوسینەوەی پیت دەردەکەوێت، وەکو:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| زلە، زللە | گوللە، گولە | مەککە، مەکە | مادده، مادە | ڕاددە، ڕادە |
| هەڵڵا، هەڵا | جەللە، جەلە | تفە، تففە | شەدە ـ شەددە | بڤە ـ بڤڤە |
| تەقە ـ تەققە | شەققە ـ شەقە | شللێر ـ شلێر | | |

لەم وشانە، بەزۆر هاستی واجی ناگرن و بەشێکی لێکسکی و مۆرفۆلۆجین، لە وشەی وەکو (شەققە، شەقە) هاستی لێکسیکی و مۆرفۆلۆجی دەگرێت، واتە وشەی (شەق) + مۆرفیمی

ناساندنی (ە) = شەقە کە مەبەست لە (سافی) یان (شەقی مرۆڤ) بێت یان (شەقە) مۆرفیمی دەنگی، لەگەڵ وشەی (شەققە) کە ئامێرێکە هاوشێوەی گۆجان کاتێک مرۆڤێک لاقی شکا بێت، بەکاری دێنێت، چ ئەرکێکی بەهێزی واجی نیە، کەچی واتای وشەکەی گۆڕیوە. لە وشەی (زل) + مۆرفمی ناساندن (ە)، سازکردنی ناوی دیاریخەری (زلە) واتە کەس یان شتێک کە (زەلامە) و کرداری (زللە) کە مرۆڤ بەشێوەی دەست بەرز کردنەوە بەکاری دێنێت یان وشەی (شلێر، شللێر، بڤە، بڤڤە، شەدە، شەددە، تفە، تففە، جەلە، جەللە، ڕادە، ڕاددە، مادە، ماددە، کولە، کوللە...) کە دیاردەی هێزی دەنگین و هیچ جیاوازی واتایی و لێکسیکیان نیە کە چ بەیەک پیت و چ دو پیت بنوسرێنەوە واتای وشەکە ناگۆڕن، کەچی وا باشترە کە بۆ پێشگرتن لە لێڵی واتایی، لە شێوەی دو پیت نوسینەوە کەڵک وەربگرین. لە وشەی وەکو (گول) + مۆرفیمی ناساندنی (ە)، ناوی دیاریخەری چۆینەتی ساز دەکات بۆ کەسێک یان گیانلەبەرێک کە (گول) بوە، (نەخۆشی تایبەت)، لە وشەی بەرانبەری خۆی بەدو پیتی (گوللە) بەواتای (فیشەک) دێت، هەروەتر کرداری نەرێنیسازی (مەکە) لەگەڵ ناوی تایبەتی شاری (مەککە) و هەروەتر وشەی (زل) + مۆرفیمی دیاریخەری (ە) بۆ کەس یان بابەتێکی (گەورە، مەزن، زەلام)، وەکو ناوی دیاریخەری دیاریکراو بەکار دێت، کەواتە بۆ هاستی لێکسیکی وا باشترە کە لەم وشانە بەشێوەی دو پیت نوسینەوە بەکار بهێندرێن، لە کاتی هاتنی وشەی نامۆ بەتایبەت وشەی عەرەبی جیاوازی نیە چ دو پیت بێت و چ یەک پیت، چون وەکی وتم: ئەرکی واجی نیە و جوانتر و ساناترە بەیەک پیت بنوسرێنەوە:

(مُحَمَّد) موحەممەد ـ موحەمەد

(مُعَلّم) موعەللیم ـ موعەلیم

# وانەی (١٦)

**خاڵبەندی (Punctuation)**

خاڵبەندی (علائم نگارشی، نقطە گذاری) بەشێکی سەرەکی و گرینگ هەر زوانێکە. بەتایبەت ئەم کەسانەی کاری نوسین و ئەدەبی دەکەن، دەبێت لە ڕێسای خاڵبەندی تەواو شارەزا و لێهاتو بن. خاڵبەندی یارمەتی نوسەر دەدات تاکو بتوانێت، مەبەستی سەرەکی خۆی بگەیەنێت و سرنجی خوێنەر ڕابێکێشە و بەسانایی بابەتەکە بخوێنێتەوە، واتا لە هاستی شارەزایی نوسەر نیشان دەدات و لە نوسەر بۆ خوێنەر بازنەیەکی پسکۆلۆجیکی دەکاتەوە و لەسەر هاستی سایکۆلینگۆستیک، دایتای ئەرێنی و نەرێنی دەپرژێنێت.

**بەشەکانی خاڵبەندی:**

○ **خاڵ (.)**

**لە کۆتایی هەر ڕستەیەکی سادە کە واتایەکی تەواوی هەبێت و ڕستەیەک ڕاگەیاندێنکی تێدابێت، جگە لە ڕستەی پرسیاری و سەرسووڕمان.**

وەکو:

- نیشتیمان ڕزگار کرا.
- پۆلمان تەواو بو.
- کچێکی جوانم هەیە.
- بەهار داهات.
- مێشکمان ئازادبو.
- ئاگاداری خۆت بە.
- فێرخوازان کۆمەڵە کەسایەتی باشن.

**ب ـ لە کۆتایی هەر ڕستەیەک کە بەشێوازی هێمای کورتکراوی ناو بێت:**

- د. (دکتۆر)، شێرکۆ بابان.
- پ. (پرۆفسۆر)، کۆچەر بیرکار.
- م. (مامۆستا)، مەسعود موحەمەد.

ـ د.م. (دکتۆر، موحەمەد).　　ـ ٢٧١٨. ک (کوردی)　　ـ ٢٠١٩. ز (زاین).

○ **جوتخاڵ، دوخاڵ. (:)**

**جوتخاڵ بۆ مەبەستی گەیاندن و قسەی کەسێکی نائامادە، بەکار دێت، وەکو:**

ـ دایکم وتی: بەزانست چاوی کردوتەوە.

ـ مامۆستا وتی: تاکو هەرچەندە بزانین، هەر کەمە.

ـ ئوستاد وتی: زانست دواین سامانە.

**ب ـ بۆ شرۆڤەکردنی مژار یان بابەتێک بەکار دێت، وەکو:**

ـ ئێمە لە پۆل ئەمانە دەخوێنین: مێژو، زانست، زوان...تاد.

ـ کوردستان خاوەن گەورەشاری وەکو: کرماشان، مەهاباد، هەولێر، سلێمانیە، دیاربەکر، ئامەد، قامیشلو...تاد.

ـ هەمومان بوین: من، دایکم، کاکم، دادم، باوکم...تاد.

**پ ـ لەپاش وشەیەک کە واتایەکەی ڕون بکرێتەوە:**

ـ پوشپەڕ: تیر

ـ گۆمەڵ: گۆبەند

ـ شۆڕەژن: شەنگی جوان

**ت ـ بۆ نیشاندانی کاتژمێر:**

ـ ١٢:٣٠　　ـ ٠٩:١٥

○ **بۆر، کاما، کۆما، فاریزە (،) (ویرگول).**

**ئا ـ هێمای ڕاوەستانی کاتی و کورتە؛ ئەم هێمایە لەپاش وشەیەک بێت، بۆ کاتێکی کورت ڕاوەستانی بەدواوەی دێت یان لەنێوان وشە و گرێیەک کە واتایەکی تەواو دەدن، وەکو:**

ـ پاش ماوەیەکی زۆر ویشکەساڵی، چەند ڕۆژ لەمەپێش، بارانێکی زۆر باری.

ـ هاوینی ئەمساڵ، زۆر گەرم دەبێت.

ـ ئەمشەو مانگەشەوە، وێدەچێت ئاسمان جوان بێت.

ـ ئاو زۆر بوتەوە، مەلە خۆشە.

**ب- کاتێک وشەیەک واتە و شرۆڤەی بۆ گرێیەک یان ڕستەیەکی هێنابێتەوە:**

- پارساڵ، ساڵی نویێ، زۆر خۆش بو.
- م. شێرکۆ بێکەس، شاعیری مەزنی کورد، بەرهەمی بێوێنەی هەن.
- کوردستان، زەنوێرە، پڕە لە سەوزایی و دیمەنی دڵڕفێن.
- زانست، بێوێنەترین بوونی دنیایە، فێری ژیانی ڕاستەقینەت دەکات.

**پ- کاتێک لەبوارەی چەند وشە بەڵگەی تەواو بدرێت و دەوری واوی پەیوەندی دەگرێت:**

- ژیلا، ژیوار، ژیڤان و ژاکان، خوشک و بران.
- مێژو، زانست، کیمیا، بیرکاری و فیزیامان دەخوێند.
- هەژار، هێمن، نالی، وەفایی، مەحوی و قانع، شاعیری کوردن.
- مەهاباد، هەولێر، دیاربکەر و قامیشلو، شاری کوردستانن.
- بەهار، هاوین، پایز و زستان، چوار وەرزی ساڵن.

**ت- بۆ جیاکردنەوەی کەسایەتی، پیشە، ناونیشانی، کەس و شوێن و بەڵگە...تاد، بەکار دێت، هاوشێوەی:**

- کوردستان، سلێمانی، گوندی دوکان.
- کرماشان، شەقامی سەرەوە، ژێرخانی ژمارە دو، پەرتوکخانەی نیشتیمان.
- پەرتوکی ڕێزمانی کوردی، لاپەڕەی هەشت، وانەی دو.
- دیاربەکر، سەیرانگەی گشتی، کاتژمێر یەک، لای دارەسێو.
- زەرد و سور، سەوز و ڕەش، جیاوازن.
- ئاور و با، خۆڵ و ئاو، بوونی یەکن.

**ج- لەدوای بانگکردن، دەردەکەوێت، وەکو:**

- هەڤاڵ، هەستەوە. - نیشتیمان، لێمانببورە. - باران، ببارە.
- تکایە، هەستەوە. - تکایە، بەشوێن زانستەوە بڕۆن.

○ **کۆمای خاڵدار، خاڵبۆر، کامای خاڵدار(؛)**

**ئا- ئەم هێمایە، نیشانەی ڕاوەستان و مانەوە لەسەر وشەیەک و نەختێک زۆرتر لە بۆرە (،) و کەمتر لە خاڵە (.)، وەکو:**

- هەموشتێک بەخویێ؛ خوێش بەمانا. - خودا کێوان دەبینێت؛ بەفری داوێتێ.

ـ کەچەڵ، تیمارکەر با؛ سەری خۆی تیمار دەکرد!   ـ قەل بە قەل دەڵێت؛ ڕوت ڕەش!
ـ هەرکوێیەک بێت؛ ئاسمان هەر ئەم ڕەنگەیە.

**ب ـ لە ڕستەی شرۆڤەیەوە دەردەکەوێت، وەکو:**
ـ کەسێکی ناردە لای؛ کەسێکی ژیر و زانا.   ـ پیاوەکەی چووە ماڵ؛ بەڵام هیچی نەوت.
ـ خۆی چوو بۆ ئەوێ؛ هیچی نەکرد و هاتەوە.

**○ جوتکەوان، دو کەوانەی گەورە () (پرانتز)**

**ئا ـ بۆ شرۆڤەکردنی ڕستە، کە نەخوێندنەوەکەی هیچ کاریگەری لەسەر واتای ڕستە دانانێت، دەکەوێتە نێوان جوتکەوانەی گەورەی، تەنیا بۆ زانیاری زۆرتر، وەکو:**
ـ چێشتی مجێور (نوسینی هەژار) بەرهەمی ژیانی خۆیەتی.
ـ لە باشور (کوردستانی عێراق) شاری هەولێر زۆر گەرمە.
ـ زستان (چوارەمین مانگی ساڵ) زۆر سارد و ناخۆشە.

**ب ـ کاتێک لە ڕستەوە وشەیەکی نامۆ بەکار بێت، بۆ مەبەستی ڕونکردنەوە و پاراستنی ڕێنوسی زوانەکەی، لە جوتکەوانە کەڵک وەردەگرین، وەکو:**
ـ ڕەچەڵەکناسی (Etymology)، وشەی کوردی.
ـ وشەکە بەڕەچەڵەک (جَنّة) کە شوێنێکی دڵڕفێن و خۆشە!
ـ مامۆستایەکەیان ناوی (معصومە) بو.

**پ ـ کاتێک لە ڕستە کەسایەتی کەسێک یان ناوچە و شوێن و پەرتوک و بابەتێک بناسێندرێت، لە جوتکەوانە کەڵک وەردەگیرێت، وەکو:**
ـ هەژار (عەبدوڕەحمانی شەرەفکەندی) ناسراو بە هەژار.
ـ موکریان (شارەکانی مەهاباد، شنۆ، بۆکان، نەغەدە، پیرانشار، سەردەشت، بانە، سەقز، میاندواو) دەگرێتەوە.

**ت ـ بۆ ڕونکردنەوەی زۆرتر و ساناکردنی مەبەسەت و واتای وشە لە هاستی ڕستە لە جوتکەوانە کەڵک وەردەگیرێت، وەکو:**
ـ ئێمە هێستا فێری یەکدڵی (یەکگرتویی) نەبوینە.

ـ پەیڕەوی زانستەکانی یەکگرتوی (ستانداردی) جیهانین.
ـ نامانهەوێت خۆمان ڕەگەزپەرەست (فاشیست) بناسێنین.

**چ ـ ڕونکردنەوەی پتر بۆ بابەتێک، وەکو:**
ـ بەرهەمانی م. وریا عومەر ئەمین وەکو: (ئاسۆیەکی تر زمانەوانی).

**ج ـ ئاماژە بە مێژو، ناوبانگ، ناسناو، ناوی پێشو... تاد، وەکو:**
ـ شاروێران (مەهاباد) تالان و سوتێندرا.
ـ ناوچەی کەرکوک (بابەگوڕگوڕ) گوڕی بەکۆمەڵیان دۆزیوەتەوە.
ـ دەسهەڵاتداری میدان (مادان) بەهێزترین شانیشینی مێژو بوە.

○ **جوتکەوانەی بچوک (« »)، (گیومە).**
**ئا ـ وتەیەکی ڕاستەوخۆ لە کەسێک کە یەکسەر بگێردرێتەوە:**
ـ مامۆستا وتی: «زوان کۆڵەکەی بەردەوامبونی هەر گەلێکە»
ـ ڕێکخراوەی یونسکۆ دەڵێت: «کەسێک کە نەتوانێت بەزوانی خۆی بنوسێت و بخوێنێتەوە، نەخوێندەوار دێتە هەژمار»
ـ نیچە دەڵێت: «لەوەتەی فەلسەفە هەیە، زوانیش هەیە و هەمو بەرهەمانی فەلسەفی بەزوان وتراونەتەوە»

**ب ـ ناو و ناونیشان و واتا زواناوە زانستی و ستانداردەکان، وەکو:**
ـ لێبوردەیی «بەردەبناخەی ئازادی پێکەوە ژیانە»
ـ ئیتمۆلۆجیا «ڕەچەڵەکناسی وشەکان»
ـ فاشیست: «ڕەگەزپەرستی توند و دەمارگرژ»

**ت ـ کاتێک نوسەر بیهەوێت بەرپرسیارەتی بەکارهێنانی وتەیەک وەستۆ نەگرێت:**
ـ ئەو بەم بڕوایەیە کە ئێمە «شێتین»　　　ـ زۆریان پەیانوابو، هەمومان «نەفامین»

**ـ کاتێک بۆ وشەی کوردی لە وشەی کوردی کەڵک وەردەگرین:**
ـ جێناوی لکاوی دوەم کەسی تاک «ت» دەکەوێتە پاش کردار.

ـ وشەی کێڵان لە ڕەگی «کێڵ»وە هاتوە.

○ **نیشانەی پرسیار (؟)**

**ئاـ لەکۆتایی هەمو ڕستەیەکی پرسیاریەوە دێت، وەکو:**

ـ ئێوە لە پۆل وانەتان خوێند؟ ـ چەند کەس لە وانەکان بەشدارن؟

ـ کوردستان چەند شاری هەیە؟ ـ لەگەڵ کێ چووی بۆ سەیرانگە؟

ـ وانەی ئەمڕۆمان چیە؟

**بـ بۆ دەرخستنی بابەت یان پرسیارێکی گوماناوی، وەکو:**

ـ مێژوی کوردستان هەزوان ساڵە(؟) ـ کوردستان هیچ شارێکی گەورەی نیە(؟)

ـ تەمەنی تۆ ٢٠ ساڵە(؟)

**پـ کاتێک بمانهەوێت گاڵتە و گەمە بە کەسێک بکەین، وەکو:**

ـ لێمان بوە فیلسوف(؟) ـ بوتە قارەمانەکەی چیرۆک(؟)

ـ واتە، توانی ئەم کارە بکات(؟)

**تـ کاتێک نوسەر لە بابەتێک دڵنیا نیە:**

ـ مێژوی زوانی کوردی ٥٠٠٠ ساڵە؟ کە چەند زوانی هەیە.

ـ وشەی (خاوەن) وشەیەکی کوردیە؟ کە بەواتەی خودا دێت.

○ **سەرسووڕمان (!)**

**لە کۆتایی هەمو ڕستەیەکی سەرسووڕمانی، پێسەیربون، سۆزداری و جەختکردنەوە دێت، وەکو:**

ـ ئەم کەسە چەندە باڵابەرزە! ـ جیهانێکی سەیرە، دڵم! ـ چاو!

ـ پەکو! لە زانست دواکەوتم! ـ توانی ڕا بکات! ـ تۆ!

ـ چەندە جوانە! ـ چی کرد! ـ درۆیە!

○ ***تەقەڵ، خەتی (ـ)**

**ئا ـ بۆ جیاکردنەوەی ڕستە لەیەکتر بەکار دێت، وەکو:**

ـ کوردستان مەڵبەندێکی دێرینە ـ دەوڵەمەند بەکانزا و سروشتی بێوێنەیە.

ـ ئێمە وانەکانمان تەواو کرد ـ ئێوە هەر ماون؟

**ب ـ کاتێک دو وشە پێکەوە دو مەبەستی جیای وشەیەک دەردەخەن:**

ـ زوانی کوردی ـ ڕێنوسەکەی گرینگی ئەوتۆی پێنەدراوە.

ـ لە ڕێنوسی زوانی کوردی ـ گرینگی بە بزرۆکە نەدراوە.

ـ تاکو مەبەستێک ـ لە وتارەکەت نەبێت، هەر دەیڵەیت!

**ت ـ بۆ لەیەک جیاکردنەوەی پێکهاتەی لێکدراو:**

ـ بەرپرسانی کوردستان ـ ئاڵمان کۆبونەوە.

ـ مامۆستایان ـ بەرپرسان، پێکەوە تاقیکاری ـ وەڵامدانەوەیان کرد.

**پ ـ هەندێکجار بۆ مەبەست مەودا و چەندێتی نێوان دو شار، شوێن، جێگە بەکار دێت، واتا تاکو، هەتا، نزدیکەی، بۆ:**

ـ گوندی قاڕنێ لە ڕێگەی نەغەدە ـ پیرانشارە.

ـ ئوتۆبوسی سلێمانی ـ هەولێر کاتژمێر چەند دەڕوات؟

ـ مەودای دیاربەکر ـ باتمان چەندە؟

ـ لە تەمەن ۲۰ ـ ۲۵ەوە هاتمەوە بۆ نیشتیمان.

ـ ساڵانی ۹۰ ـ ۸۰ نوسراوەکانم تۆمار کرد.

○ **سێ خاڵ (...)**

**ئا ـ بۆ پێشاندانی مەبەستی بەردەوامبون و سڕاوە و درێژەدانی قسەی ناتەواو بەکار دێت، وەکو:**

ـ ببورە، هەرچەند ئەم قسانەم جوان نەبون نەدەبا وتبام...

ـ شارەکانی موکریان، شنۆ، مەهاباد، خانێ، نەغەدە...

ـ شارەکانی لەیەک نزدیکی پارێزگەی کوردستان: مەریوان، سنە، سەقز، بانە...

ـ ئەمڕۆ ئەمانەمان خوێند: ئەدەبی، بیرکاری، فیزیا، زوانی کوردی...

ـ من تۆم...

ـ بیرەوەریەکانم و تۆ...

○ **هێڵی لار (/)، (ممیز).**

**ئا۔ بۆ جیاکردنەوەی ڕۆژ و مانگ و ساڵ، وەکو:**

۔ لە ساڵی ۰۹/۱۰/۲۷۱۷ەوە بو، بۆ یەکمجار تۆم دێت.

۔ لە ڕێکەوتی ۰٦/۱۱/۲۷۱۸ ئەم بابەتەم نوسی.

۔ ئەمڕۆ ڕێکەوت ۰٦/۱۱/۲۷۱۸ـە.

**ب۔ بۆ جیاکردنەوەی نیوەدێری شیعر، وەکو:**

۔ مافی مرۆڤ/ درۆییێک بو/ ڕۆژێک لە ڕۆژان/ لە دمی هەڵوەڕیوی مێژو/ دەرچوو.

۔ پایز/ پایز/ بوکی پرچ زەرد/ من مات و زیز/ هەردو هاودەرد.

۔ مزگێنی دا بەسروە بای بەهاری/ وا هاتەوە نەورۆزی کوردەواری.

**○ ئەستێرە (★)**

**ئا۔ بۆ ڕونکردنەوەی وشەیەک لە پراوێز بەکار دێت، وەکو:**

۔ ★کوردستان مێژوی دەگەڕێتەوە بۆ ۱۲ هەزوان ساڵ.

۔★لاپەڕەی ۲٤ی پەرتوکی دوەمی بنەڕەتی.

★هەندێک کات، مرۆڤ
نایهەوێت ڕاستی ببیستێت!
لەبەر ئەوەی نایهەوێت؛
قەڵای وەهمەکانی بڕوخێت.
(نیچە)

★بەخوێندنەوە کراوە فرچک گیانم/ زانستە مژیم و بۆتە ئاو و نانم/حەفتا و دو ساڵە بیر دەکەم، دەخوێنم / وا تازە دەزانم چ لە هیچ نازانم!
(عومەری کوڕی خەییام)

★ئەی هاوڕێی قەت نەنوستو،
من خەوم دێت، ئەچمەوە لایماڵی چۆڵ و ژوری تەنیای هەناسەسارد،
تا سبەینێ لەم ئاستەدا،

بەیەکتری ئەگەینەوە؛
ئەی هاودەمی تاک و تەنیای
غەریبی من...
شەوت شاد بێت.
(م. شێرکۆ بێکەس)

★گوتی سەبرت هەبێ، دوبارە دێمەوە دیتنت! ئەمما!
لە کورتیدا، تەمەن وا دیارە بەم دیدارە ڕاناگا...
(هێمن)

★خۆشەویستی ڕاستەقینە؛
ئەوە نیە/ حەز بکەیت/ لەگەڵ یاردا بخەویت/ بەڵکو ئەوەیە/حەز بکەیت
لەگەڵیدا بمریت...
(بەختیار عەلی)

# سەرچاوەی هەردو پەرتوکەکە:

**.بەشی کوردی.**


شەرفنامە، شەرفخانی بەدلیسی، وەرگێڕ هەژار، چاپخانەی نعمان، بەغداد ١٩٧٢.
مێژووی ئارامیەکان لە کوردستاندا، شاسوار هەرشەمی، دەزگای ڕۆشەنبیری جەماڵ عیرفان، تاران ٢٠١٨.
رشید احمد جمال، لیکولینەوەی زمانەوان دەربارەی مێژووی وولاتی کوردەواری، بغداد ١٩٨٨.
کورد کێیە، سۆران حەمەڕەش، ٢٠١٣چاپخانەی YPS_publishing
زمانی کوردی و دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی، فوئاد حەمە خورشید، دەزگای ڕۆشەنبیری و ڕاگەیاندنی کوردی، زنجیرەی ژمارەی ١٢٩.
وشەسازی، یوسف شەریف سەعید، هەولێر ٢٠١٣.
وشەسازی زمانی کوردی، عەبدولواحید موشیر دزەیی، کۆلێژی زمان، هەولێر ٢٠١٢.
واتاسازی، عەبدوالواحید مشیر دزەیی، چاپخانەی خانی، ٢٠٠٩.
بەرەو وشە ڕۆنان لە زمانی نوسیندا، شێرکۆ بابان، دەزگای بڵاوکردنەوەی ئاڕاس، هەولێر ٢٠٠٨.
زمانی نووسینی ڕێزماندار، شێرکۆ بابان، دەزگای بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٨.
هەندێک لە ئاکارە ڕەنگینەکانی ڕێزمانی کوردی، شێرکۆ بابان، دەزگای بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، ٢٠٠٨.
دیوە تیۆریەکانی گرێی دەنگسازی، شێرکۆ بابان، گۆڤاری زماناسی ٢٠٠٩.
واتاسازی، کلۆد جێرمان، ریمو لۆبلان، وەرگێرانی یوسف شەریف سعید، ٢٠٠٦.
کەرەسە بەتاڵەکان لە روانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە، ڤیان سلێمان حاجی، هەولێر٢٠٠٩.
ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، وریا عومەر ئەمین، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراز، هەولێر ٢٠٠٤.
لە قوژبنەکانی ڕێزمانی کوردی، وریا عومەر ئەمین، هەولێر ٢٠١٥، بڵاوکراوەی ئاکادیمیای کوردی.
هەندێک لایەنی ڕێزمانی زوانی فەیلی، سارا عەبدوڵڵا سەعید، هەولێر ٢٠١٤، بڵاوکراوەی ئاکادیمیای کوردی.
هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، تالێب حوسێن عەلی، هەولێر ٢٠١٤، بڵاوکراوەی ئاکادیمیای کوردی.
زانستی زمان و زمانی کوردی، تالێب حوسێن عەلی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠١٤.

چەند حەشارگەیێکی ڕێزمانی کوردی، مەسعوود محەممەد، کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٦.
شەکۆی زمان، مەسعوود محەمەد، سایتی مامۆستا.
بەرەو ڕاستەوشەقامی ئاخاوتنی کوردی، مەسعوود محەممەد، کۆڕی زانیاری کورد ١٩٧٨.
هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی، ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، هەولێر ٢٠١٣.
وشەسازی زمانی کوردی، ڕەفیق شوانی، دەزگای بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ٢٠١١.
ئەو وشانەی لە چاوگەوە وەردەگیرێن، ڕەفیق شوانی، دەزگای بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، ٢٠٠٨.
زمانەوانی ـ کۆمەڵە وتارێک، ڕەفیق شوانی دەزگای تۆژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، ٢٠٠٩.
توێژینەوەیەک لەسەر دەنگناسی زمانی کوردی، پەروین میرزایی، گۆڤاری زماناسی، ژمارە ١٦، ٢٠١٤.
مۆرفۆفۆنیمی (ی) لە زمانی کوردیدا، زانیار مەحمود عەلی، گۆڤاری زماناسی ژمارە ١٦، ٢٠١٤.
هێندێ بابەتی زمانەوانیی و وێژەیی، حوسێن محەممەد عەزیز، چاپخانەی سیما سولەیمانیی ٢٠٠٦.
ڕێزمانی ئاخاڤتنی کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، ئینتیشاراتی زانستگەی کوردستان، ١٣٩٦.
ڕێکەوتن لە شێوەی ژوورووی زمانی کوردیدا، ڤیان سلێمان حاجی سلێڤانەیی ٢٠٠١.
فەرهنگی ئیتیمۆلۆجی ڤێرسین، سابیر ژاکاو، ٢٧١٨، لەژێرنوسینە.
زواناوەی کوردی، کامل حسن بصیر، زانکۆی سلێمانی ١٩٧٩
مەحمەدئەمین هەورامانی، زوانی زمانی کوردی لە تەرازوی بەراوەردا، بەغداد، دەزگای ڕۆشەنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.
مەبەستناسی، جۆرج یوڵ، وەرگێرانی ڕەحیم سورخی، دەزگای جەماڵ عیرفان، ٢٠١٦.
گەردانی ناو لەناو زمانی کوردیدا، مەحموود زامدار، دەزگای بڵاوکراوەی موکریانی، هەولێر ٢٠١١.
وشەناسیی زمانی کوردی، سەعید کەریمی، پەخشانگای زانستگای کوردستان، ١٣٩٦.
وشەنامەی هەورامی، جەماڵ حەبیب ئەڵڵا بێدار، بڵاوکراوەی ئاکادیمیای کوردی، هەولێر ٢٠١٠.
فۆنمیکانی زمانی کوردی، کەماڵ فوئاد، ئەرزان ١٩٩٥

**.بەشی فارسی.**


تاریخ ماد، دیاکونوف، ترجمه علی کشاورز، تهران ۱۳٤٥.
سراغاز جغرافیای عمومی وفیق خشّاب و همکاران، ترجمه سعید خضری ۱۳۷۸.
جغرافیای طبیعی کردستان، موکریان، سعید خضری، انتشارات ناقوس ۱۳۷۹.
جغرافیای استان کردستان، سعید خضری و همکاران، چاپ و نشر کتابهای درسی ایران ۱۳۷۹
زبده تاریخ کرد و کردستان، ترجمه یدالله روشن اردلان، تهران، ۱۳۸۱، توس.
آواشناسی، علی محمد حق شناس، تهران: آگه.
آواشناسی و دستور زبان کردی، علی رخزادی، ترفند ۱۳۷۹.
دستور زبان کردی گویش کرمانشاهی، وحید رنجبر، تهران ۱۳۹٤، هرمس.
گویش مهابادی، ایران کلباسی، تهران ۱۳٦۲، موسسه مطالعات و تحقیقاتی فرهنگی.
ساخت اشتقاقی واژه در فارسی امروز، ایران کلباسی، تهران ۱۳۹۱.
مقدمات زبانشناسی، مهری باقری، تهران ۱۳۷۸، قطره.
زبانشناسی عمومی، فردینان دوسوسور، ترجمه کورش صفوی، تهران ۱۳۹٥ هرمس.
ثمره یدالله، آواشناسی زبان فارسی، نشر دانشگاهی، تهران.
روح الله مفیدی، تحول نظام واژەبستی در فارسی میانه و نو، فرهنگستان زبان و ادب، ۱۳۸٦.
غلامحسین کریمی و دوستان، کردی ایلامی و بررسی گویش بدره، سنندج، انتشارات دانشگاه کردستان، ۱۳۸۰.
ارگتیو در زبان کردی، فاطمه دانش پژوه، نشر داستان، ۱۳۸۹.
واژشناسی، فرانسیس کاتامبا، جان استونهام، جلال رحیمیان، ۱۳۹۱، دانشگاه شیراز.
نگاهی به زبان، جورج یول، مترجم نسرین حیدری، سمت، تهران ۱۳۷٤.
بررسی زبان، جورج یول، مترجم علی بهرامی، ۱۳۹٥.
زبانشناسی و دستور زبان کردی لهجه سقزی، مصطفی کاوه، احسان، ۱۳۸٤.
آواشناسی و آکوستیک و شنیداری، کیث جانسون، ترجمه زهرا محمودزاده، رحیمه روحپرور، ایرانداک، تهران ۱۳٥۷.
آواشناسی بررسی علمی گفتار، گلناز مدرسی قوامی، سمت ۱۳۹۸.
دستور زبان کردی کرمانجی، ژویس بلو، ویسی باراک، ترجمه علی بلخکانلو، ۱۳۸۷.
دستور زبان کرمانجی، افراسیاب شکفته، ۱۳۸۹.
دستور زبان لکی، امین دادستان، تارنمای پالایش زبان پارس
راهنمای زبان پارتی، حسن رضایی باغ بیدی، تهران ققنوس ۱۳۸٥.
تاریخچه واجهای ایرانی، بارتولومه کریستین، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، تهران ۱۳۸٤.
واج‌شناسی تاریخی زبان فارسی، مهری باقری، نشر قطره ۱۳۸۰